# مرۆڤێک لەئیرادە
# مرۆڤێک لەگڕکان

**پەیامی گیانبازێکی ئازادی**

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی
هەفتەنامەی رۆژی وڵات

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

**ناوی پەرتووک:** مرۆڤێک لەئیرادە .. مرۆڤێک لەگڕکان
**بابەت:** پەیامی گیانبازێکی ئازادی
**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی چاپی یەکەم:** هەفتەنامەی رۆژی وڵات
**ئامادەکردنەوەی بۆ چاپی دووەم:** کۆمیتەی خانەوادەی شەهیدانPKK لە باشووری کوردستان
**دیزایین:** کۆمیتەی خانەوادەی شەهیدان
**نۆرەی چاپ:** چاپی یەکەم -شوباتی ٢٠٠٦
چاپی دووەم – شوباتی 2022
تیراژ:

لە بڵاوکاروەکانی کۆمیتەی خانەوادەی شەهیدانیPKK لە باشووری کوردستان
هەموو مافێک پارێزراوە

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

# ناوەڕۆک


پێشەکی چاپی دووەم.......................................................................٩
دەستپێک ........................................................................................ ١١
پووختەیەک لە ژیاننامەی شەهیدی سەرکردە " ڤیان جاف"..................... ١٣
خەونی منداڵێکی کورد بە ئیمرالیەوە................................................... ٢٣
شۆڕشی زیهنی لە باشوور و ئێراقدا چاوگی وەرچەرخانی دیموکراسی و
کۆمەڵگایەکی ئازادە........................................................................... ٢٩
تەنها گۆڕینی یاسای "غسل العار "نابێتە ڕێگر لەبەردەم تیرۆری ژنان...... ٣٥
ڤیان کارۆخ: پێویستە ژنان لە لایەنی ڕێکخستنییەوە یەکێتی خۆیان پتەو
بکەن............................................................................................... ٤١
ڤیان جاف: ئەگەر لەنێو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکاندا هێزی ژنی تێدا نەبێت
ئەوا چارەسەرکردنی کێشەکانیش مەحاڵ دەبێت.................................... ٤٩
لەدوای پیلانگێڕی "١٥"ی شوباتەوە پارتیمان (PKK) و تێکۆشینی ئازادی
ژن ڕووبەڕووی هێرشێکی گەورەی دەرەوە و ناوخۆ بووەوە.................. ٥٩
گەردوون تایبەتمەندیی مێیینەی هەیە و کۆمەڵگاش لەسەر ئەو بنەمایە
دامەزراوە........................................................................................ ٦٩

دوا نامە لەپێناو ئازادیدا ........................................................ ٨٥
بۆ هەموو هەڤاڵانی هێژا:........................................................................ ٨٩
بۆ بەڕێوەبەرایەتی و شەڕڤانانی هەرێمی هەفتانین........................................ ٩٣
لەشەخسی هێزیYJA-STAR ی هەفتانیندا بۆ تەواوی هێزەکانی-YJA
STAR ................................................................................................ ٩٩
بۆ رۆشنایی شەوەزەنگەکان "سەرۆک ئاپۆ" ................................................١٠٩
بۆ هەموو گەلی کوردی نیشتمانپەروەر و بەرخۆدانڤان........................................١١٣
بۆ گەلی کورد لە باکووری کوردستان ........................................................١١٩
بۆ گەلی کورد لە باشووری کوردستان.........................................................١٢١
بۆ بنەماڵەی خۆشەویستم.......................................................................١٢٧
هەندێک لەو پەیامانەی بۆ شەهید ڤیان نووسراون ............................................١٣١
سەبارەت بە گیانبازییەکەی شەهیدی پێشەنگ ڤیان جاف.................................١٣٣
چالاکی شەهیدی سەرکردە "ڤیان جاف "لوتکەی گیانبازی و
بەرپەرچدانەوەیەکی کرداری و ئایدیۆلۆژیانەی دووژمنانە ..................................١٣٧
بۆ بنەماڵەی بەڕێز و هێژا " لەیلا والی حسێن" ..............................................١٤١
بڵێسەی رۆح بەدەلی ئازادی مەزنە هەزاران هەزار سڵاو لەگیانی فریشتە
ئاسای هەڤاڵ "ڤیان"..........................................................................١٤٧
ئاگر ئەمڕۆ خۆی خاوێن دەکاتەوە، بەپاکیی جەستەی بانگی خۆری کرد
و گووتی: بەڵێ! ...............................................................................١٤٩
بەناوی ئەو هاوڕێیەتییەی کە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە .......................................١٥٣

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

رۆحە پاکەکان هەرگیز نامرن........................................................... ١٥٧
چەپکێک لە هەڵسەنگاندنەکانی شەهید دیار غەریب بۆ شەهید ڤیان جاف ١٦٣
هەڤاڵ ڤیان بەشداربوونێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ ریزەکانی بزووتنەوەی
ئازادی هەبوو.......................................................................... ١٦٥
ڤیان چالاکییەکی بەردەوام بوو بۆ گێڕانەوەی بەهاکانی ژیان............. ١٦٩
شەهید ڤیان سیمبۆڵی ئازادی و راچڵەکاندنی باشووری کوردستان ... ١٧٧
لەیادی ژنە شۆڕشگێڕ (هەڤاڵ ڤیان)دا..................................................... ١٨٣
چەند وتارێک سەبارەت بە گیانبازییەکەی شەهیدی پێشەنگ ڤیان جاف. ١٩١
کرماشان قەت لەبیرت ناکات................................................................ ١٩٣
باهەستەکانی شەهید "ڤیان" نموونەی ژیانمان بێت................................ ١٩٥
ئایا ببین یان نەبین؟" من هەم یان ؟ ئەمەیە کێشەکە" ........................ ١٩٩
شەهید ڤیان بانگمان دەکا لەئازادی بفکرین!........................................... ٢٠٥
ڤیانی ژن و گەریلا و فەرماندە.............................................................. ٢٠٩
کچە فریادڕەس ـ ١ ـ پەیامێک بۆ ١٥ ی شوبات.................................... ٢١١
کچە فریادڕەس ـ ٢ ـ (١٥) ی شوبات ئەهریمەنەکان سزا دەدەم......... ٢١٥
چەپکێک لە هۆنراوە بۆ گیانبازێکی ئازادیی ............................................ ٢١٩
سڵاو........................................................................................... ٢٢١
دوو گوزارەی بچووک بۆ گیانبازێکی مەزن ........................................... ٢٢٣
بیرەوەری....................................................................................... ٢٢٧
کەڕنەڤاڵی لەیلا والی حوسێن............................................................ ٢٢٩

جەستەیەک لە گڕ ........ ٢٣٥
بۆ ئاشقانی تیشکی خۆر ........ ٢٣٧
بۆ شەهید ڤیان جاف ........ ٢٤١
تۆ بورکانێک بووی ........ ٢٤٣
تۆ عاشق بووی پێشکەشە بەفەرماندە و ژن و مرۆڤ هەڤاڵ(ڤیان) .... ٢٤٥
سووتانی ئەفسانەیەک ........ ٢٤٧
تیشـــکی ژیـــان ........ ٢٤٩
چەپکێک لە وێنەکانی شەهید ڤیان ........ ٢٥١

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

# پێشەکی چاپی دووەم

لە ٢٣مین ساڵیادی پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ و ١٦مین ساڵیادی چالاکییە گیانبازییەکەی هەڤاڵی پێشەنگمان هەڤاڵ ڤیان کارۆخ(ڤیان جاف، ڤیان سۆران)دا وەک کۆمیتەی خانەوادەی شەهیدانیPKK لە باشووری کوردستان، بە پێویستمان زانی وەک یادەوەرییەک و دیکۆمێنتێک ئەم پەرتووکە سەرلەنوێ چاپ بکەینەوە، کە لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٦دا بۆ چلەی شەهید ڤیان ئامادە و چاپکرابوو. هەروەها دوای شانزە ساڵ لە یەکەم چاپیدا، پێداچوونەوە و هەڵەچنییمان بە پێویست بینی و لەمیانەی ئەم پێداچوونەوەیەدا بەگرنگمان بینی کە چەند هەڵسەنگاندنێکی بەهاداری هەڤاڵی پێشەنگمان شەهید هەڵمەت (دیار غەریب) کە لە ساڵانی رابردوودا بۆ ساڵیادە گیانبازییەکەی هەڤاڵ ڤیان کارۆخدا نووسیبوونی لەم پەرتووکەدا بڵاوبکەینەوە. هەروەها چەند هۆنراوەیەکی تریشمان زیاد کرد، کە هەر بۆ ئەم یادە نووسراون.

لە دووتوێی ئەم پەرتووکەدا پووختەیەک لە ژیاننامە و دەقی نامە مێژووییەکەی هەڤاڵی پێشەنگمان هەڤاڵ ڤیان کارۆخ لەخۆوە دەگرێت. هەروەها بەشێک لە چیرۆک و وتار و چاوپێکەوتنەکانی و دوو نامەی تایبەتی نێوان خۆی و هاوڕێیەکی مندالیی کۆکراوەتەوە. هاوکات لەگەڵ چەند هەڵسەنگاندنێکی هەڤاڵ دیار غەریبدا کۆمەڵێک پەیامی پارت و رێکخراوەکان و چەپکێک وتار و هۆنراوەش لەخۆوە دەگرێت کە

ئەوکاتە سەبارەت بە چالاکییە گیانبازییەکەی هەڤاڵ ڤیان کارۆخدا نووسراون.

لە کۆتاییدا دەبێت جەخت لەسەر ئەم راستییە بکەینەوە کە چالاکییە مێژووییەکەی هەڤاڵ ڤیان کارۆخ و ئەو نامانەی کە لەدوای چالاکییەکەیدا بەجێیهێشتوون، وەک پەیامی گیانبازێکی ئازادیی، پێشەنگێکی پەکەکە و پاژک تا رۆژی ئەمڕۆش کاریگەریی بەسەر تێکۆشانی ئازادییمان هەیە و ئیدی بۆتە مانیفێستۆیەک بۆ شۆڕشگێڕیی و کەسێتی ئازاد، رێگایەک بۆ بەرخۆدان و سەرکەوتن. لێرەوە؛ لە ١٦مین ساڵیادی چالاکییە گیانبازییەکەی پێشەنگی مەزنمان هەڤاڵ ڤیان کارۆخدا سەری رێز و نەوازش بۆ رۆحی شۆڕشگێڕانەی هەڤاڵ ڤیان و سەرجەم شەهیدانی رێگەی ئازادیی دادەنوێنین و پەیمانی پابەندبوون بە رێبازە پیرۆزەکەی و رۆحە ئاپۆییەکەی نوێدەکەینەوە و پیلانگێڕیی و پیلانگێڕانی ١٥ی شوبات بەرنەفرەت و نەعەلەت دەدەین. مسۆگەر رێبازەکەی هەڤاڵ ڤیان رێبازی شکۆمەندیی و بەرپاکردنی شۆڕشی ئازادییە، رێبازی گەیشتن بە ئازادیی و سەرکەوتنە و هەر سەردەکەوێت.

**کۆمیتەی خانەوادەی**
**شەهیدانیPKK لە باشووری کوردستان**
**کانوونی دووەمی ٢٠٢٢**

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

# دەستپێک

ئەم پەرتووکە، وەک بچووکترین وەفاداری و گوزارشتی پەیوەستبوونە بەپەیامە پیرۆزەکانی چالاکییەکەی شەهیدی هێژا و نەمر "ڤیان جاف" و سەرجەم شەهیدانی ریێگای ئازادی و سەرفرازی ژنان و گەلە ستەمدیدەکەمان. ئەوەی لەدووتوێی ئەم پەرتووکەدا هاتووە بریتییە لەپووختەیەک لەژیاننامە و چەند وتار و چاوپێکەوتن و نامەی خودی شەهید "ڤیان "، کە لەمیانەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەیدا وەک بەشێکی زۆر بچووک لەمیراسە بەهادارەکەی تێکۆشان بۆ کەسوکار و هەڤالانی و تەواوی گەلەکەمان بەجێیهێشتووە. لەگەڵ دەقی ئەو نامە بیستوچوار لاپەڕەییەی کە پێش ئەنجامدانی چالاکییەکەی نووسیویەتی. هەروەها ئەو پەیامانەش لەخۆدەگرێت کە لەمەراسیمی پێشوازی لەتەرمی شەهید و بەخاکسپاردنی لەمەزارگەی شەهیدان لە سلێمانی لە ٢٠٠٦/٢/٥ دا خوێندرانەوە. وێڕای ئەمەش بەگرنگمان بینی کە لەناواخنی ئەم پەرتووکەدا هەندێک لەو وتار و شیعرانەش لەخۆوە بگرێت کەوەک هەستێکی هەڤاڵبەندی و هاوسۆزی لەکاتی مەراسیمەکەدا، یان لەماوەی ٢٥ رۆژدا لەسێ ژمارەی هەفتەنامەی "رۆژی وڵات " و ماڵپەری(www.rojhilat.org) دا بڵاوکراونەتەوە. هەڵبەتە ئەوەی لەم پەرتووکەدا هاتووە سەرجەم نووسین و ریپۆرتاژەکانی شەهید "ڤیان جاف" نین، بەڵام وەک ئامادەکردنی دیارییەکی بچووک بۆ مەراسیمی چلەی شەهید دەرفەتی کۆکردنەوەی هەموو نامە و نووسین و وتار و هەموو ئەو

ریپۆرتاژانەی لەگەڵیدا کراوە، نەڕەخسا. مسۆگەر هەم کەسێتی سەرکردەی مەزن " ڤیان جاف" و چالاکییەکە پڕ بەواتایەکەی و نامە شاکارەکەی کە بەر لەئەنجامدانی چالاکییەکەی لە ٢٤ لاپەڕەدا نووسیویەتی، دەبێتە ئیلهامی چەندین شیعر و چیرۆک و وتار و لێتۆژینەوەی زیاتر. لەهەمانکاتدا بۆ کەسوکار و هەڤاڵانی و شۆڕشگێڕانی هاوڕێبازەکەیشی دەبێتە سەرچاوەی باوەڕی مۆڕاڵ و ئیرادە و وزە و هێز و بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکی لەپێناو ئازادی و دیموکراسی و چارەسەری دیموکراتیانەی کێشە رەواکەی گەلەکەمان لەهەموو خۆرهەڵاتی ناویندا.

لەو باوەڕەداین بۆ ئازادیخوازان بەگشتی و بۆ ژنانی تێکۆشەریش بەتایبەتی، تەنانەت بۆ هەموو ئەوانەش کە بەدوای ئازادیدا دەگەڕێن و لەپێناویدا تێدەکۆشن دیکۆمێنتێکی گرنگ و مانیفێستۆیەکی ورەبەخشە، کە چۆن مرۆڤێک لەپێناو ئازادی و پاراستنی بەها پیرۆزەکاندا دەبێتە ئیرادەیەکی ئازاد و وەک گڕکانێک رووبەڕووی سەرجەم ستەم و نارەواییەکان دەبێتەوە.

**هەفتەنامەی "رۆژی وڵات"**

**کەرکوک/ ٢٠٠٦/٢/٢٥**

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## پووختەیەک

## لە ژیاننامەی شەهیدی سەرکردە " ڤیان جاف"

سەرکردەی شەهید "لەیلا والی حوسێن" ناسراو بەهەڤاڵ "ڤیان جاف"و" ڤیان کارۆخ" و "ڤیان سۆران" لەساڵی ١٩٨١ لەشاری سلێمانی چاوی بەژیان هەڵهێناوە، هەر لەم شارەدا قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی خوێندووە و یەکێک بووە لەخوێندکارە دیار و هەڵکەوتووەکانی قوتابخانە و هەمیشە نموونە بووە بۆ هاوڕێکانی. شەهیدی نەمر هەر لەمنداڵییەوە دەرکی بەزوڵم و ستەمی سیستەمی کۆمەڵایەتی کردووە و پێی پەسندنەکراوە، هەربۆیە هەمیشە رووبەڕووی ئەو ئەقڵییەتە کۆنە بۆتەوە کە ژنی کۆتگیر و بێئیرادە کردووە.

لەئاکامدا هەرچەندە یەکێک بووە لەخوێندکارە هەرە زیرەک و زرنگەکان و هەموو ساڵ لە یەکەمینەکان بووە، بەڵام خوێندن ناتوانێت پەی بە خەیاڵ و خەونە ئازادیبەخشەکانی ببات، ئیدی لەمیانەی لێگەڕینە قووڵەکانی بۆ ترووسکاییەکانی ئازادی تێکۆشەرانی نێو بزاڤی ئازادیخوازی گەلەکەمان بە رێبەرایەتی "PKK" لەبەهاری ساڵی ١٩٩٧دا دەستبەرداری خوێندن دەبێت و بەشداری لەشۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەیی بەرێبەرایەتی ("PKK") کرد و لەماوەیەکی زۆر کورتدا لەمیانەی پەروەردە و خۆپەروەردەکردندا بەشێوەیەکی زانستی دەرک بەراستینەی کۆمەڵگا و کەسێتی ژن دەکات و وزە و توانستی شاراوەی زیاتر دەردەکەوێتەڕوو و بەجۆش و خرۆشێکی مەزنەوە بەشداری پەروەردە و ژیان و چالاکییەکانی

ژیانی شۆڕشگێڕی دەبێت. هەر لەسەر داخوازی و پێداگری خۆی گۆڕەپانی شەڕ وەک یەکەمین بەشداری شۆڕشگێڕانە هەڵدەبژێرێت و تەڤلی ریزەکانی گەریلایی دەبێت و بەشداری چالاکانە لەچەندین چالاکی گەریلاییدا دەکات.

هەر بەهۆی زرنگی و لێهاتووییەوە لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٧دا لەلایەن هەڤاڵانییەوە دەپاڵێورێت بۆ بینینی پەروەردە لەگۆڕەپانی سەرۆکایەتی، بەڵام بەهۆی بارودۆخی دژواری ئەوکاتە ئەو دەرفەتەی بۆ نارەخسێت و ئیدی بینین و پەروەردەی رێبەر ئاپۆی لێدەبێتە یەکێک لەحەسرەتە هەرە مەزنەکانی و لەدوا نامەکەی خۆیدا گوزارشت لەو حەسرەتە بەئازارەی خۆی دەکات. لەساڵی ١٩٩٨ دا بەشداری کۆنفڕانسی باشووری کوردستان دەبێت. دواتر وەک کادیرێکی لێهاتوو بەشداری لە"کۆنفڕانسی رۆژهەڵاتی ناوین ـ ساڵی ٢٠٠٠" لەکوێستانەکانی "دۆڵا کۆکێ"دا دەکات و بە ڕا و بۆچوونە ورد و قووڵەکانییەوە کۆنفڕانسەکە بەپێز و بەرهەمدارتر دەکات. هەر لەدوای ئەم کۆنفڕانسەدا بەشداری لەخەباتی رێکخستنی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکات و هەر زوو دەچێتە دڵی خەڵکی ئەم پارچەیەی کوردستانەوە. هەر لەو قۆناخەدا لەپێناو بەگوڕکردن و برەودان بەتێکۆشانی ئازادی لە باشووری کوردستاندا رۆڵێکی مێژوویی و گرنگی بینی لەو تێکۆشانەدا و وەک ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری "بزاڤی چارەسەری دیموکراتی" و پاشانیش لەیەکەمین کۆنگرەی "پ. چ. د. ک" لەساڵی ٢٠٠٢دا وەک ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی و مەکتەبی سیاسی خاوەن رۆڵێکی بەرچاو بوو لەپێشخستنی خەباتی رێکخستنی و راگەیاندنی و بوارەکانی دیکەی تێکۆشانی "پ. چ. د. ک". هەر

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

لەو ساڵەدا لەچوارەمین کۆنگرەی بزاڤی ژناندا دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی پارتی ژنی ئازاد (PJA) و ڕۆڵێکی کاریگەری لەتێکۆشانی تەڤگەری ئازادی ژندا دەگێڕێت و ئەوکاتە بەزوویی تایبەتمەندییەکانی سەرکردەیی و ملیتانبوونی لەکەسێتیدا دەرکەوتووە.

هەروەها وەک نووسەرێکی بەتواناش سەبارەت بەکێشە و ئازادییەکانی ژنانی کورد و مەسەلە هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی نووسیوە و لەژێر ڕێنمایی ڕێبەر ئاپۆدا کە "شۆڕشی باشوور شۆڕشی ژنە" وەک بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی ڕۆڵی سەرکردایەتی ژنانی لە باشوور دەگێڕا. لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵێکی بەکاریگەری لەدامەزراندنی "تەڤگەری ئازادیخوازی ژنانی کوردستان TJAK"دا بینی و بەجددی تێکۆشانی کرد، هەروەها بەتایبەتمەندێتی کەسێتی پێشەنگبوونەوە ئەوەی تێیدەگەیشت لەپراکتیکیشدا بەرجەستەی دەکرد، نموونەی کچە کوردێکی ئازا و بەجورئەت و ویژدانێکی نەسرەوتوو بوو، بەهەڵوێستی رادیکاڵانە و چاونەترسانە لەبەرامبەر سەرجەم ئەو زوڵم و ستەمەی لەژنی کورد بەتایبەتی و تەواوی گەلی کوردستان بەگشتی دەکرا هەڵوێستی خۆی دەردەبڕی و ڕووبەڕووی دەبۆوە، بەهەست و ڕۆح و هزری خۆی لەگەڵ ئازارە مەزنەکانی ژنان و گەلەکەیدا دەژیا و لەپێناوی ئازادی و سەرفرازی و یەکسانی لەنێو تێکۆشانێکی بێوچاندا بوو. وەک کچە کوردێکی ژیر و زیرەک بەوردبینی لەڕووداوەکانی دەڕوانی و هەڵوێستی وەردەگرت. هەر بەهۆی لێهاتوویی

خۆیەوە بەبەرپرسیارێتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ رووداو و پێشهاتەکاندا دەکرد.

لەساڵی ٢٠٠٣دا وەک ئەندامێکی دەستەی گشتی بەشداری لەدامەزراندنی "کۆنگرەی گەل"دا کرد و لەدەستەی بەڕێوەبەرایەتیدا ئەرکی خۆی بەجێگەیاند و لەکۆمیتەی کاروباری ژناندا بەبەرپرسیارێتی رێکخستنی و هۆشیارییەکی مەزنەوە لەگەڵ ئەو رووداو و کێشانە هەڵسوکەوتی دەکرد، بەتایبەتی ئەو کێشە ناوخۆییانەی بزاڤی ئازادی لەوکاتەدا تێیدا دەژیا، لەدژی هەموو هەوڵە تەسلیمکاری و تێکدەرانەکاندا لەنێو تێکۆشان و خەباتدا بوو.

هەروەها لەسەر داخوازی هەڤاڵان وەک ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی(“PKK”) دا رۆڵی بەکاریگەری لەدامەزراندنی(“PKK”) ی نوێدا گێڕا و وەک ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کار و خەباتی ئایدیۆلۆژیانەی خۆی برەو پێدا، دواتر لەگەڵ هاتنەوە ئارای رەوشی شەڕ و پێکدادان، لەسەربنەمای پێشنیار و پێداگری خۆی چووە ریزەکانی "هێزی پاراستنی گەل (HPG) "و وەک فەرماندەیەکی یەکینەکانی ژنی ئازاد (YJA–STAR) دا لەناوچەی "هەفتانین"ی بادیناندا بە بەرپرسیارێتییەکی مەزنەوە لەبەرامبەر قۆناخی هەستیار و چارەنووسسازی گەلەکەمان تێکۆشانی جددی بەڕێوەدەبرد و لەرووی رۆحی و هزری و ویژدانییەوە لەنێو خۆ ئامادەکردنێکی مەزندا بوو بۆ وەڵامدانەوەی ئەرکە مێژووییەکان و سەرجەم هێرش و

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

شالاوەکانی دوژمنان و داگیرکاران. هەمیشە لەروانگەی باوەڕی و ئیرادەیەکی مەزنەوە سەیری کێشەکان و رووداوەکانی دەکرد و هیچ کاتێک نەبوو بڵێ :" نابێ و هەرگیز ناکرێ"، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشە دەیگووت :"بۆ گەیشتن بەئامانجە مەزنەکان پێویستە رەنجێکی مەزنیش بدرێت، شتێک نییە ناوی موستەحیل بێت لەبەردەم شۆڕشگێڕدا". هەروەک لەنامەکەیدا نووسیویەتی:" رۆژێک بەرامبەر هیچ زۆری و زەحمەتییەکی شۆڕش دوودڵی و بێ مۆراڵی و بێ باوەڕیم ژیان نەکرد."

تادەهات شەهیدی سەرکردە لەڕووی فیکری و ئایدیۆلۆژی و سیاسی و لەبواری کرداریدا قووڵتر دەبۆوە و ئەزموونی مەزنی دەئافراند و بەجۆش و رامانێکی قووڵەوە بەرگرینامەکانی رێبەر ئاپۆی دەخوێندەوە و شیدەکردنەوە. هەروەک هەر لەسەرەتاوە نەیتوانی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ پەسند بکات و وەک قەدەرێک ببینێت، بەهەمان شێوە لەهەوڵ و تێکۆشاندا بوو کە چۆن بتوانێت وەک ئاپۆچییەک و ملیتانێکی سەردەم بەشداری لەشەرمەزارکردن و پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلانگێڕییە نەگریسەدا بکات. بۆیە هەروەک خۆی دەڵێت: لەساڵی ١٩٩٩دا بڕیاری دابوو بۆ چرکەیەکیش لەهزری سەرۆک ئاپۆدا دوور نەبێت و رۆژانە بەئەشق و ئەڤینێکی مەزنەوە لەهەوڵی پێکهێنانی ئەرکە مێژووییەکاندا بوو. کاتێک دەیبینی رۆژبەڕۆژ پیلانگێڕی لەبەرامبەر رێبەر و گەلدا قووڵتر و زیاتر دەبێت، شەهید "ڤیان"ی سەرکردەش رۆژبەڕۆژ باوەڕی و ئیرادە و ئومێدی بەئازادی و

سەرفرازی زیاتر دەبوو و بەهەمان بەرپرسیارێتییەوە رووبەرووی پیلانگێڕییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەبۆوە.

هەروەک خۆی لەنامەکەیدا دەڵێت:" هەرگیز نەمدەتوانی هەشتەمین ساڵوەگەڕی پیلانگێڕی ١٥ی شوبات داقورتێنم و قبوڵ بکەم، بۆیە پێویست بوو وەک بورکانێک رووبەڕووی سیاسەت و پیلانگێڕییەکانی دوژمنانی ئازادی ژن و گەلی کوردستان ببمەوە."

لەروانگەی "بێ سەرۆکایەتی و بێ ئازادی هەرگیز ژیان نابێت" تادەهات هزر و هەست و رۆحی خۆی بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکی مێژوویی مەزن ئامادەدەکرد. تا لەشەوی ٢/١ی مانگی شوباتی 2006دا لەناوچەی هەفتانین لەژێر دروشمی"سەرلەنوێ واتادایین بەگوتەکانمان" گڕی لەجەستەی پیرۆزی خۆی بەردا و بەم چالاکییە گیانبازییەی خۆی ئەشق و ئەڤینی خۆی بۆ ئازادی و ژیانێکی بەکەرامەت و پەیوەستبوونی بە رێبەر ئاپۆ و ئامانجە پیرۆزەکانی ژنانی کورد و تەواوی گەلی کوردستان سەلماند.

شەهید "ڤیان"ی سەرکردە بەم چالاکییە گیانبازییە، پیرۆزترین پەیام و رێنمایی خۆی پێشکەش بەهەڤاڵان و ژنان و گەلەکەی خۆی و مرۆڤایەتی کرد و وەڵامێکی سەرسەختی سەرجەم پیلانگێڕییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دایەوە.

ئیدی "ڤیان"ی سەرکردە و ملیتان بەم چالاکییە خۆی گەیاندە ئاستی سەرکردەیەکی ژنی ئازاد و گەلەکەی؛ وەک خۆی دەڵێت:"

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

دەمەوێت ببمە کچێکی باش و بەکەرامەتی گەلەکەم" و بوو بە بەرجەستەکاری بەها ئازادیخوازەکانی باشووری وڵات، ئیدی ژنانی باشووری لەبێ سەرکردەیی رزگارکرد و پەیامی مەزنی پێبەخشین و لەبەرامبەر سەرجەم زوڵم و ستەمی کۆنەپەرستان و دوژمناندا ورە و باوەڕی و هیوایەکی مەزنی بەژنانی ئازادیخواز و گەلی ستەمدیدەی کورد بەخشی.

ئێمەش وەک هەڤاڵ و هاوڕێبازی شەهیدی سەرکردە لەسەر بنەمای رێنمایی و پەیامە پیرۆزەکانی شەهید "ڤیان" و سەرجەم شەهیدان و ئازادیخوازانی گەل تێکۆشانی ئازادیخوازانەمان بەگوڕتر و مەزنتر دەکەین و پەیوەست دەبین بەرێبازی ئەو شەهیدە مەزنانەی گەلەکەمان.

- سڵاو لەگیانی پیرۆز و بێگەردی شەهیدی سەرکردەمان هەڤاڵ "ڤیان جاف" و سەرجەم شەهیدانی رێگای ئازادی ژن و گەلی کوردستان.

- بژی رێبازی ئازادیخواز شەهید "ڤیان جاف"

- نەفرەت لەهەموو هێزە کۆنەپەرست و تەسلیمکار و پیلانگێڕەکانی سەر رووی زەمین

**هاوڕێبازانی شەهید**

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:  www.hewalname.com/ku

# هەندێک لە نووسینەکانی شەهید ڤیان

# بە ناوی (ڤیان کارۆخ و ڤیان جاف)

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

خەونی منداڵێکی کورد بە ئیمرالیەوە

**کورتە چیرۆک**
**ڤیان کارۆخ**

شەوێک لەشەوانی مانگی تەمموز بوو دونیا کش و مات، جریوەی ئەستێرەکان و تریفەی مانگە شەو و هاژەی چەمەکان لەپانتایی کوێستانەکاندا دەنگ و ڕەنگیان دەدایەوە. وەک هەموو ساتە وەختەکانی ژیان دوای خواردنی نانی ئێوارە و بەسەربردنی ساتە پڕ لەهەست و سۆزەکان لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و براکانمدا وەک هەموو جارێک گێڕانەوەی بەسەرهات و یادگارەکانمان بەجوانی سروشتی بەهار و دەرکەوتنمان بۆ سەر چیا لەگەڵ چەند شوانێکی تری کوێستانەکەماندا بوو، لەم مقۆمقۆ و دەمەتەقێیەدا وەنەوزم دەدا، چوومە سەر جێگاکەم و شەو باشم لەدایک و باوکم کرد. دوای ئەوەی چاوم لێکنا و کەوتمە خەوێکی خۆش هەستم بەدیمەنێکی یەکجار نامۆ و سەرسوڕهێنەر کرد. دونیایەکی جیاواز و بەهەیبەت بوو، بەڵام زۆر دوور بوو لەراستییەکانی ژیانی من... چونکە ژیانی من ژیانی منداڵێکی کوردە و لەناو خێزانێکی هەژار و کۆچبەری کوێستانەکانی کوردستان دایە و لەزۆر شت بێبەریم و گەلێک جار تەنیایی دەبێتە ژیانم. بەڵام ئەو شەوە لەخەوێکی یەکجار بێئاماندا بووم، دەمبینی بەهەزاران کەس ڕوویان لەکوێستانەکەمان دەکرد، مرۆڤ بەبینینی ئەم دیمەنە و گەورەییان سەرسام دەبوو. منیش لەو کاتەدا لەسەر تاشە

بەردێک بووم و گۆچانەکەم لەدەستدا یەکسەر و بەخێرایی بەرخەکانم بەدەوری خۆمدا کۆدەکردەوە و سەرنجی ئەوانم دەدا... ئەوانیش یاوە یاوە بەرەو ماڵی ئێمە دەهاتن، پاشان لەبەر ماڵی ئێمەدا لەنگەریان گرت. ژنێکی جوانی بەتەمەن لەناویاندا وەک ڕێبەر دەرکەوتە پێشمان و بەرەو رووم هات، چەپکێ گوڵی جوانی رەنگاوڕەنگی سەوز و سور و زەردی بەدەستەوە بوو. کە گەیشتە لای من زۆر سڵاوێکی دڵسۆزانەی لێکردم، منیش بەسەرسوڕمانییەوە وەڵامم دایەوە و کەوتمە پرسیارکردن و پێم ووت: فەرموو دایە بەڕێزت کێیت و لەکوێوە هاتوویت؟ دەتەوێت چی بکەیت؟ دایە لەوەڵامدا ووتی: من ژنێکی جەرگ سووتاوی کوردم و نوێنەری گەلێکی بێ ناسنامەم کەبەری خۆری لێگیراوە و ئاسمانی وڵاتی داگیرکراوە. ئەو کەسانەی کە تۆ دەیانبینی هەریەکەیان لەپارچەیەکی کوردستانەوە هاتوون. ئێمە دەزانین کە خۆری ئێمەیان خستۆتە زیندانێک بەناوی زیندانی ئیمرالی... بەدەست ئەو واشانەی کە لەهەڵهاتنی خۆر دەترسان، ئەو خۆرەی کە ببووە رووناکی چاوی مرۆڤایەتی و چینی بندەست و جوتیاران و هەژاران. هەربۆیە رزگارکردنی ئەم خۆرە تەنیا بەدەستی ئێمە دەبێت، ئەگینا هەڵهاتنی مەحاڵە. ئامانجی هاتنی ئێمەیش بۆ ئێرە خۆگەیاندنە بەو دورگەیەی خۆری ژیانمانی تێدا گیراوە. ئێستاش دەمەوێت پێت رابگەیەنم کە ئێمە تۆی دەروون پاک و هەست ناسک و جوان و بێگەرد بخەینە سەر ئەو رێگە پیرۆزە تاوەکو دەنگی بەئێش و ئازارمان بگەیەنینە زیندانی ئیمرالی و بەیەکەوە موژدەی سەرکەوتن بەدەست بهێنین.

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

بەبیستنی ئەم ووتە بەنرخانە هەستم بەزیندووبوونەوە و گەشانەوەی هیوا و باوەڕیم کرد. چونکە هەتا ئەو کاتەیش خۆم بەبێ کەس و مرۆڤێکی بێ نرخ دەزانی، لەبەر ئەوەش بەجۆشێکی زۆر مەزنەوە پرسیم ئەی ئەو گوڵە بۆچییە؟ دایەش بەزەردەخەنەیەکی بێگەردەوە وەڵامی دامەوە و ووتی: کوڕی شیرینم ئەمە گوڵی بەهاری کوردستانە و گوڵێکە سەرچاوەی خۆی لەنێوان شیشەکانی زیندانی ئیمرالیەوە وەردەگرێت و بەخوێنی شەهیدان و فرمێسکی چاوی دایکان ئاو دراوە و لەسەر خاکی پڕ لەزێڕ و بەرەکەتی کوردستان رووێنراوە. بۆیە ژیانی ئەم گوڵە بەبێ خۆری ئازادی نابێت. داواکاری من لەتۆی رێبواری سەر رێگای ئیمرالی ئەوەیە کە ئەم چەپکە گوڵەش لەگەڵ خۆت بەدیاری ببەیت، بەوەرگرتنی ئەو چەپکە گوڵە هەموو گیانم دەلەرزی و هەردووچاوم وەک دەریایەکی قەتیس ماو ئەشکی خوێناوی لێدەباری و لەهەمانکاتدا زەردەخەنەی شادی و کامەرانیش سیمامی داپۆشی و هەموو ئەندامەکانی لەشم بوون بەنمەی بارانی لەشم و لێوەکانم وشک هەڵگەڕان. هەرلەگەڵ گرتنی چەپکە گوڵەکە دیمەنێکی زۆر سەیر لەبەرچاوم روویدا، کاتێ لەدەوروبەری خۆم نۆڕی هیچ کەسێکم نەبینی، نە دایەپیرە و نەئەو خەڵکەی کۆببوونەوە، نە بەرخەکانم و نە ئەو کوێستانەی کەتێیدا ژیانم دەکرد. تەنیا ئەو چەپکە گوڵەی کە لەدەستم دایە و ئەو رێگەی لەبەردەممدا هەمووی بەمەشخەڵ روون کراوەتەوە، دەبینم.

بەم دیمەنەیش واقم وڕما و چەند ساتێک بەبێ دەنگی لەجێی خۆم راوەستام، نەمدەتوانی هەنگاوی دوای خۆم هەڵهێنم. چەند خولەکێک بەم شێوەیە دامام، پاشان جارێکی دی تەماشای

چەپکە گوڵەکەی دەستم کرد، وەک چۆن چاوەڕوانی تەنگی پێهەڵچنیم و چاوەڕوانی فەرمانێک بم بۆ بەڕێکەوتنم. لەو کاتەدا سروشت بەگوێمدا چرپاندی و ووتی: رامەوەستە کوڕی شیرینم، ئەوە ئەو رێگایەیە کەتۆ بەدوایدا وێڵی. زوو بەڕێ بکەوە تاوەکو ئاگری مەشخەڵەکان ئاگریان دانەمرکاوەتەوە. ئیدی سەری خۆم بڵند کرد و هێور هێور بەهۆش و بیر و وریاییەوە بەبێدەنگی هەنگاوم دەناو لەدەوروبەری خۆم دەڕوانی، بەهەردوو دەستم چەپکە گوڵەکەم تووند گرتبوو، بۆئەوەی بتوانم زۆر بەنهێنی و سەرکەوتووانە بگەمە جێگای مەبەست. بەڵام لەو کاتەدا سامێکی زۆر دڵی داگرتم، چونکە لەگەڵ هەڵهێنانی هەر هەنگاوێکمدا دەرگایەک هەبوو لەبەر هەر دەرگایەکیشدا چاودێرێکی بەرووخسار مرۆڤ و بەگەوهەر دڕندەم دەبینی، هەتا بڵێیت لەدیمەندا زل و رەش و قەڵەو بوون، چەکیشیان لەدەستدا بوو. دیمەنی سەیرتر ئەوەبوو لەگەڵ رۆیشتنم بڵاوبوونەوەی بۆنی گوڵەکان و رووناکی چاودێرەکانی بێ هۆش دەکرد و دەکەوتن. بەمەش زۆر خۆشحاڵ دەبووم و باوەڕیم بەسەرکەوتن زیاتر دەبوو. ئیدی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە چووم تا دەرگام تێپەڕاند و گەیشتمە ئەو دەرگایە کە خۆری ژیانی تێدا بەند کرابوو. بەتاسە و تامەزرۆیەکی زۆرەوە بەهیوای سەرکەوتن دەستم دایە دەرگاکە و کردمەوە. لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا رۆشناییەکی یەکجار بە رەونەق رووی تێکردم کە نەمتوانی چاوی خۆم لەئاستی هەڵبهێنم. هەروەک بەساڵان تروسکایی بەر چاوانم نەکەوتبێ...

یاوە یاوە چاوم لەبەر رۆشناییەکە هەڵهێنا و تەماشای ئەو چاوگی رۆشناییەم کرد، بینیم ئەمە مرۆڤێکی نور بەخشی ئەشق



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

و ئازادیە، لەسەر سەری تاجێکی زێڕینی بریقەدار هەبوو، کە لەسەری نوسرابوو خۆری ئازادی. بەدیتنی ئەو تابلۆیە کەوتمە سەمای ژیان و بەخۆشبەختییەوە گێولی ژیانم بووم. لەپڕێکدا راچەنیم و ووتم ئایا ئەمە خەونە یان راستە؟ هاوکات ئەو مرۆڤە نامۆ نەبوو لەبەر چاوانم، قارەمانی سەردەم ئەو سەرۆکە بوو کە لەسەر زاری هەرکەسێک بوو، ئەو سەرۆکە بوو کە پۆلێ گەریلا وێنەکەیان پێشکەش کردم و پێیان ووتم:"ئەوە سەرۆکی نەتەوەی کورد و هەموو مرۆڤایەتییە و ناوی سەرۆک ئاپۆیە... " چوومە پێشەوە و سڵاوم لێکرد و ووتم: سڵاو ئەی ئاسمانی سوتێنراوم، سڵاو ئەی هیوا و ئاواتی منداڵانی دوا رۆژ و گەلانی بندەست.

چاوەڕوانی وەڵام بووم، زۆر پەشۆکام پاش چەند ساتێک هەردوو دەستی بۆ درێژکردم و ئامێزی خۆی بۆ کردمەوە و ووتی: وەرە ئەی لاوی خوێن شیرین تۆ کێیت و چۆن و لەکوێوە هاتوویت؟

بەزەردەخەنەیەکی شادمانیەوە پێم ووت: من نێردراوی گەلێکم کەپێی دەڵێن کورد و ناونیشانی وڵاتەکەی " وڵاتی بێ ئاسمانی کوردستانە" لەوڵاتی بێ ئاسماندا ئەگەر مانەوەی مرۆڤایەتی ژیان بێت بێ تۆ ژیان نابێ ئەی پێشەنگی ئازادی.

سەرۆکی من ووتی: "ئەی لاوی خوێن شیرین ئەوەی تۆ دەیڵێیت نکۆڵی لێناکرێت، ئەگەر خۆری ئازادی ژیان بێت ئەوا بەری خۆر بەبێژنگ ناگیرێ... مردنی من لەهەر دەڤەرێک بێت تەنیا بۆ ئازادی گەلی کورد و مرۆڤایەتیە. بەڵێن دەدەم بۆ ژیانکردن لەسەر خاکێکی ئازاد بەکەسایەتییەکی ئازادەوە بەیەکتر شاد دەبینەوە". ئیدی چەپکە گوڵەکەم پێشکەش کرد و

جارێکی تر لەئامێزی گرتم... لەو کاتەدا زەنگی کاتژمێرەکەم بەئاگای هێنامەوە، تەماشام کرد کاتژمێر٤/٣٠ دەقیقەی تاریگەوری سەر لەبەیانیە. ویستم دەرکەوم پێش ئەوەی چاودێرەکان پێم بزانن. کەدەستم دایە دەرگاکە لەناکاو دەنگی تەقینەوەیەکم بیست و راپەڕاندم، ئەوکاتە زانیم کەئەمە خەونە. بەر لەهەستانم لەخەو دیمەنێکی مژاوی و بەهەژمەت و هاتوو هاوار بەر دیدەم کەوت. لەدەوروبەری خۆم روانی لەناو خوێندا دەتلامەوە، لەلایەک دایک و باوکم لەسەرەمەرگدا بوون، لەلایەکی تریش خوشک و براکانم هاوار هاواریان بوو. مەڕ و ماڵاتەکەمان پەرش و بڵاوبوونەوە و دەنگی گریان و ناڵە ناڵەی کەساسی دراوسێکانمان و لەسەرووی ئەمانەشەوە دەنگی فڕۆکەی دوژمن بەهاوێشتنی بۆمبا، ئیدی زانیم کە بۆمباباران کراوین. بەبینینی ئەم تابلۆیانە پڕ بەدەم هاوارم کرد، ئەی ویژدانی داد و مرۆڤایەتی ئێوە لەکوێن، جارێکی تر دەنگی هەق بن پێدەکەن، ناهەقان بەخەنجەری خوێناوی هێرش دەکەنە سەر دایکی مەزنمان. بەڵێن دەدەم ئیدی لەگەڵ هزر و ئامانجی ئازادی سەرۆک ئاپۆدا ببمە یەک و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بم، بەشەڕ بێ یان بەئاشتی مافی ژیانی خۆم و گەلەکەم هەر بەدیدەهێنم ...

*رۆژی بۆردوومانکردنی یەکێک لە کوێستانەکانی رۆژهەڵات نزیک پیرانشار، کە ناسراوە بە کوێستانی " کەندەکۆڵ."

سەرچاوە:

* رۆژنامەی رۆشنایی – ژمارە ٢ – چوارشەممە ١٥ی گوڵان ٢٠٠٢

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

# شۆڕشی زیهنی لە باشوور و ئێراقدا

## چاوگی وەرچەرخانی دیموکراسی و کۆمەڵگایەکی ئازادە

**ڤیان کارۆخ**

راستییەکی بەڵگەنەویستە کە باشووری کوردستان و ئێراق بەهۆی بەپیتی خاکەکەیی و لەباری ئاو و هەوا و جوگرافیاکەیەوە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا تاجی سەروەری و پیرۆزی لەسەرناوە و بووە بەو دایکەی کە لەئامێزی خۆیدا چەندین هزر و بیر و فەلسەفە ـ ئایین ـ نەتەوە و کولتوری جیاجیای بەخێوکردووە و بەجیهاندا بڵاوی کردۆتەوە. واتە سروشتی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم خاکە بریتی بووە لە مۆزایکی نەتەوەیی و کولتووری و ژیانکردنی گەلێک فکری جیاجیا و سەنتێزی گەلێک رەنگی جیاجیا بەیەکەوە. مێژووی ئەم راستیەش دەگەڕێتەوە بۆ ١٥ هەزار ساڵ پێش ئێستا کە بەقۆناخی نیۆلۆتیک واتە شۆڕشی کشتوکاڵ و داهێنانەکانی ژنان دەست پێدەکات و بەشارستانیەتی سۆمەر و بابل و قۆناخی ئیمپراتۆریەتی کۆیلایەتی بەردەوامی پێ دەدات. تا دەرکەوتنی ئایینی ئاسمانی پیرۆز و پێشکەوتنی قۆناخی دەرەبەگایەتیش، هەر رۆڵێکی زیندووی هەبووە لەپێشکەوتنەکانی مێژوودا.

لەم روانگەیەوە ئەگەر تەماشای رەوشی ئێستای باشووری کوردستان و ئێراق بکەین دەبینین بەتەواوی لەگەڵ ئەم پێناسە مێژووییەدا ناکۆکە، چونکە گەلی کورد و گەلانی ئێراق بەگشتی

وەکو هەموو گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەقۆناخی سیستەمی زنجیرەی مێژوودا تێنەپەڕیوون. لەکاتێکدا کە ڕۆژئاوا کۆپیەی شارستانیەتی لەو شارستانیەتەوە کرد واتە ڕۆژهەڵاتی ناوینی لەبەرامبەر تارماییەکانی چەرخی ناویندا شۆڕشێکی نوێ و ڕێنسانسێکی ئاواکرد، ئەم گەلانەش لەنێو بەرخۆدانیەکدا بوون بۆ پاراستنی پێوان و خەسڵەتە بنبەستبووەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی کە لەژێر ناوی دین و کولتووری ڕەسەنێتیدا کە بەپیرۆزیان دەزانی سەرەتای بێهۆشکردنی فکر و ڕەشبینی و پەیوەست بەچارەنووسەوە لەنێو کۆمەڵدا و، مێژووی خۆ دووبارەکردنەوە و بێچارەیی کە هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوام دەستپێکرد. دوابەدوای ئەمەش لەسەدەی ١٨ و ١٩ دا کە سەدەی هەڵپەی ڕۆژئاوایە بۆ پێشخستنی سەرمایە و بەدەستخستنی کەرەستەی خاو ئیدی ئینگلیز چاوی خۆی بڕیبووە بیرە نەوتەکانی ئێراق و کوردستان کە ناوکی ڕۆژهەڵاتی ناوینە و دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهان و دابەشبوونی میراسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دەوڵەتی ئێراق بەدەستی ئینگلیز سازکرا و لەئەنجامی پارچەکردنی کوردستانیش باشووری کوردستان بەم دەوڵەتەوە لکێنرا. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم قەوارە سیاسیەی کە دایانمەزراند بێ ئەوەی تایبەتمەندی کولتوری و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی ئەم گەلانە لەبەرچاو بگیرێت دەسەڵاتێکی سیاسی لەسەر بنچینەی زیهنیەتێکی ڕەهای نەتەوەپەرستی عەرەبی سوننی مەزهەب دامەزرێنرا و ئیدی دەوڵەت لەسەربنەمای تێکشکاندنی ئیرادەی گەل و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و ڕەگەزی ژنان و نەتەوەی دی درێژەی بەتەمەنی خۆی دەدات و دەرفەتی

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

هەناسەدانێکی ئازاد و دیموکراسی بۆ هیچ بیروبۆچونێکی گەل و کۆمەڵگا نەهێشتۆتەوە.

بێگومان لەبەرئەوەی گەلی کورد و گەلانی تری ئێراق بە عەرەب و تورکمان و ئاسوری و سریانییەوە خاوەنی رەگ و ریشەیەکی پتەون و لەناخی مێژوودا شاراوەن، بەبەردەوامی لەنێو بەرخۆدانیەکدا بوونە و خۆبەدەستەوەدانیان پەسەند نەکردووە و، بەمەش مێژوویەکی پڕ لەبەرخۆدانی و خوێناویان تۆمار کرد. وەلێ کاتێک لەشێوازی تێکۆشین و ستراتیژی چارەسەری هەریەک لەبزوتنەوە و یاخیبوونەکانی گەلی کورد و عەرەبیش بکۆڵینەوە دەبینین بەچەکی خودی سیستەمی دەسەڵاتدار کە زیهنیەتی نەتەوەپەرستی کلاسیک و توندڕەوێتی مەزهەبییە، ویستویانە بگەنە ئامانجی رزگارییان. بەڵام لەبەرئەوەی رێگاچارەیەکی زانستی و فکری سەربەخۆیان نەگرتۆتە بەر، لەئەنجامدا نەگەیشتوونەتە سەرکەوتن. ئەم راستیە بەتایبەتی لەشێوازی تێکۆشانی عەرەبەکانی باشووری ئێراق و هێزی ئۆپۆزسیۆنی ئێراق بەدیدەکرێن کە بەدەستهێنانی مافی خۆیان لەڕوانگەیەکی زۆر تەسک و کلاسیکەوە تەنیا ناکۆکی مەزهەبییان داوەتە پێش. بۆ گەیشتن بەئەنجامیش هەمیشە پشتی خۆیان بەهێزە هەرێمی و جیهانیەکان بەستووە و هەتا ئێستا لەزەمینە خۆشکردن بۆ دەستێوەردانەکانی دەرەوە بۆ نێو ئێراق بەولاوە هیچ گۆڕانکارییەکی دیکەیان بونیادنەناوە. لایەنێکی تریش راستی تێکۆشینی گەلی کوردە. کەئەویش لەبەرامبەر سیاسەتی قڕکردن و جینۆسایدا هەمیشە لەسەرهەڵدان و بەرخۆدانیەکی چەکداریدا بووە و بازنەی نەریتی فیوداڵ ـ بۆرژوای وابەستەیان تێنەپەڕاندووە و لەجیاتی

چارەسەری، هەمیشە بنبەستبوونی کێشەکانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. لەسەر ئەم بنەمایەش ئەمڕۆ هەلومەرجی بابەتیانەی نێوخۆی ئێراق و رەوشی پێشکەوتنەکانی هەرێم و جیهانیش گۆڕانکاری و وەرچەرخانی دیموکراسی لەسەرتاسەری ئێراق و باشووری کوردستاندا کردووە بەناچاریەک ئەم گۆڕانکارییەش بەهەڵدانەوەی پەلێکی نوێ لەتێکۆشینی گەلی کورد و گەلانی لەئێراقدا بێت. بێگومان لەم تێکۆشینەدا تاکە رێگای کە دەتوانێ وەڵامی مێژووی ٨٢ ساڵەی بێچارەیی و سایکۆلۆژیای ژێرکەوتنی گەل بداتەوە، شۆڕشێکی زیهنییە کە چارەنووس و ئیرادەی گەل لەدەستی ئەقڵییەتی نەتەوەپەرستی دواکەوتوو و فیودالْ ـ بۆرژوای ساختە و وابەستە رزگار دەکات. هەروەها پێویستی بەسڕینەوە و نەهێشتنی پاشماوەکانی ئەم سیاسەتە ترسناکە هەیە کە وەکو میکرۆب کەوتۆتە نێو بچووکترین خانەکانی هەر تاکێکی کۆمەڵگا و هەموو دامودەزگاکانی سیستەم کە لەخێزانەوە بگرە تاتەواوی دامودەزگا سیاسی، کولتوری و رۆشنبیری و هونەری و یاسایی و... هتد بەپێی فەلسەفەی ژیانی ئەم زیهنیەتە کۆنە شێوەیان گرتووە و نەک تەنیا وزە و دینامیکیەتی نەتەوەیی ئیفلیج دەکات، بەڵکو لەلایەنی کۆمەڵایەتیشەوە هەموو چین و توێژەکانی خستۆتە نێو گێژاوی فکری و شەڕی بێواتە لەڕۆژی راستینەی گەوهەری مرۆڤایەتی. ناوەڕۆک لەلوتکەدا کۆمەڵگای لەپەلوپۆ خستووە و بەرەو هەڵدێری لەخۆ نامۆبوونێکی ترسناکی بردووە.

بێگومان بەڕێوەبردنی ئاواکردنی شۆڕشێکی بەم شێوەیە خۆی لەخۆیدا گوزارشت لەشۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەکات کە تیایدا زۆر بەدژواری تێکۆشینێکی چینایەتی و رەگەزی

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

دیموکراتی و ئازادیخواز بەڕێوە دەبات و دەرئەنجام خواست و ئیرادەی سیاسی و دیموکراتی گەل دەئافرێنێ و، زەبرێکی کوشندەیە بۆ ئەو سیاسەتەی کەراستەوخۆ لەلایەن تاکە حیزبێک یان تاکە فکرێکی بنبەستبوون پەیڕەو دەکرێت و دەبێتە کۆسپ لەبەردەم جموجۆڵ و تێکۆشینی دیموکراسیانەی گەل. کەواتە ڕێگای کردنەوەی گرێکوێرەی بێچارەیی و گەیشتن بەکۆمەڵگایەکی ئازاد و وەرچەرخانی دیموکراتیانە لەئێراقدا لەشۆڕشی زیهنی تێپەڕدەبێت، بەمەش لەجیاتی زیهنییەتی نەتەوەپەرستی شۆڤێنستی عەرەب و فیوداڵیزمی کورد ئاواکردنی زیهنییەتی دیموکراسی و یەکێتی ئازادی گەلان، لەجیاتی وابەستەیی و پارچەگەریش بەهزری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری، لەجیاتی دیکتاتۆریەت و دەسەڵاتی سیاسی حزبەکان لەچوارچێوەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی گەل و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و ئاراستەکردنیان بەرەو تێکۆشینێکی دیموکراسی و کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، کە دەبێتە وزەی هەڵسوڕاندن و دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێ لەمێژووی گەلی کورد و گەلانی ئێراق بەگشتی.

سەرچاوە:

* ڕۆشنایی - ژمارە ٣ - یەکشەممە ٣٠ حوزەیران ٢٠٠٢

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

# تەنها گۆڕینی یاسای "غسل العار"

# نابێتە ڕێگر لەبەردەم تیرۆری ژنان

**ڤیان کارۆخ**

ئەمڕۆ لەکۆمەڵگاکەماندا کێشەی ژنان بۆتە گرێکوێرەیەکی وەها کە چارەنووسی تەواوی کێشەکانی دیکەشی بەخۆیەوە بنبەستکردووە. ئەم ڕاستییەش لە مێژوویییەکی ٥ هەزار ساڵەوە سەرچاوە دەگرێت. لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بەسیستەم و یاسا پیرۆزەکانی قۆناخی دایکسالاری کۆیلەکردنی ڕەگەزی ژن سەریهەڵدا. لەگەڵ چەوساندنەوەی چینایەتی، کولتوری، نەتەوەیی، دینی، مەزهەبی و....هتد ئیدی پیاوسالاریێتی بوو بەیاسایەکی دەستلێبەرنەدراوی سیستەم. ئەمڕۆکەش لەگەڵ خۆیدا قەیرانێکی ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی کردۆتەوە. بێگومان ئەمەش پێویستی بەچارەسەرییەکی مێژوویی هەیە، وەلێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە مێژوویییە دەبێ زۆر بەوردی و بەشێوەیەکی پۆزەتیفانە ئەم کێشانە هەڵبسەنگێنرێن. لەسەر ئەم بنەمایەش ئاوڕدانەوە لەرەوشی ژنان و گفتوگۆ لەسەر گۆڕانکاری و چاکسازی یاسا و ڕێسای کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ لەگۆڕین یان نەگۆڕینی یاساوە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژن بیر و بۆچوونێکە کە تەواوی چارەسەری کێشەکانی ژن لەخۆ ناگرێ. چونکە کێشەی ژن تەنها کێشەیەکی یاسایی نییە، بەڵکو بەتەواوەتی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە و

لەچوارچێوەی کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا پێوستی بە شۆڕشێکی هزری و بونیادنانەوەی سیستەمێکی دیموکراسی و ئازاد هەیە. بەتایبەتیش لەکۆمەڵگای ئێمەدا هێشتاکە یاسا و رێسا پیرۆزکراوەکانی عەشایەری و داب و نەریتە کۆنەپەرستەکانی پیاوسالاری باڵادەستە، وە ئەگەر هەتاکو ئێستاکە چەمکی پێشمەرگایەتی و حیزبایەتی زمان حاڵ و سەنگەری پاراستنی ئەم پێودانگە خێڵایەتیانە بێت، ئەوا ئێمەی ژنان دەبێ بزانین تاچ رادەیەک گۆڕینی یاسای (غسل العار) بۆ ئێمەی ژنان دەبێت بەهێز و متمانە و گەرەنتی ژیانێکی ئازاد، بەجێهێنانی ئەم یاسایە تاچ رادەیەک کاریگەری لەسەر چارەنووسی ژنان دەکات لەنێو کۆمەڵگاکەماندا. لەکاتێکدا لەنێو پەرلەمانی حکومەتی هەرێمدا تەنیا دوو ژن نوێنەری هەموو ژنانی گەلەکەمانن و تەنیا ئەو دوو ژنە مافی رادەربڕین و بڕیاردانیان هەیە، کە نیوەی کچان و ژنانی کۆمەڵگاکەمان بگرە زیاتریش بەدەستی نەزانی و نەخوێندەوارییەوە دەناڵێنن، هەتاکو ئێستاکەش لەپراکتیکدا هیچ هەوڵێکی بۆ نەدراوە. سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی مناڵان لەنێو خێزان و قوتابخانەدا لەسەر بنەمایەکی پێشکەوتوو رێکنەخراوە. بەتایبەتیش بۆ کچان چەمکی ناموس و قسەلۆکەکانی شەرمە، عەیبە، زەعیفەیە و حەیامان نەبەی تێنەپەڕاندووە. لەلایەکی دیکەشەوە نەبوونی رێکخستنێکی بەهێزی کار و خەباتی ژنان و هەموو رێکخراوەکانی ژنان لەنێو کۆمەڵگاکەماندا کەتەنها لەناو شارەکاندا، لەناو شارەکانیشدا تەنها بەتوێژێکی رۆشنبیر و خوێندەوارەوە سنوور و بەندبوون و، دەستی رێکخستنی و خەباتی خۆیان سەبارەت بەرەگەزی ژن ناگەیەننە هەرلایەکی کۆمەڵگاکەمان. بۆ ئەمەش تێکۆشینی

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

ئازادی و زیندووکردنەوەی ئیرادەی ژنان زۆر بەڕێڕەوێکی لاوازدا بەڕێوە دەچێ و، لەبەرامبەر توندوتیژی ژناندا نابنە خاوەن هەڵوێستێکی بوێرانە. بۆ ئەمەش بەرۆژانە گوێمان لەسوتان و کوشتنی ژنانە.

بێگومان گۆڕینی یاسای (غسل العار) بۆ ژنان شتێکی باشە و نکۆڵی لێناکرێت. بەڵام پێویستە تەنها لەئاخافتندا نەمێنێتەوە و پراکتیزە بکرێت، لەپێناو پراکتیزەکردنیشدا دەبێ ژنان خاوەنی تێکۆشان بن. ئەگەرنا ئەوا چارەنووسی ژنان رووبەڕووی زۆری و زەحمەتییەکی یەکجار زۆر دەبێتەوە، کە بەناو یاسا گۆڕابێت و لەعەمەلیشدا هیچ دیار نەبێت. پێویستە یەکگرتوویی رێکخراوەکانی ژنان چیدی کەمتەرخەمی تیادا نەکرێت و بەپەلە هەنگاوی بۆ بنرێ هەتا بەهەمووانەوە بتوانن گوزارە لەئێش و ئازارەکانی ژنان بکەن و داوای دەستەبەرکردنی مافەکانیان بکەن. چونکە کۆمەڵگاکەمان تادواڕادە کۆمەڵگایەکە کە مۆرکی پیاوسالاری پێوەدیارە و بەرۆژانە بەدەیان رووداوی دڵتەزێنی وەک تیرۆری ژن رووبەڕوومان دەبێتەوە، بۆ ئەمەش ئەرکی زیادەتر دەکەوێتە ئەستۆی ئێمەی ژنان. دەبێت رێکخراوەکانی ژنانیش خۆیان لەسنووری تەسک و دیاریکراو رزگاربکەن و دەستی تێکۆشین و خەبات بگەیەننە هەرلایەک... دەبێ بگەنە ئەو باوەڕییەی کە رزگاری ژن تەنها لەجەستەدا نەمێنێ و رزگاری رۆحی و هزریش لەخۆی بگرێت.

بۆیە خەباتی ژنان لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر زۆر گرنگە، چونکە هێشتا کۆمەڵگاکەمان بەپێودانگی خێڵەکی هەڵدەسەنگێنرێ. نەک تەنها یاسا پێشێل کراوە، بەڵکو مافی سروشتی مرۆڤیش لەم کۆمەڵگایەدا لەبیرکراوە و رووبەڕووی زۆرداری بۆتەوە. هەربۆیە دەبێت گۆڕانکاری یاساکانی سەبارەت بە ژن لەسەر بنەمای راستینەی ئەم کۆمەڵگایە بێت نەک تەقلیدی رۆژئاوابێت. پێویستە هەوڵ و کۆششی ژنانی کوردیش لەپێناو گۆڕینی یاسادا هەبێت، چونکە ئەگەر پاڵپشتی هەموو ژنانی کۆمەڵگاکەمانی لەپشتەوە نەبێت ئەوا گۆڕینی ئەم یاسایە نابێتە تەواوکەر و زامنکەری هەموو ئێش و ئازارەکانی ژنان. هەرچەندە وڵاتە ئەوروپیەکانی وەکو سوید گوشاربخەنە سەر حکومەتی هەرێم بۆ گۆڕانکاری یاسای سەبارەت بەژنان، بێگومان باشە. وەک لەسەرەوەش ئاماژەمان پێکرد بەبێ پشتگیری ژنانی کورد گەرەنتی سەرکەوتن مەحاڵ دەبێت، جا هیچ دیارنییە رووبەڕووی فشار و زەحمەتی و پێکنەهێنانیش ببێتەوە. بۆیە دەبێت ژنان هەوڵبدەن لەگۆڕینی ئەم یاسایەوە"غسل العار" هەموو یاساکانی دیکەی دژ بەژنان و دوور لەمافی ژنان بکەنە ئامانج و لەپێناوی گۆڕانکاری سەرتاسەریدا تێبکۆشن و هەوڵ بدەن.

هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیش لەقۆناخی ئەمڕۆکەدا، پێویستە ژنان لەچوارچێوەی هاوپەیمانی کۆمەڵایەتی

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

هاوچەرخدا هەنگاو بنێن و لەپێناویشیدا چالاکی جۆربەجۆر ئەنجام بدەن. سەبارەت بەکێشە و چارەسەری مافی ژنان کۆڕ و سمینار سازبکرێ و، بتوانن لەهەرلایەک بۆ پێشخستنی هۆشیاری و ئاستی فیکری ژنان پەرەبدەن بەبوارەکانی هونەر و کولتور و وەرزشی تایبەت بەژنان، هەروەها پەروەردەی کچان، ژنان و منداڵان بنەمایەکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان. دەبێ ژنان بێ هەڵوێست نەبن لەبەرامبەر هەرجۆرە مامەڵەیەکی توندوتیژی پیاوسالارانە و خاوەنی بیروڕا و هەڵوێستی بوێرانە بن لەچوارچێوەی مافی سروشتیاندا. خاڵێکی دیکە پێویستە هەموو رێکخراوەکانی ژنان، بوون بەسەنتەری چارەسەری کێشەی ژن بەگرنگ بزانن بۆ ئەوەی زێدەتر بتوانن ئامێزی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان بکەنەوە و ببنە زامنکەری برین و مەینەتیەکانی بەساڵەهای تەواوی ژنان.

سەرچاوە:

*رۆشنایی - ژمارە ٨ - یەکشەممە ١٥ ئەیلولی ٢٠٠٢

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## ڤیان کارۆخ:

## پێویستە ژنان لە لایەنی ڕێکخستنییەوە

## یەکێتی خۆیان پتەو بکەن

بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەنجامەکانی کۆبوونەوەی پەرلەمانی نێوانYNK ، PDKو، شێوازی نزیکایەتی هەردوو ڕێکخراو بۆ ژنان، ڕۆژنامەکەمان ڕیپۆرتاژێکی لەگەڵ ئەندامی ئەنجومەنی پارتی چارەسەری دیموکراسی کوردستان ڤیان کاروخ سازکرد، ئەمەی لای خوارەوە دەقەکەیەتی.

**ڕۆشنایی: لەکاتێکدا گەلێک گۆڕانکاری و پێشکەوتن لەجیهاندا دێتە ئاراوە، هەرلایەن و بەتایبەتیش پارتەکان بەپێی ئامانج و پڕۆگرامیان لەجموجۆڵ دان، بۆنمونەYNK ، PDKهەوڵی فیدراسیۆنێکی هەرێمی و بانگەشەی دیموکراسی دەدەن لەکۆمەڵگادا، بەرای ئێوە ئەو دیموکراسی و فیدراسیۆنەی کە داوا دەکرێت لەلایەن هەردوو پارتەوە تا چەندە دەکەوێتە خزمەتی بەرژەوەندی گەلان و چارەسەر ئامێز دەبێ بۆ کێشەی گەلان؟**

**ڤیان کارۆخ:** ئاشکرایە کە ئەمڕۆ کۆمەڵگا و سیاسەت و دەوڵەت لەجیهاندا بەشێوەیەک دووچاری قەیران و بنبەست بوون بوونەتەوە، کە لەگەڵ خۆیدا شەپۆلێکی بەهێزی گۆڕانکاری و سەرلەنوێ شێوەگرتن و وەرچەرخانی سیستەمی جیهانی هێناوە. بۆ ئەمەش بەلاوەنان و گۆڕینی ستاتۆی کۆن و

لەجێی ئاواکردنی ستاتۆیەکی نوێ کە هێزی خۆی لەپێوان و پرەنسیپەکانی دیموکراسی هاوچەرخ بگرێت، لەپێویستییەک زیاتر ناچاریەکە. بەواتایەکی دیکەش دەتوانین بڵێین تەواوی گەلانی جیهان و ناوچەکەش چیدی ئەم سیستەمەی ئێستاکە لەسەربنچینەی زیهنیەتی تاکڕەوێتی و توندوتیژی و جیاوازی نێوان ناسنامە جیاجیاکان کە دامەزراوە پەسەند ناکات و داوای پێکەوە ژیانێکی ئازادانە و ئاشتی و دیموکراسی دەکەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم تایبەتمەندییە گرنگە دەگەینە ئەنجامێک ئەویش تەنیا دوو ڕێگە لەبەردەم هەریەک لەدەوڵەت و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا هەیە، کە یان بەپێی خواست و پێویستییەکانی گەل پڕۆگرام و ستراتیژی خۆیان بگۆڕن و ببنە نوێنەری راستەقینەی گەل، یاخود ڕووبەڕووی هەڵوەشانەوە و لەناوچوون دەبنەوە لەکاروانی پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتیدا. هەربۆیە کاتێک پڕۆژە و پڕۆگرامی هەردوو پارت YNK، PDKهەڵبسەنگێنین پێویستە پێش هەرشتێک سروشتی کێشەکانی ئێراق و باشووری کوردستان بناسرێت، بەوپێیەش راستی و چەوتییەکانی هێزە سیاسییەکان دەستنیشان بکرێ. وەک دەزانرێ ئێراق دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و چینایەتییە کە لەسەر زۆرداری و پێشێلکردنی ماف دامەزراوە و، مافی مەزهەبی سوننەی کەمینە و مەزهەبی شیعە و کەمەنەتەوەکانی دیکەی پێشێلکردووە. بەهۆی سیاسەتی شەڕەنگێزییەوە ئابووری و بەرهەم تێیدا ئیفلیج بووە، کۆمەڵگا تووشی پەرتەوازەییەکی ترسناک بووە. لەبەرئەوەی سیستەمێکی دیموکراسی نییە هەبوونی هەریەک لەنەتەوەکانی عەرەب، کورد، ئاسوری، تورکمانی، ئەرمەنی، کلدانی و ئاییني مەسیحی و ئێزیدیەکان لەسەر ئەم خاکە لەجێی ئەوەی ببێتە سەرچاوەی



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

دەوڵەمەندی و موزایکێکی کولتووری دەبینین هەمیشە لەنێوخۆی ئێراقدا بوونەتە هۆی ناکۆکی و پشێوی لەلایەن هێزەکانی ناوچەکە و جیهانیشەوە وەکو کارتێک بەکارهێنراون. هەروەها گەلەکەشمان لە باشووری کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە هەمیشە باجی قورسی هەڵە سیاسییەکانی پارتە کوردیەکانی داوە و رووبەڕووی شەڕ و کوشتن و بڕین و دەربەدەری بۆتەوە، لەم ١٢ ساڵەی دواییشدا بەهۆی لاوازی هزر و هەستی نەتەوەیی و دیموکراسی هێزە سیاسییەکان بەردەوامی هزر و کاریگەری عەشیرەتگەری و، پەنابردنە بەر هێزی داگیرکەران خۆشی نەبینوە. لەکاتێکدا کە زەمینە و دەرفەتی ئەوە هەبووە کە گەلەکەمان لە باشووری کوردستاندا ببوایە بەهێزێکی پتەو بۆ تێکۆشانی نەتەوەیی لەپارچەکانی دیکەی کوردستان و رۆڵی قەڵایەکی دیموکراسی بگێڕایە لەنێو گەلانی ئێراقدا بەگشتی، کەچی هەردوو هێزی سەرەکی ئەو ئەزموونانەی دوای راپەڕینیان کردە قەڵایەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا بەگشتی و دەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەتی. دەرئەنجام ئەو کوردستانەی کە بەهەزاران کچ و کوڕ لەپێناویدا گیانیان فیداکردووە، ئەمڕۆ بووە بەو دۆزەخەی کەرۆژانە بەسەدان گەنج و ژن تێیدا دەسوتێن و دەبن بەخۆڵەمێش، یاخود بەبێ ئەوەی ئاوڕ بدەنەوە بەرەو تاراوگەکان بەڕێ دەکەون.

بێگومان کاتێک دیموکراسی و پرۆژەی چارەسەری هەردوو حزبYNK ، PDKهەڵبسەنگێنین پێویستە ئەو تایبەتمەندیانەی ئاماژەمان پێکرد لەبەرچاو بگرین. هەربۆیە کاتێک بانگەشەی دیموکراسی دەکەن پێویستە لەپێش هەر شتێکدا لەبەرامبەر هەر زەرەر و زیانێکی کە بەگەلیان گەیاندووە رەخنەدانێکی ریشەیی

بدەن. چونکە دیموکراسی رژێمێکی رەخنەدانی ریشەییە. واتە هەتا ئەم هێزانە لەبەرامبەر گەل و کۆمەڵگادا دان بەتاوانەکانی خۆیاندا نەنێن و یاسای حزبەکانیان کە بووە بەداب و نەریتێک و لەسەرووی هەموو یاساکانی ترەوەیە، هەڵنەوەشێنرێتەوە ناتوانن باس لەدیموکراسی بکەن. هاوکات ئەو پرۆژەی کە دادەنرێت بۆ چارەسەری پێویستە خاوەن ستراتیژیەتێکی هاوچەرخانە بێت و لەسەربنەمای یەکێتی ئازادانەی گەلان ناکۆکی و کێشە سیاسی و نەتەوەیی و دینی و مەزهەبیەکان چارەسەر بکات. چونکە سروشتی کێشەکان لەمێژوو و رۆژگاری ئەمرۆماندا ئەوەی سەلماندووە کە چارەسەری کێشەی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا راستەوخۆ چارەنووسی گەلانی دیکەی ئێراق دیاری دەکات و ناکرێ لێک جیابکرێنەوە. ژیانکردنی گەلی کورد لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێراقدا و یەکخستنی تێکۆشانیان بۆ ئاواکردنی سیستەمێکی دیموکراسی و بەلاوەنانی زیهنیەتی قڕکردن و تواندنەوە و جوداخوازی دەتوانێ ببێتە گەرەنتی چارەسەری کێشەی کورد و لەبەرژەوەندی گەلانیتریش دایە. ئەگەرنا ئەوا فیدراسیۆنی هەرێمی کە مۆرکی نەتەوەپەرستی پێوەدیارە، نەک ناتوانێ چارەسەریەکی ریشەیی لەگەڵ خۆیدا بهێنێ، بەڵکو رێگا دەکاتەوە بۆ دەستێوەردانی دەرەوە و دووبارە زەمینە خۆش دەکات بۆ کۆمەڵکوژی و بەردەوامی سیاسەتەکانی رژێمی دیکتاتۆر. ئەم ١٢ ساڵەی دواییش ئەم راستییەی سەلماندووە کە هەتا دیموکراسی پێشنەکەوێت نە دەوڵەت، نە حوکمی زاتی و نە ئەو فیدراسیۆنەش چارەسەری پێشناخەن. بەتایبەتی ئەزموونی ساڵی ١٩٩٢ لەبەرچاوە کە چۆن بەدوایدا بەرژەوەندی حزبایەتی

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

و دەسەڵات کەوتنە پێش بەرژەوەندی گەل و ئیرادەی دیموکراسی گەلەوە و، نائارامی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

بێگومان ئەمڕۆش کۆبوونەوەی پەرلەمان و ڕێککەوتنی هەردوو پارتی کە لەبن فشاری سیاسی دەرەوەدا دروست بووە، هەمان ئەقڵییەتی جاران دووپات دەکاتەوە. بەپشتبەستن بەهەلومەرجی بابەتی گۆڕانکاری نێو کۆمەڵگا و بەبنەماگرتنی ژێرخانی دیموکراسی زیاتر نوێنەرایەتی مۆدێلی چارەسەری هێزەکانی دەرەوە دەکات. ئەگەر پەرلەمان و دەسەڵاتێک کەرێگای بەفیکری و نوێنەرایەتیکردنی هێز و پارتە سیاسی و دیموکراسیەکان نەدابێ و ئیرادەی گەلانی دیکەی وەکو ئاسوری و تورکمانی بەهەند نەگرتبێ و نوێنەرایەتی چین و توێژ و رەگەزی کۆمەڵگای تێدا نەبێ بەگشتی، ئەوا بەردەوامکردنی تەمەنی مەحاڵە و ئەگەر هەشبێت چارەسەریەکی کاتییە. هەروەها لەبەرئەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمان هەڵقوڵاوی پێشکەوتنەکانی ناوچەکە نییە و دەستکردی دەرەوەیە، بەرژەوەندی گەلانی دی و گەلی کوردی تێدا لەبەرچاو نەگیراوە، بۆتە هۆی دروستبوونی گەلێک ناڕەزایی و هاوکات رۆڵی سوتەمەنییەک دەگێڕێ بۆ هەڵگیرساندنی ئاگرێک لە کوردستان و ناوچەکەدا، کە دەرئەنجام بە بەرژەوەندی ئەمەریکا بشکێتەوە. کەواتە بانگەشەی YNK ، PDKبۆ گەل و کۆمەڵگا، لەدیموکراسی بۆ گەل زیاتر دەتوانین بەدیماگۆجیەتی دیموکراسی ناوزەدی بکەین، کە لەهەموو راستی و گیروگرفتەکانی کۆمەڵ دابڕاوە.

**رۆشنایی: ئێوە وەک ناوەندی ژنانی PÇDK کۆبوونەوەی پەرلەمان کە لەناوەڕۆکدا هیچ گرنگییەکی نەداوە بەرۆڵی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و ژنان بەتایبەتی، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**ڤیان کارۆخ:** بێگومان جێگرتنی ژن لەنێو پەرلەماندا مەسەلەیەکی دیموکراسییە، چونکە دیموکراسی هەموو ئەو ناسنامانە رەوا دەبینێ کە پەیوەندییان بەکۆمەڵگاوە هەیە و قەدەخەکاری بۆ هیچ لایەکیان ناکات و بەرگری لەمافەکانی ئازادی و یەکسانی دەکات. هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد کۆبوونەوەی پەرلەمان و یەکێتی هەردوو پارت دوور لەپرەنسیپ و بنەماکانی دیموکراسییە. گرنگی نەداین و جێنەگرتنی ژن وەک پێویست لەپەرلەمانیشدا هەر لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرێ. لەبەرئەوەی بەئەندازەی ئەوەی دیموکراسی دەسەڵاتی چینایەتی و حزبایەتی و نەتەوەپەرستی سنووردار دەکات، ئەوەندەش دەسەڵاتی پیاوسالاری و یاساکانی عەشیرەت سنووردار دەکات. هەربۆیە دەتوانین بڵێین هەردوو هێز لە باشوردا ئەمڕۆ ترسیان لەدوو هێز هەیە، یەکەمیان هێزی دیموکراتی و نەتەوەییە، دووەمیش ووشیاربوونەوە و بەهێزبوونی ژنانە. لەلایەکی تریشەوە پارتیمان PÇDK ش کە خاوەن ستراتیژییەتێکی نەتەوەیی و دیموکراتییە و بڕوای بەئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن هەیە و لەهەر جێگەیەکدا بانگەشەی بۆ دەکات، کەچی دەبینین رێگەی بەفەرمی بوونی پێنادرێ و هەوڵی پیلانگێڕی و دژایەتیکردنی دەدرێ، ئەمەش گەورەترین تاوانە لەبەرامبەر ئیرادەی گەل و بەردەوامکردنی سیاسەتێکی بەمشێوەیە گەورەترین پەڵەیە بەنێوچەوانی هەردوو هێزی YNK، PDKوە .

هەروەها ژنی کورد لە باشووری کوردستاندا کە هەمیشە قوربانی داوە و ئەنفال و هەڵەبجە و دەربەدەری بەشی بووە و، مێژووی هەتا رۆژی ئەمڕۆشی فشاری هەمەلایەنە و سوکایەتی پێکردن، جیاوازی رەگەزی، هەمووجۆرە چەوسانەوەیەکی

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

شایستە بینراوە. ئەمەش گەورەترین بێ ویژدانیە و پێویستە لەلایەن ژنانەوە تۆڵەی بستێنرێتەوە. لێرەدا دەپرسین ژنێک کە بەدەیان ساڵ خۆی کردبێ بەقوربانی بۆ تێکۆشانی رزگاری و، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی گەل و ماڵ و مناڵەکانیدا، لەبەرامبەر دەستدرێژی و دڕندەییدا خۆڕاگر بووبێ، ژنێک کە پارووی لەدەمی خۆی و منداڵەکانی گرتبێتەوە پێشمەرگە و سەرهەڵدانەکانی پێبوژانبێتەوە، ژنێک کە لەدوای شەهیدبوونی کەس و کاری تێکۆشانی ئازادی لەئامێز گرتبێ و پێشەنگایەتی بۆ ئیرادەی راپەڕین کردبێ و مژدەی ئازادی بۆ گەل هێنابێ چۆن دەبێ ئەمڕۆ لەهەموو مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بێبەش بێ و هیچ شتێکی پێ رەوا نەبینرێ. وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەش بەوە دەبێ کە ژنان چی دی بێ دەنگ و بێ بەرپرسیار نەبن لەبەرامبەر کێشە هەڵواسراوەکانیاندا. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە ژنانی باشوور دەنگی خۆیان هەڵبڕن و بکەونە نێو کاروانی تێکۆشانی ئازادی ژن لەپارچەکانی دیکەی کوردستاندا. هەروەکو چۆن لە باکووری کوردستاندا ژنان رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لەتێکۆشانی دیموکراسی و ئاشتیدا بەڕێبەرایەتی DEHAP خۆیان ئامادەکردووە بۆ بەشداربوونی هەڵبژاردنەکان، ئەوا پێویستە لە باشووری کوردستانیشدا تەواوی ژنان، رۆشنبیر، خوێندکار، کارمەند، کرێکاران و ژنانی لادێ و شارەکان پێکەوە دەست بدەنە دەستی یەک و لەسەربنەمای ستراتیژیەتی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی هەوڵ بدەن تێکۆشانێکی هاوبەش بەڕێوەببەن و پیاو وشیاربکەینەوە و خۆمان بگەیەنین بەو ئاستەی کە رۆڵی پێشەنگایەتی بگێڕین. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ژن لەهەموو بوارەکانی کار و خەباتی پارتیماندا رۆڵێکی گرنگی پێشەنگایەتی دەبینێت، ئەمەش بەتەنیا

لەناوچەیەکدا نا، بەڵکو لەهەموو ناوەندێکی شار و شارۆچکەکاندا هەوڵ دەدەین کارەکانمان لەبواری سیاسی و رێکخستنی و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری ژناندا پەرەپێبدەین. هەروەها هەر ئێش و ئازارێکی کە ژنان دەیچێژن، لەگەڵ هەر توندوتیژییەک کە لەسەر ژنان پەیڕەو دەکرێت دەکەینە بنەمایەک بۆ تۆڵەستێنی بەهەزاران ژنانی کە بوون بەقوربانی. لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە لەو بڕوایەداین کە هەر گۆڕانکارییەکی لە باشوور و ئێراقدا بێتە ئاراوە ئیرادە و ناسنامەی ژنی تێدا نەبێت و پرەنسیبەکانی دیموکراسی و ئازادی بەبنەما نەگرێت، بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت باس لە چارەسەری و ئاشتییەکی ریشەیی بکات. هەربۆیە دەڵێین ژنان هێزی وەرچەرخانی دیموکراسی و پێشەنگی بونیادنانی کۆمەڵگایەکی ئازادن. ئێمەش وەکو ناوەندی ژنانی PÇDK تەواوی کارەکانمان و ئامادەکارییەکانمان لەدەمێکی کورت و درێژدا بەلەبەر چاوگرتنی ئەو راستییە رێک دەخەین و هەوڵ دەدەین ئەو ئاستی ئایدیۆلۆژی و رێکخستنانەی کە لەنێو پارتیدا پێیگەیشتووین بیکەین بەماڵی هەموو ژنان و لەتەواوی کۆمەڵگادا بڵاوی بکەینەوە ..

سەرچاوە:

*رۆشنایی - ژمارە ١١ - پێنجشەممە ٣١ ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٢

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

ڤیان جاف:

ئەگەر لەنێو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکاندا هێزی ژنی تێدا

نەبێت

ئەوا چارەسەرکردنی کێشەکانیش مەحاڵ دەبێت

**بەبۆنەی دامەزراندنی TJAK ەوە ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی " TJAKڤیان جاف" سەبارەت بەهۆکارەکانی کە تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستانی هێناوەتە کایەوە بەم شێوەیە بۆ رۆژنامەکەمان دوا:**

پێش هەرشتێک یەکەمین کۆنگرەی تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان لەتەواوی ژنانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان و ژنانی رۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی و ژنانی باشووری کوردستان بەتایبەتی پیرۆز دەکەم. بێگومان ناتوانین بڵێین دامەزراندنی تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان لەرەوشێکی وەک ئیمڕۆی باشووری کوردستان و ئێراقدا، تەڤگەرێکە کەوا تەنها بەڕەوشی ئەمڕۆوە گرێدراوە، یاخود تەنها بەهۆی هەندێک پێشکەوتنی رۆژانە روودەدەن دامەزرێنراوە، بەڵکو TJAK پشت ئەستور بەراستینەی مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان لە باشووری کوردستان و ئێراقدا دامەزراوە. وەک دەزانرێت باشووری کوردستان و ئێراق خاوەن

مێژوویەکی دێرینن، ئەگەر بێت و باس لەهۆکارەکانی دامەزراندنی ئەم تەڤگەرەیش لەلایەنی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەین، هاوکات ئەو هەلومەرجانە بخەینە روو کە هێشتیان تەڤگەرێکی بەو رەنگە دەربکەوێت، ئەوا بەشێوەیەکی ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت ئەو رەوشەی ئێستا باشووری کوردستان و ئێراق تیایدا ژیان دەکات، رەوشێک نییە بەو ١٠ ساڵەی دواییەوە گرێدراو بێت. بەڵکو هەندێک لەو کێشانە بەتایبەتی کێشەی ئایدیۆلۆژی کە لەنێو ئەم سیستەمەدا هەیە سەرچاوەی خۆی لە مێژوویەکی کۆنەوە دەگرێ، دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠٠) ساڵ پێش ئێستا. لەگەڵ ئاوابوونی یەکەمین کۆمەڵگای چینایەتی و دەوڵەتی راهیبی سۆمەردا لەخاکی ئێراق و میزۆپۆتامیا، کە کوردستان و ئێراقی ئیمڕۆیە سیستەمێک جێگیرکرا. ئیدی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای چینی سەردەست و ژێردەست هاتەکایەوە. بەڵام لێرەدا ئەوەی زێدەتر دەمانەوێت جەختی لەسەر بکەینەوە، لە مێژوویەکی نزیکدا بەتایبەتی لەگەڵ دامەزراندنی رژێمی ئێراق وەک لەسەرەتاشدا ئاماژەمان پێکرد ناکۆکییە سەرەتاییەکان هەتا رۆژگاری ئیمڕۆیشمان بەردەوام دەکات. لەکاتێکدا لەسالانی ١٩٢٠ دەوڵەتی ئێراق بەدەست دەوڵەتی رۆژئاوا، بەتایبەتیش بەدەستی بەریتانیا، لەسەر بنەمای ناکۆکییە دینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان دامەزرا رۆژبەرۆژ بووە فاکتەرێکی سەرەکی فراوان بوون و بەردەوام بوونی شەڕ

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

و پێکدادانی نێوان گەلی کورد ـ عەرەب، عەرەب و کەمە نەتەوەکانی دیکەی سەرخاکی ئێراق. لەبەرئەوەی هەم سیاسەتی دەرەوە و هەم هی نێوخۆی سیستەم لەسەر بنەمای هزری سیستەمی باوکسالاری و کۆمەڵگای چینایەتی بوو، هەمیشە ناکۆکییە رەگەزی و کۆمەڵایەتییەکان شاردرانەوە. ویڕای ئەوەش دەبینین گەلانی سەر ئەم خاکە خاوەن تایبەتمەندێتی تێکۆشانێکی نەتەوەیی بوونە. شانبەشانی ئەمەش کە مێژووی ئەم دووسەد ساڵەی دوایی دەگرینە دەست هیچ تێکۆشانێکی کۆمەڵایەتی دەرنەکەوتووە کە کێشەکانی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای فیکرێکی هاوبەشی دیموکراسی و، رێکخستنێکی پێشکەوتووخواز چارەسەر بکات. هەمیشە مێژووییەک بووە بێبەش بووە لەتێکۆشانی کۆمەڵایەتی و چین و توێژەکانی ژێرینی کۆمەڵگا، بەتایبەتیش تێکۆشانی ژنانی تێدا بەدی ناکرێت. هۆکارەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ زیهنیەتی سیستەمی باڵا کە بەهیچ شێوەیەک رێگەیان نەداوە ناکۆکییە کۆمەڵایەتی و رەگەزییەکان خۆیان دەرخەنەڕوو بەردەوام سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردن لەسەر گەلانی ناوچەکە پەیڕەو کراوە، هەرەزێدەش کوردان لەبەرامبەر ئەو سیاسەتە سەریهەڵداوە و بەتێکۆشانی نەتەوەیی یاخیبوونی خۆی لەبەرامبەر ئەو سیستەمە هەڵساوەتە سەرپێ. بێگومان ژنانی نیشتەجێی ئێراق و کوردستانیش بەقارەمانانە رۆڵی خۆیان لە سەرهەڵدانەکاندا گێڕاوە، بەڵام

دووربوونە لەزانایی رەگەزی و کۆمەڵایەتی. بۆیە نەیانتوانیوە سەرجەم کێشەکان بەتەواوەتی چارەسەربکەن و بەنیوەیی ماوەتەوە و، تارۆژگاری ئیمڕۆشمان بەردەوام دەکات. ئەمەش ئەو راستییە دەدات بەدەستەوە، ئەگەر لەنێو رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکاندا هێزی ژنی تێدا نەبێت، ئەوا چارەسەکردنی کێشەکانیش مەحاڵ دەبێت. هەرچی کۆمەڵگای باشووری کوردستان و ئێراقە هەموو شێوازێکی تێکۆشانی تێدا بەڕێوەبراوە، هەرەسهێنانی ئەو سەرهەڵدانانەش بۆتە سۆنگەی دروستبوونی بێ هیوایی و بێ باوەڕی لەنێو کۆمەڵگادا. هەروەها ئەو دنیامیکییەی هەرەزێدە بەشاراوەیی ماوەتەوە و دەرفەتی بزووتنەوەی پێ نەدراوە رەگەزی ژنە، کە لەدەرەوەی سیاسەتی پاشڤەڕۆی ئەم سیستەمە ماوەتەوە، هاوکات لەکەسێتی ئەودا شکاندنی ئیرادە و کەسێتی تاکی نێو کۆمەڵ بەبنەماگیراوە.

هەرچی ئیمڕۆیە لەهەموو بوارێکدا کۆمەڵگای باشوور و ئێراق هەم لەنێوخۆیدا، هەم لەدەرەوەدا رووبەڕووی گۆڕانکاری و وەرچەرخانێکی بنگەیی دەبێتەوە. ئیدی کێشەکان گەیشتوونەتە ئاستێک کەوا ئیدی پێویستیان بەچارەسەرییەکی ریشەیی هەیە. ئەو رەوشەی لەناوخۆی ئێراق دایە رژێمی ئۆتۆکراتی رووبەرووی قەیرانێکی قووڵ کردۆتەوە. نە لەلایەنی سیاسی، ئابووری، نە لەلایەنی زیهنییەوە ناتوانێت ببێت

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

بەخاوەن پرۆژەیەکی چارەسەری بۆ گەلانی ئێراق. لەبەرامبەر ئەو رەوشە ئاڵۆز و بێ چارەییەی ژیان دەکرێت ئەلتەرناتیفێک، یان رێکخستنێک یان حەرەکەتێک"بزووتنەوە"یەک لەسەرتاسەری ئێراقدا هەڵسێت بەتێکۆشانێک و ببێتە هێزێکی چارەسەری هاوچەرخ. ئەو هێزانەی لەم قۆناخەشدا دەردەکەونە پێش ئۆپۆزسیۆنی ئێراقین کە خۆیان بەهێزی دژبەر دادەنێن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوانیش خاوەن فیکرێکی سەربەخۆنین زێدەتر گرێدراوی سیاسەتی دەرەوە هەڵوێستە دەکەن، ناتوانن ببنە وەڵام بۆ پێداویستییەکانی کۆمەڵگا. ئەگەر لەسەر ئاستی کوردستانیشدا تەماشا بکەین بێگومان لەماوەی ئەم ١٠ ساڵەی دواییدا لەنێو قۆناخێکی نوێدا ژیانی کرد. کێشەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیشی لەرەوشی ئێراق کەمتر نییە. بەگشتی هەروەک چۆن لە ئێراقدا بەهۆی زیهنییەتی ئۆتۆکراتی و رژێمی سەددامەوە گەلانی نیشتەجێی ناوچەکە رووبەڕووی گەلێک کێشەی جددی نەتەوەیی و ئاینی بوونەتەوە، هەروەها لە باشووری کوردستاندا بەهۆی هزری نەتەوەپەرستی سەرەتایی، هێڵی حزبایەتی تەسک کە گرێدراوی سیاسەتی دەرەوە دەجولێتەوە، خاوەن پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیف و هێزێکی چارەسەری نین. لەلایەک بەهۆی ئەو رەوشەی ئێراق و باشووری کوردستان تێیدا دەگوزەرێت، لەلایەکی دیکە ئەو رەوشەی لەلایەن دەوڵەتانی رۆژئاوا بەپێشەنگایەتی وڵاتە

یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەسەریاندا دەسەپێنرێت، رەوشی ئێراق و باشووری کوردستان بۆتە رۆژەڤی جیهان و ئامادەکاری دەستێوەردانی سەر ئێراقیش رۆژبەرۆژ خێراتر دەبێت. بێگومان ئەو دەستێوەردانەش تازە نییە، بەڵکو لەدوای ساڵی ١٩٩٠ ەوە هەتا رۆژی ئیمڕۆمان لەلایەنی سیاسی و ئابوورییەوە لەبەردەوامبووندا بووە، ئەمڕۆش دەستێوەردانی سەربازی لەرۆژەڤ دایە. دەتوانین بڵێین لەبەرامبەر رەوشێکی وەهادا کۆمەڵگا، هێزە سیاسییەکانی باشوور و ئێراقیش بێ ئامادەکاری و پڕۆژەی چارەسەریین بۆ گەل زیاتر چاوەڕێی پرۆژەی چارەسەری هێزەکانی دەرەوەن. ئەو رەوشەی ژیانیش دەکات هەلومەرجێکی نوێ لەگەڵ خۆیدا دێنێت. لێرەدا خاڵی گرنگ ئەوەیە کە وەک کورد بتوانێت ئەزموون لەمێژووی رابردوومان دەربخەین، تاوەکو دەرفەتی رەخساو بنرخێنین و بەباشترین شێوە لەپێناو چارەسەرییەکی هەتاهەتایی بیقۆزینەوە. هەرچی کێشەکانی کۆمەڵگایە زۆر بەڕاشکاوانە رووبەرووی بنبەستبوون بوونەتەوە و لەئاستی تەقینەوەدان ئەو بنبەستبوونەی لەناو سیستەمدا دیار دەبێت، خۆی لەخۆیدا هەلومەرجێکی بابەتی دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی پێویستی دەرکەوتنێکی نوێ بێتەکایەوە.

وەک دەزانرێت لەنێو ئەم هەلومەرج و رەوشە سیاسییەی باشووری کوردستان و ئێراقدا "پارتی چارەسەری دیموکراتی

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

کوردستان" یەکەمین کۆنگرەی خۆی سازکرد. لەو کۆنگرەیەدا بووە خاوەن ستراتیژییەت و تاکتیک و پرۆژەی چارەسەری بۆ کێشەکانی کورد لە باشووری کوردستان و بەئامانجی دیموکراتیزەکردنی تەواوی سیستەمی ئێراق دەرکەوتە سەرشانۆی سیاسەت. لەماوەی ئەم نۆ مانگەی رابردوودا لەسەر بنەمای ئەو میراس و ئەزموونەی کە لەتێکۆشانی ئازادی نەتەوەیی کوردستان گرتوویەتی، هەروەها بەو هێزە ئایدیۆلۆژییەی لە مانیفێستۆی شارستانی دیموکراسییەوە دەیگرێت، توانی لەماوەیەکی کورتدا هەبوونی سیاسی خۆی لە باشووری کوردستاندا نیشان بدات. بەرامبەر بێچارەیی ژیان توانای پەیامی چارەسەری و هیوای چارەسەری بۆ گەل دەرخاتە پێش. لەم واتەیەدا لەدایک بوونیPÇDK ە بووە وەڵامێک بۆ ئێش و ئازاری گەل. بێگومان ئەمەش لایەنی گرنگی ئەم لەدایک بوونەیە. هاوشانی ئەمەش خاڵێکی دیکە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت رەوشی رێکخستنییە، لەسەرەتاشدا ئاماژەمان بەهەندێک خاڵی گرنگ کرد. لێرەدا نەبوونی هزرێکی دیموکراسی نەیهێشتووە هیچ چین و توێژ و کەمەنەتەوەی کە ژیان دەکەن لەسەر ئەم خاکە بەتایبەتیش رەگەزی ژن بەشێوەیەکی یەکسان و دیموکراسیانە لەهەموو بوارێکی ژیاندا مافە مرۆییەکانی خۆی بپارێزێت. لەم واتەیەدا ژنی کورد، عەرەب، تورکمان، ئاسووری و کەمەنەتەوەکانی دیکە لەلایەنی سیاسی و یاساییەوە لەنێو

ڕەوشێکی دژواردا دەژین و گەرەنتی ژیانێکی پارێزراویان نییە، لەنێو سیستەمدا پەرتەوازە و بێپاڵپشتە. لەگەڵ ئەوەش هەر شتێکی کەوا پێشدەکەویت لەژێر دەسەلاتی پیاو بەئیرادەی پیاو بەگوێرەی بەرژەوەندی پیاوە. ئەمەش ڕەوشێک نییە کە تەنیا ژن پەیوەندیدار بکات، بەڵکو بەتەواوەتی گوزارشت لەڕەوشی تەواوی گەلانی نیشتەجێی باشووری کوردستان و ئێراق دەکات، کە بۆتە سۆنگەی بەرەو دوا ڕاکێشانی هەموو دەزگا کۆمەڵایەتییەکان و بوارەکانی دیکەی ژیان. تەنانەت وای لێهاتووە کە لەهەموو لایەکەوە پێشکەوتن ڕاوەستاوە، ئەگەر تەنها دەنگێک دەرکەوێت ئەویش دەنگی ژنانە و بەخۆکوشتن و خۆسوتاندنە. ئەمە هەرچەندە لەبەرامبەر ئەو زوڵم و زۆری و فشارە ڕۆحییەی دەخرێتە سەری گوزارەی بێ چارەییەکیش بێت، وەلێ پەسەند نەکردن و کاردانەوەی لەبەرامبەر ئەو سیستەمە و زیهنییەتە کۆنەپەرستە نیشان دەدات شێوازی ئەم تێکۆشانەی ژنانیش خۆی لەخۆیدا خاڵێکی گرنگە کە وەک فاکتەرێکی سەرەکی هەڵبسەنگێنین بۆ دەرکەوتنی تەڤگەرێکی ژنان. ئەو دەنگەی کەوا ژنان هەڵیدەبڕن وەک موخالەفەت(دژبەر)ێکی کۆمەڵایەتییە. هەڵبەتە ئەو موخالەفەتە کۆمەڵایەتییەش تەنها دەنگی ژن نییە، بەڵکو گوزارەی لەدەنگی تەواوی چین و توێژەکانی گەلانی سەر ئەم خاکەیە. ژنیش بەو شێوەیە نوێنەرایەتی ئەو موخالەفەتە دەکات. ئێمەش لەیەکەمین

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

کۆنگرەی خۆماندا بەهەڵسەنگاندنی ئەو هەلومەرجە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەی لە باشوور و ئێراقدا هەن گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە رەها پێویستی بووینە ئەلتەرناتیفێک و پێشەنگایەتییەکی شۆڕشگێڕی ژن و رێکخستنی ژنان هەیە. چونکە لەمێژوودا هەتا رۆژگاری ئیمڕۆمان هەر سیاسەت و کار و خەباتێکی کراوە زێدەتر بەدەستی پیاو بووە و چارەسەری کێشەکان بەنیوەچڵی ماوەتەوە. هەم لەلایەک بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لەو رەوشە رزگار بکرێت، هەم لەلایەکی دیکە بۆ ئەوەی خاوەنداریێتی لەهەوڵ و کۆشش و بەهاکانی ژن بکەین. لەیەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی TJAK دا پێویستی هەڵمەتێکی نوێمان بینی کە ژن بتوانێ لەهەموو لایەکەوە رێگە لەپێش رەوشی پەرتەوازەیی کۆمەڵگا و بێچارەیی گەیشتۆتە لوتکە بگرێت، موخالەفەتی ژنان ئاراستەیی هێڵێکی رێکخستنی، سیاسی و ئایدیۆلۆژی بکات نەوەکو ئەو هێز و ئیرادەیەی ژن هەیەتی بەفیڕۆ بچێت و بەشێوەیەکی مردن کۆتایی پێ بهێنرێت. بەکورتی ئەو فاکتەرانەی کە زێدەتر دەردەکەونە پێش بۆ دامەزراندنی تەڤگەرێکی وەها دەتوانین لەچوارچێوەی ئەم خاڵانەدا کۆی بکەینەوە. واتە لایەنی مێژوویی و هەلومەرجی سیاسی و ئەو رەوشەی ئێستا تیایدا ژیان دەکەین رەنگە زیاتری خۆی لەراستینەی ژندا زەق ببنەوە، بەڵام رەوشێک نییە کە تەنها ژن پەیوەندیدار بکات. بەڵکو تەواوی کۆمەڵگا و گەلانی

دیکه پەیوەندیدار دەکات. لەم پێناوەشدا لەرێگەی بەرێکخستنکردنی ژندا هەوڵ دەدرێت کێشەی ئازادی ژن و دیموکراتیزەکردنی سیستەمی ئێراق بەگشتی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد لەچوارچێوەی ئاواکردنی سیستەمێکی دیموکراسیدا سەقامگیر بکرێت، لەو رێگەیەشەوە ببێتە وەڵام بۆ مێژووی باشووری کوردستان و عێراق و لەگەڵ گەوهەری راستەقینەی خۆیدا یەکانگیرببێتەوە، کە کەشوهەوای قۆناخەکانی سەرەتایی مرۆڤایەتی کە ژن تێیدا دەسەڵاتدار بووە.

سەرچاوە:

* رۆشنایی - ژمارە ١٦ - هەینی ٣١ ی کانوونی یەکەم ٢٠٠٣

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## لەدوای پیلانگێڕی "١٥"ی شوباتەوە

## پارتیمان (PKK) و تێکۆشینی ئازادی ژن

## رووبەڕووی هێرشێکی گەورەی دەرەوە و ناوخۆ بووەوە

**گۆڤاری "وڵاتی رۆژ" کە لەبناری قەندیل دەردەچوو، لەساڵی ٢٠٠١دا سەبارەت بەسێیەمین کۆنفرانسی پارتی ژنی ئازاد (PJA) و شەشەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی (PKK) لەگەڵ هەڤاڵ "ڤیان" و چەند هەڤاڵێکی دیکەدا ئەنجامداوە، ئەمەش دەقی ئەو چاوپێکەوتنەیە کە لەگەڵ شەهید "ڤیان " ئەنجامی داوە.**

**وڵاتی رۆژ: بەر لەکۆنفرانسی نەتەوەیی"PKK" ، کۆنفرانسی سێیەمیPJA بەسترا، بەشێوەیەکی گشتی رۆڵ و ئەرکێک دەکەوێتە سەر ژن لەم قۆناخەدا چۆن و بە چ شێوەیەک هەڵسەنگێنرا و گرنگرتین بڕیارەکان چی بوون؟**

**ڤیان کارۆخ:** وەک دەزانرێت پارتیمان (PJA) سێیەمین کۆنفرانسی خۆی سازدا لەژێر رۆشنایی هێڵی سێیەمین کۆنگرەی نائاسایی و ئەرکەکانی قۆناخی نوێ بۆ پێشخستنی تێکۆشانی سیاسی و سەرهەڵدانی گەل دیاریکرد. لەسەر ئەم بنەمایە بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لەئایدیۆلۆژی رزگاری ژن و بەپارتیبوون و سیاسیبوونی ژنان و، هەروەها بۆ بەلاوەنانی ئەو کێشە و کۆسپ و تەگەرانەی کە ئاستەنگی لەبەردەم تێکۆشانی ئازادی ژنان، کۆنفرانسەکە گەیشتە گەلێک بڕیاری

مێژوویی گرنگ و بەڕێنمایی تێروتەسەل قۆناخی رووناک کردەوە.

ئەم کۆنفرانسە جیاواز لەکۆبوونەوە و کۆنفرانسەکانی دیکەی ژنان، کە زیاتر شەڕێک بوون لەبەرامبەر بێ ئەزموونی و زۆر و زەحمەتییەکانی نێوخۆ، لەدوای هەڵسەنگاندنی کار و خەباتی دوو ساڵی رابردوو، بەرەخنە و رەخنەدانێکی گەوهەری دەربازی دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی قۆناخی نوێ بوو. هەروەها لەژێر رۆشنایی ئەو ئاخافتنەی کە سەرۆک ئاپۆ سەبارەت بەرۆڵی ژنان لەقۆناخی نوێدا کردوویەتی و دەڵێ: "ژن زامنی سەرکەوتنی دیموکراسییە" بەشێوەیەکی قووڵ کەموکورتی و لاوازییەکانی خۆی تاوتوێکرد و خستە بەر لێپرسینەوە. بەتایبەت پرسیارێک کە بەچڕوپڕی گفتوگۆی لەسەرکرا و لەسەری راوەستا، ئەوەبوو کە چۆن و بە چ شێوازێک بتوانرێ PJA وەک پارتییەکی ژنانی کورد و جیهانی و بەرپرسیار لەکێشەکانی ئازادی ژن و کۆمەڵگا، رۆڵی پێشەنگ لەگۆڕانکاری و پێشکەوتنی قۆناخدا بگێڕێت و جێی خۆی بگرێت.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش کۆنفرانسەکە گەیشتە ئەو باوەڕییەی کە ئەمڕۆ PJA رووبەڕووی تاقیکردنەوە و بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی گرنگ بۆتەوە، کە ئەویش تاقیکردنەوەی ژنە لەبواری رێکخستن، بەسیاسیبوون و بەئیرادەبوون. نەبوونی هەریەک لەم راستییانە نهێنی بەکۆیلە مانەوەی ژنە لەمێژوودا. هەروەها لەبەرئەوەی بەسیاسیبووینی PJAبەبەرجەستەکردنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنە و پێشەنگایەتیکردنی لەناو ژنانی جیهاندا و گەردوونیبوونیشی گرێدراوی سەرکەوتنی ژنی کوردە، هەربۆیە زۆر بەگرنگییەوە



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

لەسەر بنەمای چۆنییەتی یەکخستنی دینامیک و توانستەکانی ژنانی کورد لەهەر چوارپارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵات هەڵوەستەی لەسەرکرا و، بەهەڵسەنگاندنی رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژن لەتەواوی کوردستاندا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە PJA لەهەر چوارپارچەی کوردستاندا ببێتە هێزی داینەمۆی پەیوەندی و دیالۆگی ئاشتی نەتەوەیی، بۆ ژنانیش ببێتە رێگای کەناڵیزەکردنی هەستی نیشتمانپەروەری ژنی کورد بۆ سەرهەڵدانی سیاسی گەل و بەمرەنگە گەورەترین تەقینەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بهێنرێتە ئاراوە، بۆ ئەمەش لەهەر چوار پارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵاتدا ئاواکردنی رێکخستن و دامودەزگای تایبەت بەژنان لەهەموو بوارێکی سیاسی، کولتووری، هونەری و مەدەنیدا وەکو ئەرکێکی سەرەکی خۆی دەستنیشانکرد.

لەلایەکیتریشەوە سەبارەت بەبڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن لەنێو تەواوی کۆمەڵگادا، هەم لەسەر پەروەردەی ژن و منداڵ و کۆمەڵ بەگشتی راوەستا، هەم لەسەر چۆنییەتی پەیوەندی بەستن لەگەڵ رێکخستنی ژنان و هێزە دیموکراتیخواز و دامودەزگا مەدەنییەکاندا هەڵوەستەی لەسەر کرا، بۆ هەریەک لەم کارانەش پێشخستنی خەباتی (وەقف)، وەکو ناوەندێکی بنچینەیی پەروەردەی جڤاک و پێشخستنی پەیوەندی دیپلۆماسی و ئاواکردنی رێکخستنی هاوبەش لەنێوان ژنی کورد و عەرەب و تورک و فارس و هەموو کەمە نەتەوەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش، بەبنەما گیرا، چونکە ئامانجی سەرەکی PJAبۆ ئاواکردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد، بەگەڕانەوەی ژنە بۆ گەوهەری خۆی، کە لەدوای قۆناخی نیۆلۆتیک لەسەر خاکی

ڕۆژهەڵاتی ناوین هەتا ئەمڕۆ ڕووبەڕووی تواندنەوە و قەڵاچۆکردن بووە و ژن لەسەر ئەم خاکە لەسەرچاوەی ژیانەوە بووە بەسەرچاوەی ژان و تراژیدیای کۆمەڵگا، هەربۆیە PJA دەخوازێت لەڕێگای پێشخستنی دیموکراسی، یەکێتییەکی ئازاد لەنێوان ژنانی کورد و ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بهێنێتە ئاراوە، واتە ڕێنسانسی ژن لەڕۆژهەڵاتی ناویندا بەدی بهێنێت. بەمەش ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا لەبواری کۆمەڵایەتیبوون و ئاشتی و خوڵقکاری و یەکسانیدا بینیویەتی ئەمڕۆش لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای ڕزگاری ژن سیستەمێکی یەکسانی ئاوا بکات و دووبارە بۆ دەستپێکردنی چاخێکی نوێی، گۆڕینی دامودەزگاکانی سیاسی باڵادەستی پیاو ڕۆڵی سەرەکی و پێشەنگایەتی خۆی ببینێت. واتا لەڕێگای گەڕانەوەی ژن بۆ گەوهەری خۆی، کە ئاشتی و ئازادی و دیموکراسییە، ڕێنسانسی ژن و لەوێشەوە زیندووکردنەوەی هەموو بەها ماددی و مەعنەوییە بزربووەکانی ئەم خاکە پیرۆزە، وەکو ئەرکێکی ستراتیژی و ماوەدرێژی PJA هەڵسەنگێنرا.

بێجگە لەمانەش دەربارەی پێشخستنی خەباتی کولتووری و زمانی زگماکی دوای وتوێژێکی قووڵ ئەم خەباتە وەک ڕۆحی بزوێنەری سەرهەڵدانی گەل و یەکێک لەپرەنسیپە سەرەکییەکانی ئایدیۆلۆژیای ڕزگاری ژن لەقەڵەم درا و، بۆ ئەمەش بڕیارگیرا لەسەر ئاواکردنی دامودەزگای کولتووری و هونەری و کردنەوەی خولی پەروەردەی زمانی کوردی لە کوردستان و دەرەوەی وڵاتدا. هەروەها گرنگی خەباتی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی ژنانیش ڕۆژەڤێکی دیکەی کۆنفرانس بوو، وەکو ڕێگایەکی سەرەکی بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای ڕزگاری ژن

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

و پەروەردەی جڤاک و ئاراستە کردنی قۆناخی سیاسی لەلایەن PJAوە هەڵسەنگێنرا، بۆ ئەمەش بڕیاردرا کە لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە ئۆرگانەکانی راگەیاندنی PJA وەک گۆڤار و رۆژنامە و ... هتد چاوی پێدا بخشێنرێتەوە. بێگومان ئەو هێزەی کە ژنی کوردی گەیاندە ئاستێک کە بتوانێت کێشەکانی خۆی تاوتوێت بکات و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە و خۆی ئامادەبکات بۆ هەڵمەتێکی نوێی سەرهەڵدانی سیاسی، ئەو میراسەیە کە تێکۆشانی چەکداری ژنان لە "١٥" ساڵی شەڕی رزگاری نەتەوەییماندا خوڵقاندوویەتی، هەربۆیە لەکۆنفرانسدا لەسەر رۆڵی ژن لەناو هێزەکانی پاراستنی گەلدا هەڵوەستە کرا و لەچوارچێوەی هێڵی پاراستنی رەوادا رۆڵی ژن و پاراستنی قۆناخی سەرهەڵدانی سیاسی وەکو ئەرکێکی ستراتیژی PJA دیاریکرا، چونکە لە کوردستاندا چارەسەری سیاسی بێ هێزی سەربازی نابێت و هەربۆیە هێزی پاراستنی گەل رۆڵێکی ستراتیژی هەیە لەپێشکەوتنی چارەسەری دیموکراسییانەدا.

هەروەها رۆژەڤێکی دیکەی گرنگی کۆنفرانس چۆنییەتی ئاواکردنی کادیری قۆناخ بوو، چونکە هێزی بزوێنەر و پراکتیزەکەری بڕیار و رێنماییەکان، کادیری پێشەنگە. هەربۆیە لەدوای رەخنە و رەخنەدانێکی قووڵ لەسەر خەباتی ئەکادیمیای ژنی ئازاد، کە ماوەی ساڵێکە دامەزراوە، بە بەرفراوانی وتوێژی لەسەرکرا و ئەم خەباتەش وەکو سەرچاوەی پەروەردە و خوڵقاندنی کادیر نرخێنرا. لەئەنجامدا سەبارەت بەخەباتی ئەکادیمیا گەلێک بڕیاری گرنگ دەرکەوت، بەتایبەتی لەلایەنی ئاواکردنی کادیری پسپۆر لەهەموو بوارێکی کولتووری، هونەری، راگەیاندنی، مێژوویی، سیاسی، رێکخستنی و ... هتد.

ئەمانە و گەلێک بڕیاری دیکەی گرنگ لە کۆنفڕانسەکەماندا گیرا کە هەموویان بۆ بەشداربوونێکی چالاک و بەهێزی ژنان دەبنە سەرەتای قۆناخێکی نویَ. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ پراکتیزەکردنی هێڵی ئازادی سێیەمین کۆنگرەی نائاسایی PJA .

لەلایەکیتریشەوە لەبەرئەوەی کۆنفڕانس لەقۆناخێکدا سازدرا کە شۆڕشی دیموکراتی ـ نەتەوەیی بەڕێبەرایەتی "PKK" و تێکۆشینی ئازادی ژن بەڕێبەرایەتی PJA ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی و هەستیارە، هەربۆیە بەو پێیەش پارتیمان (PJA) بە بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی مەزنەوە کۆنفڕانسی خۆی بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێکهێنا. بەمەش لاپەڕەیەکی نوێی لەمێژووی تێکۆشینی خۆیدا هەڵدایەوە و بەباوەڕی و بڕیارێکی بەهێزەوە دواییهێنا بەقۆناخی بێ ئەزموونی و خەریکبوون بەکێشە ناوخۆییەکانییەوە. لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین: سێیەمین کۆنفڕانسی PJA بەئاستی قووڵبوونەوە و بڕیار و ئامادەکارییەکانییەوە لەقۆناخی نوێدا دەبێتە هێزێکی مەزن بۆ سەرخستنی هەڵمەتێکی سیاسی و سەرهەڵدانی سیاسی گەل کە ڕەنگی ژنی تێدا درابێتەوە و ئەم هەڵمەتەش گەورەترین وەڵامی ژنە بۆ بانگەوازییەکانی سەرۆکایەتیمان لە ئیمرالی و لەهەمانکاتدا پێوانی گرێدانمان بەسەرۆکایەتییەوە لەقۆناخێکی وەهادا، پراکتیزە کردنی بڕیار و ئامادەکارییەکانی ئەم کۆنفڕانسەیە.

**وڵاتی ڕۆژ: وەک دەزانرێ ژن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەقۆناخی ئاشتی و دیموکراسی، کۆنفڕانسی نەتەوەیی "PKK"**

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

**لەم بارەیەوە چ هەڵوێستێکی نیشاندا و گەیشتە چ بڕیارێکی گرنگ؟**

**ڤیان کارۆخ:** شەشەمین کۆنفڕانسی نەتەوەیی پارتیمان ("PKK")کۆکراوەی ئەنجامی هەموو ئەو کۆنفڕانسانە بوو کە ماوەی سێ مانگە وەکو هەڵمەتێکی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخستنی دەستی پێکردبوو. بێگومان ئەم کۆنفڕانسە بۆ تەواوی کار و خەباتی شۆڕش و پێشخستنی خەباتی ژنان ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ خوێندنەوەی بەرگرینامەکەی سەرۆک ئاپۆ، کە بەمانیفێستۆی شارستانی دیموکراسی سەدەی "٢١" لەکۆنفڕانسەکەدا ناوزەند کرا، خەباتی ژن لەئاستێکی ستراتیژیدا هەڵسەنگێنرا. چونکە سەرۆک ئاپۆ لەبەرگرینامەکەیدا بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەرانە سەرەتای دەستپێکردنی مرۆڤایەتی لەگەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا گرێ دەدات و چارەسەرییەکی ئەلتەرناتیڤ بۆ ئاییندەی مرۆڤایەتی دادەنێت. هەروەها بەڕەنجێکی گەورەی فیکری و ڕۆحییەوە توانیوییەتی مێژووی دەوڵەمەند و دێرینی ڕۆژهەڵاتی ناوین زیندووبکاتەوە و، وەکو سەرچاوەی هەموو پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی مرۆڤایەتی هەڵدەسەنگێنێت. هەروەها خاڵی هەرە سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لەبەرگرینامەکەدا جێ و شوێنێکی گرنگ دراوە بەڕۆڵی ژن، ئەم ڕاستییەش زیاتر لەوەدا دەبینرێتەوە کە سەرۆک ئاپۆ مرۆڤایەتی بەرەو ئاواکردنی "گۆڕەپانی سێیەم" واتا کۆمەڵگای مەدەنی و دروستبوونی سەنتێزێک لەبەرامبەر تێز ـ دژە تێز، هاندەدا و دەخوازێت ئەم هزر و تیۆرییە نوێیە لەنێوان کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ڕێکبخات و لەئەنجامدا شارستانییەتێکی دیموکراسی هاوچەرخانە بۆ مرۆڤایەتی بخوڵقێنێت. بۆ ئەمەش زیاتر لەسەر سەرلەنوێ

زیندووکردنەوەی شۆڕشی نیۆلۆتیک کە شۆڕشی خوڵقکاری و بەرهەمی ژنانە، رادەوەستێت. بەمرەنگە ژن بەئاواکردنی شۆڕشی نیۆلۆتیکی هاوچەرخ و رێنسانسی ژن، پێشەنگایەتی بۆ دژەتێزی رۆژهەڵاتی ناوین دەکات و لەئەنجامدا سەنتێز دەردەکەوێت و کۆمەڵگا و سیستەمێکی نوێ دەخوڵقێنرێت. هەربۆیە لەهەموو رۆژەڤەکانی کۆنفرانسەکەدا بەگرنگییەوە گفتوگۆ لەسەر رەوشی خەباتی ژن و چۆنییەتی پێشەنگایەتیکردنی لەم قۆناخەدا کرا بەتایبەتی لەبەر گرنگی خەباتی سیاسی و سەرهەڵدانی گەل و پەروەردەی کۆمەڵگا، بەو شێوەیەی کە لەکۆنفرانسی PJA هەڵسەنگێنرا بوو، دووبارە هەڵوەستەی لەسەرکرا و بڕیار و رێنمایی گرنگ دەرکەوت سەبارەت بەپێشەنگایەتی ژنان لەقۆناخی چارەسەری دیموکراسییانەدا. دەتوانین بڵێین شەشەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی "PKK" ئەوەندەیتر بڕیار و ئامادەکارییەکانی کۆنفرانسی سێیەمی PJA ی گەیاندە لوتکە. بەتایبەتی بەرگرینامەی سەرۆک ئاپۆ کە گەورەترین وەڵام بوو بۆ هەموو پرسیارەکانی کۆنفرانس، بۆ خەباتی ژن و پرۆژەکانی PJA ش سەرچاوەیەکی روون و دەوڵەمەند بوو. لەلایەکیتریشەوە وەک دەزانرێت کە لەدوای پیلانگێڕی "١٥"ی شوباتەوە پارتیمان ("PKK")و تێکۆشینی ئازادی ژن رووبەڕووی هێرشێکی گەورەی دەرەوە و ناوخۆ بووەوە، بەتایبەتی هێزی تێکەدەر لەناو پارتیدا دەیانخواست ژن بکەن بەئامراز و چەکێکی سەرەکی لەدەستی خۆیاندا و بەمرەنگە یەکێتی ریزەکانی "PKK"پارچە بکەن. شۆڕش بڵاوە پێبکەن. هەربۆیە پارتیمان بەگشتی و PJA ش بەتایبەتی دەستی بەتێکۆشینێکی مەزن کرد بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو هەوڵە پاکتاوکارییانە(تێکدەرانە) و،

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

لەکۆنفرانسدا ئەو ئەنجامەی دەرکەوت ئەوە بوو، کە هەرچەندە کەم و کورتیش هەبێت لەهەندێک لایەنەوە، وەلێ پیلانگێڕیی و هەوڵی پاکتاوکارانە بەهیچ شێوەیەک ناتوانن یەکێتی ریزەکانی "PKK"پارچە بکەن. لەسەر ئەم بنەمایە "PKK" لەبەرامبەر هێرشی دەرەوەدا هەڵمەتی سیاسیبوون و سەرهەڵدانی سیاسی گەلی راگەیاند و لەبەرامبەر پاشڤەڕۆیەتی ناوخۆیی و نزیکبوون و چەمکی فیودالی و بۆرژوازی بچووک لەلایەنی پیاو و ژندا گەورەترین هەڵوێستی رادیکالانە نیشان درا. لەژێر رۆشنایی شیکردنەوەکانی سەرۆکایەتی، لایەنە دواکەوتووەکانی ژن و پیاو بەگشتی کەوتنە بەر لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە و هەروەها لەئەنجامی رەخنە و رەخنەداییني هەڤالانی ژن و پیاو سەرلەنوێ پێویستی قووڵبوونەوە لەئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن و پێوانی رەد و قەبووڵی ئازادیدا دووپاتکرایەوە. هەروەها ئەو بڕیارەی کە PJA لەسێیەمین کۆنفرانسی خۆیدا سەبارەت بەگۆڕینی پیاو گرتبووی، جارێکیتر هەڵوەستەی لەسەرکرا و وەک ئەرکێکی سەرەکی قۆناخ و پێکهێنانی رێنماییەکانی سەرۆک ئاپۆ بەبنەماگیرا. ئەمانە و گەلێک ئەنجامی دی گرنگ دەرکەوتن سەبارەت بەگرنگی و ستراتیژییەتی رۆڵی ژن لەپاراستنی هێڵی پارتی و وەلامدانەوەی قۆناخی ئاشتی و دیموکراسییانە. لەسەر ئەم بنەمایەش لەکۆنفرانسدا تەواوی کادیر و بەڕێوەبەرایەتی پارتی بەگشتی و ژنانیش بەتایبەتی بەڵێن و پەیمانی خۆیان تازەکردەوە و کۆنفرانس بەجۆشێکی گەورەوە کۆتایی پێهات.

سەرچاوە:

*گۆڤاری "وڵاتی رۆژ"

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## گەردوون تایبەتمەندیی مێیینەی هەیە و

## کۆمەڵگاش لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە

ئێمە حەرەکەتێکی فێمنستی زانستیانەین

**وتوێژ: ش. ت- بناری قەندیل**

**لەزستانی ساڵی رابردوودا ئەوکاتەی لەرۆژنامەی (ئاسۆ)ی سەر بەدەزگای پەخش و وەشاندنی (خەندان) کاری راگەیاندنم رایی دەکرد، بەمەبەستی سازدانی دیدارێکی سیاسیی دەگەڵ (موراد قەرەییلان)ی بەرپرسی کۆما کۆمەلەیێن کوردستان- ی ئێستا و جێگری سەرۆکی کۆنگرەی گەلی ئەوسا، هاوشانی یەکێک لەهاورێ میدیاکارەکانم روومان لەبناری قەندیل کرد و دوای گەیشتنمان بۆ شوێنی مەبەست، توانیمان بۆ بەیانییەکەی لەکەشێکی باراناویی سەختگیردا بەدیداری ئەو بەڕێزە شادبین و دوای ئەوەی نیوەڕۆ خوانێکی بۆ رێکخستین، خۆشبەختانە توانیمان وتوێژە چاپەمەنییەکەمان بەئاکام بگەیەنین. دواتریش هەر لەپەراوێزی ئەو گەشتەدا لەبناری قەندیل چەند شوێنێکی جیاجیامان بەسەرکردەوە بۆئەوەی بەهەگبەیەکی رۆژنامەوانی دەوڵەمەندتر بگەڕێمەوە سلێمانی. بۆیە لەدەلیڤەیەکدا سەرلەئێوارەیەکی رۆژی دواتر چانسی ئەوەم بەرکەوت کەچەند چالاکڤانێکی سیاسیی بەتوانا و شەهامەتی نێو کۆنگرەی گەل بدوێنم و لەنزیکەوە بەدیداریان شاد و حەیران بم. ئەوەبوو**

لەمەتەرێزێکدا چاوم بەسێ خەباتکاریی ژنی هێژای نێو کۆنگرەی گەل کەوت، ئەوانیش هەریەک لەخاتوو تێکۆشین ئۆزین، لەدایکبووی شاری ماردین و ئەندامی کۆردناسیۆنی (PAJK)و خاتوو شیلان کوبانی، خەڵکی عەفرین و ئەندامی کۆردیناسیۆنی(PAJK) ، کە بەداخەوە ساڵی رابردوو لە موسڵ لەتەک پێنج ئەندامی دیکەی کۆنگرەی گەلدا بەشێوەیەکی وەحشی و هۆڤانە لەلایەن هێزە توندڕەو و دەمارگرژە جینایەتکارەکانەوە تیرۆر کران. سێیەمین هەڤاڵیش کە خاوەن نەفسێکی ئازیز و رۆح سووک و هێمن و قسەخۆش بوو، خاتوو (ڤیان جاف) ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمیتەی کولتوور و زانست و هونەری کۆنگرەی گەل و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی ئازادیی ژنانی کوردستان (PAJK) بوو، کە زۆر مخابن لەچالاکییەکی بوێرانەدا لەسەرەتای مانگی شوباتی ئەمساڵدا کۆنگرەی گەل یەکێک لەهەڤاڵە رۆشنفیکر و تێکۆشەرە ماندوونەناسەکانی خۆی لەدەستدا، ئەمەش وەک هەڵوێست نواندێک لەبەرامبەر کەنارگیرکردن و لاتەریککردنی سەرۆکەکەی لەزیندانی تاکەکەسی دوورگەی ئیمرالیدا .

ڤیان جاف، کە لەدایکبووی شاری سلێمانییە، چالاکگەر و هەڵسوڕاوێکی چالاکی بواری سیاسیی و رێکخراوەیی بووە. لەساڵی ١٩٩٧ دا تەڤلی نێو ریزەکانی PKK بووە و بەشداری کارای هەبووە لەزۆربەی چالاکییە سیاسیی و سەربازییەکانی نێو ئەو هێزەدا. ناوبراو لەهەڤپەیڤینێکی چاپەمەنیدا باس لەدیرۆکی کۆشش و خەباتی ژنان لەنێو ریزەکانی PKK دەکات. هەروەک بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان، دەڵێت: "سەدەی بیست و یەک سەدەی ئازادی ژنانە". بۆیە لەم سۆنگەیەوە پێگە



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

**و مەکانەتی ژن لەهزر و دنیابینی بەڕێز ئۆجەلاندا مایەی سەرنج و تێڕامان و هەڵوستە لەسەرکردنی قسەکانی ڤیان جاف بوون. هەندێک تاڵە رووناکی خستە سەر بزاوتی ژن لەدیرۆکی سیاسیی PKK دا، کە بەرەنگ و شێوە و قۆناغگەلی جودا فۆرمۆلە بووە. هەر لە(YJWK) و(YAJK) و تا دەگاتە ئاستی دروستبوونی پارتێکی رەگەزیی(PAJK) . ناوبراو لەدرێژەی ئاخاوتنەکانیدا دووپاتی لەسەر هەمان ئەو گوتە ئەرزشمەندەی سەرۆک ئاپۆ دەکردەوە کە پێیوایە "ژن بەتەبیعەت کارەکتەرێکی سۆسیالیستە و لەگەڵ رۆحی چەمکەکانی هیومانیزم و ئاشتی و ئازدایی و دیموکراسیدا لەتەماس دایە و دوورە لەنەزعەی پشێویی و ئاشووبگەرێتی". جێی باسە، دوای شەهیدبوونی ڤیان جاف، ئەمە یەکەم جارە ئەو دیدارە بڵاو دەبێتەوە و ئومێدەوارین ببێتە جێگەی سەرنجی خوێنەران:**

***ناوەکەتان لەپارتی ژنی ئازاد (PJA) ەوە بۆ پارتی ئازادیی ژنانی کوردستان (PAJK) گۆڕی.. دەکرێ بزانین ئەو گۆڕانکارییانە زێتر بەچ مەبەستێک ئەنجامدران؟ ئایا چی وایکرد بزاوتی ژنان لەنێو PKK دا بگاتە مۆدێلی بەپارتیبوون، چونکە ئەمە پێنگاڤێکی تاڕادەیەک تازەیە و تائێستا پارتی رەگەزیی پێکنەهاتووە. لەمبارەیەوە پلانڕێژیی و پرۆژەی نوێتان چی دەبێت؟!**

- بەتێڕوانینی من، تەڤگەریی ئازادیی ژنانی کوردستان بەدرێژایی تێکۆشانی خۆی، بەردەوام بەگوێرەی پێداویستییەکانی ژنانی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان، نەک تەنیا ژنانی کورد، بەڵکو ژنانی نەتەوەکانی دیکەش

لەناوچەکەدا بەردەوام بەگوێرەی پێداویستییەکانی ئەوان قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکاریی و وەرچەرخانی ئەنجامداوە و، بەردەوام یاسای گۆڕانکاریی و وەرچەرخانی بۆ خۆی وەک بنەمایەک وەرگرتووە، هەرگیز بەشێوەی دۆگما نزیکایەتی بۆ گۆڕانکاریی و ڕەوتی ڕووداوەکان نەکردووە. بەر لەسەرهەڵدانی پارتی ژنی ئازاد پێموایە پێشتریش تێکۆشانی لەم چەشنە هەبووە، بۆ نموونە لەسەرەتای دەرکەوتنی حەرەکەتی PKK ئەوکاتە ژمارەیەکی کەم هەڤاڵانی کچ لەنێو تێکۆشان دابوون هەم لەبواری سیاسیی، هەم لەبواری ئایدیۆلۆژیی و ڕێکخستنیدا ڕۆڵێکی کارایان لەنێو تێکۆشانی نەتەوەییدا هەبووە. دوا بەدوای ئەمەش لەگەڵ زیادبوونی هەڤاڵانی کچ لەبواری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، پێویستیان بەوە هەبوو هەم لەچوارچێوەی ڕێکخستنێک یان ڕێکخراوێکدا خۆیان ڕێکبخەن، بۆ ئەمەش سەرەتای ڕێکخستنی ژنان وەک ڕێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان بەناوی یەکێتی ژنانی وڵاتپارێزی کوردستان (YJWK) ماوەیەکی درێژ بوو بەم ناسنامە ڕێکخستنییەوە کاری خۆی بەڕێوە دەبرد. پاشان لەگەڵ ئەوەی یەکێتی ئازادیی ژنانی کوردستان(YAJK) لەهەر چوار پارچەی کوردستان و هەندەرانیشدا لەنێو کورددا پێگە و ڕێگەی تایبەتی پەیدا کردووە لەبواری فیکریی و سیاسیی و ڕێکخستنییەوە ژنانی کوردیی گەیاندە ئاستێکی دەستکراوەیی و هۆشیاربوونەوە، ئیدی وایلێهات کە خەباتەکان فراوانتر بێت و پێویستی بەقەڵەمبازێکی نوێ هەبێت. پێموایە ئێوەش لەو قۆناغە زێتر تاقیبتان کردبێ ئەم قەڵەمبازە نوێیەش لەگەڵ دەستپێکردنی پیلانگێڕیی نێونەتەوەییدا لەبەرامبەر سەرۆک ئاپۆ و حەرەکەتی ڕزگاریی نێونەتەوەییدا،

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

لەو کاتەدا ئارمانجێکی سەرەکی ئەو پیلانگێڕییە نێونەتەوەییەش مەسەلەی ژنان بوو. هەتا لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکەشدا ئامانجی پیلانگێڕییەکە ئەوەبوو کە سەرۆک ئاپۆ و حەرەکەتی رزگاریی نەتەوەیی لەناوببات، دەتوانین بڵێین تەنیا لەبەرئەوەی حەرەکەتێکی نەتەوەییە داکۆکی لەمافی کورد دەکات بۆیە کرایە ئامانجی پیلانگێڕییەکی نوێ، لایەنێکی دیکەی بنەڕەتیش مەسەلە ئایدیۆلۆژییەکەی ئەو حەرەکەتە بوو. وە نزیکایەتی ئەو بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان و پرسگەلی ژنان، خێزان و تاک بەشێوەیەکی گشتگیرانە بۆ دیموکراتیزەکردنی خێزان و کۆمەڵگا بوو. بۆ ئەوەش لەو پیلانگێڕییە نێونەتەوەییەدا بوو ویستیان زەربەیەکی گەورە لەحەرەکەتی ژنانیش بدەن و حەرەکەکە سەرکوت بکەن و ئەو چەکە نوێیەی کە لەلایەن تێکۆشانی رزگاریی گەلی کورددا دەرکەوت، دیسان ئەو چەکە بێ کاریگەر بکەن.

من لەم سۆنگەیەوە دەخوازم کاکڵی مەبەستەکەم لەوەدا چڕ بکەمەوە کە، گرنگی کێشەکە لەڕووی ئایدیۆلۆژیایە. پێشتر ئێمە لەچوارچێوەی ستراتیژێک کارمان دەکرد کە بڕوای بەرێبازیی (مارکسی- لینینی) هەبوو، هاوکات مۆدێلی رێکخستنەکەشمان لەسەر ئەو رێبازە دەڕۆیشت. بەڵام دوای گۆڕینی ستراتیژ لەرووی زیهنیشەوە گۆڕانکاریی دەستی پێکرد، لەسەر بنەمای پرادیگمای کۆمەڵگای دیموکرات و ئەکۆلۆژیک. ئەمەش بەو مانایە دێت مرۆڤ بەشێکە لەگەردوون و پێویستە یەکتر تەواو بکەن و هەموو کەسێک خۆی بە بەرپرسیار ببینێت بەرامبەر گرفتەکانی مرۆڤایەتی و گەردوون. بەو مانایەی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی لەچوارچێوەی یەکێتییەک بەپێکهاتە جۆراوجۆرەکانی. ئەمانە بەگشتی هێڵی سەرەکی ئەو

ئایدیۆلۆژیایەن. هاوکات ئەو تایبەتمەندییانە زێتر نزیک کەسایەتی ژنانە. بۆیە بەتێڕوانینی من ژنان ئەگەر بخوازن بگەنە مافەکانیان ئەوا پێویستە لەچوارچێوەی ڕێکخستنێکی بەمشێوەیە بگەنە تەڤگەر.

لەبەرئەوە ئەو ئایدیۆلۆژیایەی ئێمە پشتی پێ دەبەستین لەسەر بنەمای پاراستنی مافی تاک و گەردوون خەبات دەکات و دەیەوێت لەنێوان هەردووکیاندا هاوسەنگییەک چێ بکات. لەستراتیژیی کۆندا ئێمە ناوێکی جیهانیمان لەخۆ نابوو، لەسەر ئەو بنەمایەش ڕێکخستنمان ئاوا کردبوو. بەڵام ئێستا جگە لەرەهەندە جیهانییەکە زێتر لەناوچەیەک کار دەکەین، هاوکات هەوڵ دەدەین بەرژەوەندییە هەرێمایەتی و جیهانییەکان بپارێزین. بۆیە ئێستا پرۆژەی بەرفراوانمان لەبەردەستدایە، بەڵام وەکو سەرەتا لەپرۆژە بنەڕەتییەکان دەستپێکەین. بۆ نموونە لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە تێڕوانینی ئێمە ئەوەیە مۆدێلێکی نوێی ژنان ئاوا بکەین لەبواری کۆمەڵایەتیدا. ئەمەش تەنها لەرووی مۆدێلی ڕێکخستنەوە نابێت، بەڵکو پەیوەندییەکی قووڵی بەمێژووەوە هەیە. لەم چوارچێوەیەدا سەرۆکایەتی ئێمە هەندێک سەلمێنراوی گرنگی بۆ دەستنیشان کردووین. بۆ نموونە لەرۆژهەڵاتی ناوین مێژووی خواوەندی ژن هەیە، کەتێیدا ژن ئازاد بووە. ئێمە لەژێر کاریگەریی ئەو مێژووە دەمانەوێت خاوەندارێتی لەو مێژووەدا بکەین. هەڵبەتە ئەمە بەمانای ئەوە نایەت ئێمە خوداوەندان بخولقێنین، بەڵکو بتوانین لەبواری رۆحیدا بەرجەستەی بکەین. هاوکات ئەو پرسە دەردەکەوێتە پێش کە بۆچی تایبەتمەندیی ژنان بۆتە مەڵبەندی ژیان. هاوکات راستییەکی دیکەش هەیە کە گەردوون تایبەتمەندیی مێیینەی



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

هەیە و کۆمەڵگاش لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە. بەڵام لەسەردەمی باوکسالاریدا ئەو تایبەتمەندییانە سڕاونەتەوە، بەڵام ئێستا کار بۆ ئەوە دەکرێت سەرلەنوێ ئەو تایبەتمەندیی و جۆرە ژیانە کاری پێبکرێت. ئێمە بۆ ئەوە سەربەخۆ نین تا ژنان رزگار بکەین، بەڵکو بۆئەوەی مرۆڤایەتی خۆی بگەیەنێتە گەردوون بوونی خۆی.

*** ئایا حەرەکەتی ژن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پیلانگێڕییە لۆکاڵی و نێونەتەوەییە بوو بەپێویستی زانی کە لەئایندەدا لەئاستی پارتیدا خۆی رێکبخات؟**

– بەڵێ، یەکێتی ئازادیی ژنانی کوردستان (YAJK) کۆنگرەی خۆی ئەنجامدا. لەو کۆنگرەیە ناوی خۆی گۆڕی لەچوارچێوەی پارتێکدا خۆی رێکخست بەناوی پارتی ژنانی کرێکاری کوردستان.(PJKK)

*** یانی لەبواری رێکخستندا بەسێ قۆناغ بووە..؟**

– بەڵێ، بۆ هەر شتێک لەو قۆناغانەدا بەگوێرەی پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە بۆ وەڵامدانەوەی کێشەکان رێکخستنێکی بەمشێوەیە پەیدا بووە. ئەوکاتە پارتی ژنانی کرێکاری کوردستان بەو ئارمانجەی کەوا بتوانێ بەناسنامەی پارتیبوون کەجاری یەکەمە ژن وەکو پارتێک خۆیان رێکخستبێت، بۆئەوەی بتوانن لەبواری فیکریی و سیاسیی و رێکخستنی کۆمەڵایەتیشەوە بەناسنامەیەکی بەهێز هەم لەشانۆی سیاسیدا هەم لەبوارە کۆمەڵایەتییەکاندا بتوانێ بەشێوەیەکی رێکخراوەیی تۆکمە کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگا لەهەر چوار

پارچەی کوردستان دابنێ کە بتوانێ بەو شێوەیە ژنانی کورد بگەیەنێتە ئاستێکی ڕێکخستنی. بۆ نموونە ڕۆڵی پارتی ژنانی کرێکاری کوردستان (PJKK) لەو کاتەدا لێک کۆکردنەوەی تەواوی وزە و توانستەکانی ژنان بوو لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا لەو کۆنگرەیەی لەدایکبوونی پارتیبوون ئاوابوو، لەسەر بنەمای خەتێکی ئایدیۆلۆژی دروست بوو، بەو مانایەی خەتێکی ئایدیۆلۆژی دیاریکرا بەناوی (ئایدیۆلۆژیای ڕزگاریی ژن)ەوە.. ئایدیۆلۆژیای ڕزگاریی ژنیش وەکو چەمکێکی هەرە ئەساسی وەها لەخۆنرا کەوا پێویستە لەژێر ناوی پارتیدا ئەم ئایدیۆلۆژیا و خەتە فیکرییە لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا بەژنان بناسێنرێت، هەروا بەتەواوی کۆمەڵگاش بناسێنرێت و، لەسەر ئەو بنەمایە گۆڕانکاریی وەرچەرخانی کۆمەڵگا و خێزان و تاک (واتە هەم ژن و هەم پیاو بەبنەما وەربگیرێ). بۆیە ئەرکێکی ئەساسی پارتی ژنان لەو کاتەدا بەمشێوەیە بووە.

***ئەی پێتوایە ئەو تایتڵەی کە ئەو ڕێکخستنانە لەئامێز دەگرێت و کۆیاندەکاتەوە، دەکرێ چ ناوێکی لێ بنرێت؟**

-ئەوکاتە زێتر بڵێین پارتی ژنانی کرێکاری کوردستان (PJKK)، ڕێکخراوی ژنانی گشتیی بوو لەهەر چوار پارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیشدا بەم ناوە کاری کرد و خەباتی جیاجیای خۆی هەبوو لەبواری ڕاگەیاندن و سیاسیی و ڕێکخستنییەوە (ڕێکخستنەکانی گەل) ئەم شتانەی هەبوو. بەڵام لەوێ بەدواوە ئێوەش ئاگادارن گەلێک گۆڕانکاریی ڕوویداوە لەبواری تێکۆشانی گشتیدا. بۆیە حەرەکەتی ژن بەگوێرەی ئەوە کار و خەباتی خۆی گونجاند. لەدوای ئەمەش ئیدی کۆنگرەیەکی

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

دیکه بەناوی پارتی ژنانی ئازاد (PJA) ئەنجامدرا و خۆی ڕێکخست. ماوەیەکی درێژ بەو ناسنامە ڕێکخستنییەوە کار و خەباتی خۆی بەڕێوەبرد. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی کارەکان و داخوازیی و پێدوایستییەکانی ژناندا – بۆ نموونە لەقۆناغی رابردوودا ژنان زێتر پێویستیان بەئاشنابوونی فیکری ئایدیۆلۆژیای رزگاریی ژن هەبوو، تا ماوەیەک تێکۆشانێکی لەم چەشنە پەیڕەو کرا- بەڵام دوا بەدوای ئەوە پێویستیان بەوەش هەبوو کە بەشێوەی ڕێکخستنی جیاجیاش خۆیان ڕێکبخەن، چونکە لەم ساڵانەی دواییدا گفتوگۆ لەسەر ئەوەش کرا کە تەنیا لەچوارچێوەی پارتییەکدا ناتوانرێت وەڵامی پێداویستییەکانی ژنان و کۆمەڵگا بدرێتەوە، چونکە لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا چینی جیاجیا دەردەکەون و تەنیا کێشەکان کێشەی سیاسیی نین. واتە کێشەی جیاجیای ژنان هەیە کە پێویستە لەهەموو بوارەکاندا بەشێوەی جیاجیا و بەشێوازێکی دەوڵەمەند لێی بچینە پێشەوە تا بتوانین بەشێوەیەکی گشتگیرانە کێشەکان هەڵبسەنگێنین. لەبەرئەوە لەو گۆڕانکارییانەی کە لەو ماوەیە ئەنجامماندا بریتیبوو لەسەر لەنوێ هەڵسەنگاندنی کار و خەباتی پارتی. ئەمڕۆش پارتی ژنانی ئازاد لەپێنجەمین کۆنگرەی خۆیدا بەرەو گۆڕانکاریی پێنگاڤی هەڵگرتووە، ئیدی پارتی ژنان وەکو هێندێ لایەنی ناو خەباتی خۆشییەوە گۆڕانکاریی ئەنجامداوە. ئارمانجی ئەو گۆڕانکارییەش ئەوەیە کە ئیدی پارتی وەکو ڕێکخراوێکی ئایدیۆلۆژی یان وەکو ناوەندێکی ئایدیۆلۆژی بێت. لەوێدا کادیر پەروەردە بکرێت و خەباتکاری حەرەکەتی ئازادی ژن لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای رزگاریی ژن پەروەردە بکرێت بۆئەوەی ئەو کادیرانە لەهەموو گۆڕەپانەکانی کار و خەباتدا

بتوانن پێشەنگایەتی بۆ تێکۆشانی ئازادیی ژن بکەن لەبواری فیکریدا. بەڵام ئەمە پێناسەی تازەی حەرەکەتی ژنە، بۆ نموونە جاران پارتی ژنانی ئازاد هەموو خەباتەکانی پارتی دەکرد. هاوکات خەباتی راگەیاندنی و سیاسیی و رێکخراوەیی و رێکخستنی و کۆمەڵایەتیشی دەکرد. هەموو ئەو خەباتانە لەنێو پارتی ژنانی ئازاددا کۆکرایەوە. واتە پارتی ژنانی ئازاد جاران وەکو چەترێک رۆڵی خۆی دەگێڕا، بەڵام ئێستا جیاوازە و وەزیفەکەی گۆڕاوە. ئێستا وەزیفەی پارتی وەزیفەیەکی ئایدیۆلۆژییە و تەنیا خەباتی ئایدیۆلۆژیی و خەباتی پەروەردەیی دەکات. ئەکادیمیای ژنان دەکاتەوە، تەنانەت خەباتی پەروەردەکردنی هەڤاڵانی کوڕیش. واتە بەشێوەیەکی بەرفراوان خەباتی ئایدیۆلۆژیی و فەلسەفی و تیۆریی بەڕێوە دەبات. بێجگە لەوەی تائێستا بابەتی گفتوگۆکانی حەرەکەتی ئازادیی ژن بەگشتیی ئەوەیە کە لەدەرەوەی پارتی ژنانی ئازادیی کوردستان پێویستی بەبنیادنانی رێکخراوەیەکی دیکەی ژنان هەیە بۆئەوەی کەوا بتوانن بوارەکانی دیکەش بخاتە گفتوگۆوە. بۆیە ئەو قۆناغەی ئێستامان بەقۆناغی سەرلەنوێ بنیادنانەوە نێوزەد دەکەین. واتە قۆناغی سەر لەنوێ بنیادنانەوەی حەرەکەتی ئازادیی ژن. لەنێویشدا بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان پرۆژەی پەرەپێدانی ژن ئەوەیە کە لەهەر پارچەیەکی کوردستان بەجیا و بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانی ئەو پارچەیە تەڤگەریی ژن بنیاد بنرێت و لەسەر سێ بنەمای سەرەکی کار و خەباتی خۆی بەڕێوە ببات:

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

1- خەباتی (یەکێتی ژنانی ئازاد) لەبواری سیاسیی و ڕێکخستنیدا لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا، وەکو ڕێکخستن یەکێتی ژنانی ئازاد بنیاد بنرێت.

2- خەباتی ئایدیۆلۆژیی بەناوی (PAJK) بەڕێوەی دەبات.

3- خەباتی پاراستنی ڕەوا، ژنان لەنێو هێزی پاراستنی ڕەوادا لەبواری سەربازیدا کۆشش بکەن.

لەساڵی ٢٠٠٥ کە هەڵسا بەئەنجامدانی کۆنگرەیەک بۆئەوەی ئەو ڕێکخراوەیە بەشێوەیەکی فەرمی بەناو بکرێت و ڕێکخراوێکی گشتیی ژنانی وەها ئاوا بکرێت کە بتوانرێت تێیدا هەم خەباتی ئایدیۆلۆژیی هەم خەباتی سیاسیی و سەربازی بەشێوەیەکی بەرفراوان سەر لەنوێ ڕێک بخرێتەوە.

***ئەی لەم نێوەندەدا خەباتی باشووری کوردستان تاچەند پشت بەخەباتی – ئایدیۆلۆژیای رزگاریی ژن– ەوە دەبەستێت؟**

-وەکو لەوەوبەر هێمام بۆ کرد، سەرەتا پارتی ژنانی ئازاد ڕۆڵی چەترێکی دەگێڕا. بەو مانایەی تەواوی خەباتەکانی لەنێو خۆیدا کۆکردبووەوە و تێیدا نەک تەنها ژنانی کورد بەڵکو تەواوی ژنانی دیکەشی دەخستە نێو خۆیەوە، هەر بەم ناسنامەیەوە لە ئەورووپاشدا گەلێک پلاتفۆرمی نێونەتەوەیشی جیا بەم ناوە خستە سەر.

بەڵام لەکۆنگرەی پێنجەمدا کاتێک کە گۆڕانکاریی ئەنجامدرا، ئێمە ئەوەمان بەبنەما گرت. وەکو گوتم پارتی ئازادیی ژنانی کوردستان وەک پارتێکی ئایدیۆلۆژی خۆی ڕێک بخات، ئیدی پێویستی بەوەیە کە بەناسنامەیەکی هەرێمی و نەتەوەیی خۆی بتوانێ پێشەنگایەتی بۆ ئەو ئایدیۆلۆژیایە بکات. واتە بڵێین ژنانی

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

کورد زێتر پێشەنگایەتیان بۆ ئەو خەتە ئایدیۆلۆژییە کردبوو لەرێبازیی هێڵی ئێمە حەرەکەتێکی فێمنستی زانستیانەین. بۆ جاری یەکەمیش ئایدیۆلۆژیای ژن، ژنانی کورد پشتگیریان لێکرد و لەتێکۆشانی خۆیاندا پەیڕەویان کردووە، بۆئەوەی ببێتە پارتی کادیران، لەجیاتی لەنێو جوگرافیای کوردستان و رۆژهەڵاتی ناویندا بەناسنامەی هەرێمی خۆیەوە بتوانێت پێشەنگایەتی بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی گەردوونی بکات، کە پاشگری کوردستانی پێوەیە. نەک بەو مانایەی لەلایەنی ئایدیۆلۆژییەوە سنووردار و لاتەریک بمێنێتەوە.

*** بەڵام هەمدیسان چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای رزگاریی ژن تەنیا ئایدیۆلۆژیایەکی رەگەزیی و کۆمەڵایەتی نییە یان ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەیی نییە بۆ ژنی کورد؟!**

– بەڵکو ئایدیۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتی و لەهەمانکاتدا گەردوونیشە بۆ تەواوی ژنانی دیکەش کە هەڵگریی بانگەشەی تێکۆشانن. لەسەر ئەو بنەمایە گۆڕانکاریەکی وەها ئەنجامدراوە.

*** ئەی بۆچی جاران فراوانتر بوو، پاشگری کوردستانی پێوە نەلکابوو و سنوورێکی لەم چەشنەشی بۆ دانەنرا بوو، بەڵام لەبەرچی ئێستا کوردستانییە؟ !**

ئێمە لەکۆنگرەدا وتوێژ و راوێژمان کرد لەسەر ئەو مژارە و گووتمان ئەگەر ئێمە پارتێکی ئایدیۆلۆژیی رێک بخەینەوە، ئەوا پێویستە دەرفەت و بواری دیکە بکەینەوە بۆئەوەی کە بتوانین

ژنانی دیکەش لەناویدا جێبگرن. ئێستا وەکو هێمام بۆ کرد بێجگە لە (PAJK) ڕێکخراوی دیکەش بونیاد دەنێین. هەموو ژنانی دیکەش دەتوانن لەو بوارانەی لەکار و چوارچێوەی هەمان ڕێبازدا تێکۆشانی خۆیان پەیڕەو بکەن.

*** من لەدوماهیی ئەو دیدارەدا دەخوازم پرسیاری ئەوەتان لێبکەم ئێوە دواجار ناترسن لەوەی ببن بە ڕێکخراوێک یان بزووتنەوەیەکی فێمینستی؟!**

– دەتوانین بڵێین، ئێمە حەرەکەتێکی فێمنستی زانستیانەین. فێمنستیش بەگوێرەی خۆی بۆ تێکۆشانی خەباتی ژن گەلێک خزمەتی کردووە. بۆیە ناتوانین بەتەواوی ڕەتی بکەینەوە، بەگوێرەی ئەو قۆناغانەی کە هاتووە ئەوانیش لەکات و سەردەمی خۆیدا خزمەتیان کردووە. بێگومان زۆر شت هەیە کەوا ئێمە ڕەتی بکەینەوە. لەزۆر لایەنەوە ئەو ترادسیۆن و داب و یاسا کۆمەڵایەتیانەی کە هەیە ڕەتی بکەینەوە. بەو مانایەی ئێمە فێمینستین، بەڵام ڕەتکردنەوەی ئێمە لەسەر ئەساسێکی قەبە یان پەڕگیرییەک نییە، واتە ڕەتکردنەوەیەکی بێ ئاڵتەرناتیڤ نییە، بەڵکو ئێمە شێوازی چارەسەریی و مۆدێل و پرۆژەی ئەقڵانیمان هەیە. بۆ خێزان و بۆ کۆمەڵگا پرۆژەمان هەیە. هەروا بۆ پێگەیاندنی کەسایەتی پیاو و ژن پەروەردەکردنی منداڵ و سیستمی خوێندن و هەموو بوارەکانی ژیان خاوەن پرۆژەین. ڕەتکردنەوەی ئێمەش بەتێڕوانینێکی ڕەگەزانەی وشک نییە،

بەڵکو تێکۆشانێکی ئینسانییە. لەهەمانکاتیشدا لەکەسایەتی پیاو و ژنیشدا بڕوامان بەو پرەنسیبە هەیە بەردەوام لەگۆڕانکاریی و وەرچەرخان دابین. بۆیە ئێمە فێمنستێکی زانستیانەین. بەو مانایەی رەتیشی دەکەینەوە، لەهەمانکاتدا زۆر لایەنی کەقبووڵیشی بکەین هەیە. ئیدی ئەو لایەنانەی کەوا قبووڵی دەکەین ئێمە بەوپەڕی هیوا و باوەڕییەوە هەوڵی گۆڕانکاریی و وەرچەرخانی ئەو کێشە و ئاریشانەش دەدەین، چونکە ئێمە بەکێشەیەکی رۆژانەی نازانین، بەڵکو کێشەیەکی پێنج هەزار ساڵییە و رەگ و ڕیشاڵێکی مێژوویی دوور و درێژیی هەیە.

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

# هەندێک لە نامەکانی

# شەهید ڤیان جاف

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:  www.hewalname.com/ku

دەقی نامەکەی هەڤاڵی سەرکردە "ڤیان جاف" کە بەدەستوخەتی خۆی لە ٢٤ لاپەڕەدا بۆ هەڤاڵانی و گەلی کوردستان بەگشتی و گەلی باکوور و باشوور بەتایبەتی و سەرۆک ئاپۆ و بنەماڵەکەی نووسیوە:

**بۆ هەڤاڵانی خۆشەویستم**

مانگێک ماوە بۆ هەفتەمین ساڵڕۆژی ١٥ی شوبات و تێپەڕبوون بۆ هەشتەمین ساڵی دەستگیرکردنی سەرۆک. هەر لەئێستاوە دڵم وەک بورکانێ دەکوڵێ و لە هەلێک دەگەڕێ بۆ تەقان. وابزانم لەسرووشتیشدا بورکان و دیاردە جۆربەجۆرەکانی دیکەش بەردەوام پێویستیان بەکات هەیە بۆ تەقاندن و پێکهێنانەکانیان. هەروەک داری میوەیەک کەهەتا پێنەگات و کاتی نەیەت خۆی لەلقی دارەکانی جیاناکاتەوە. واتە لەگەل زەماندا لەنێو پێشبڕکێیەک دایە و ئەوەندە بەدارەکەوە دەمێنێ کەپێویست دەکا. زاتەن ئەگەر وانەبێ، ئەوا میوە نابێ بەمیوە و زیندووبوونی خۆی و هەبوونی خۆی و هەستە ناسک و تامە سەرسووڕهێنەرەکەی ناسەلمێنێ. خۆ بورکانیش وەهایە داری میوەکە چۆن نەرم و نیانی و جوانی و بەخشینی خۆی هەموو دەکاتە سێوێ یان دەنکە هەنارێ و پاداشتی چاکەی مرۆڤەکان و یان رۆڵەکانی خۆی دەداتەوە، ئەوا بورکانیش

کەوەختی هات دەزانێ چۆن و لەکوێ تووڕەیی خۆی نیشانبدات و سزای مرۆڤە بێ وەفا و ئەهریمەن ئاساکان بداتەوە.

**هەڤاڵان، دۆستان، هاوڕێیان، ژنە ئازار چەشتووەکان**

منیش ئەمەوێ شتێکتان بۆ بدرکێنم، بەڵام ئامان سەد ئامان زویر مەبن و زەماوەند بگێڕن زەماوەند، چونکە دەزانن منیش زۆرم حەز لەزەماوەندە کاتێ هەڵدەپەڕم وادەزانم لەوکاتەدا باڵ دەگرم و دەفرم. ئەڵێم منیش وەک رۆڵەیەکی دایکە سرووشت و پارچەیەکی بچووکی گەردوون دەبێ یاسای پیرۆزی ژیانێکی شەرەفمەندانە پەیڕەوبکەم و واتایەک بدەمە سووڕی ژیانم. ئیدی دڵنیام لەوەی منیش وەک داری میوەیەک کاتی ئەوە هاتووە کەبەرهەمێک بدەمە گەلە ستەمدیدەکەم و ببمە هیوایەک بۆ خەیاڵە خنکێنراو و دەستڕێژکراوەکانی منداڵان و، کەمیش بێت ببمە وزەیەک بۆ پێشخستنی خولیای ئازادی ژنە ئازارچەشتووەکان و لەهەمووشی گرنگتر ببمە مۆمێک لەنێو مۆمە گەشەکانی دەوروبەری دوورگەی ئیمرالی.

بەڵام ئەوەشتان پێبڵێم بۆ کارێکی وەها کاتی ئەوەش هاتووە کەسزای دەوڵەت و دەسەڵاتە گەندەڵەکان و پیاوە زۆردار و درۆزنەکانیش بدەمەوە. بۆ ئەمەش شەوی ١٥ی شوبات دەکەمە شەوی سزادانیان و بورکان ئاسا کین و نەفرینی نێو دڵی خۆم دەتەقێنم. شەوی ١٥ی شوبات دڵی "مەزڵوم دۆغان، زەکیە ئەلکان، بێریڤان و رووناهی، رەهشان و سەما"، تادەگاتە "فیکری بایگەلدی" و دوایین هەڵقەی ئاگرینی ئازادی لاشەی "سەردار" ئاسای لەدڵی مندا لێدەدەن و گوێم بەدەنگی رێگەی ئەوان و دروشمەکانی "یان ئازادی یان مردنێکی بەشەرەف" و "بژی

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

رێبەر ئاپۆ" دەزرینگێتەوە. مێشکم تەنیا زەنگێکی تێدایە و لەسەر یەک بانگی جیهاد دەکات و ئەو زەنگە کلیلبوونە بەئامانجەکەمەوە و ١٠٠٪ سەرکەوتنی ئامانج، پێکهێنانی چالاکی گەرەنتی دەکات، بڵێسەی ئاگری "سەما" و "سەردار" ئاسا لەلاشەی منیشدا گەشتر دەبێ و نایەڵم ئۆجاخی وارگەی ئاپۆکەمان ساردبێتەوە. لەناوەڕاستی زستانی زۆر زەحمەتدا بەتینی ئاگری لەشم دەمەوێ پەیامێک بدەم و بانگێک بکەم، ئەم پەیامەش پەیامی ئازادییە و بانگی منیش بانگی پاراستنی سەرۆک ئاپۆ و بڵندکردنی چالاکی و تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن.

**لەگەڵ رێزو سڵاومدا**

**15/1/2006**

**رۆژی سزای حوجرە لەسەر سەرۆک**

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## بۆ هەموو هەڤاڵانی هێژا:

لەPKK دا گەورەترین چالاکی خودی سۆزە (گوتنە) بەڵام کاتێ گوتنیش واتای خۆی ونکرد، بزانن کەغەفڵەت هەیە، بێ ویژدانی هەیە، داڕووخانێکی ئەخلاقی هەیە. دەرئەنجامی ڕەوشێکی وەهاش مسۆگەر خیانەتە. گەلی کورد، ژن و PKK و سەرۆک ئاپۆ لەبەرئەوەی بەردەوام لەپشتەوە خەنجەریان لێدراوە، هەموو هەست و هۆش و هەڵبەست و گۆرانییەکانیان، لاوانەوە و گوت و بێژەکانیان بەکەسەرێکی مەزنەوە، بەڵام هاوکات بەئیرادەی بەرخۆدانی و تێکۆشانیشەوە باس لەخیانەت دەکەن و وەکو شەڕی نێوان ئاهوورامەزدا و ئەهریمەن لەنێو پێکدادانێکدان. زەردەشت دەڵێ: لەئەنجامی ئەم شەڕەدا چەندە زەحمەتیش بێت ڕووناکی واتە ئاهوورامەزدا هەر سەردەکەوێ، بەڵام بەمەرجێ مرۆڤەکان باش بفکرن، جوان قسەبکەن و باش بکەن. جائەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە کەباش بفکرین، جوان قسە بکەین و باش بکەین، تاوەکو فکری ئاهوورامەزدای سەردەم سەربکەوێ.

لەنووسینەکەی ترمدا لەئەنجامی بیرکردنەوەکی دەمدرێژ بڕیارمدا کە لەشەوی ١٥ی شوباتدا چالاکی پێک بهێنم، چونکە وەک ژنێک، وەک کوردێک نامەوێت پێ بنێمە نێو هەشتەمین ساڵی گرتنی سەرۆکایەتی و هەشتەمین ساڵی دەستگیرکردنی ئاشقی ژنان و جارێکی دیکە هەستکردن بە لەخاچ دراوێتیم وەک ژنێک. دەزانم کە پارتی لەم زستانەدا هەندێک بەزەحمەت دەگاتە هەدەفی ئەهریمەنەکان و ئەوانیش هەردەچێ لەپێش

چاومان دڵ و مێشک و لاشەی گەلەکەم دەخۆن و مەترسیدارن. ئەمەش بۆ من پێکهێنانی چالاکییەک دەکاتە ئەمر. دەمویست چالاکییەکەم بژیم و پێک بێنم، بەڵام منیش لەو بڕوایەدام کەئەوەندەی پێویستە مرۆڤ بژی، هەروەها بەردەوام راستینەی "کاتێ گوتن واتای خۆی ون کرد سەرەڕە(نۆرە)ی چالاکی دێت و هەر چالاکییەکیش دەبێتە سەرەتای سەرلەنوێ واتا دیتنی گوتن و بەهێزکردنی هیوای ئازادی" لەمێشکمدا وەک زەنگێک بەردەوام لێدەدا.

لەلایەک رەوشی چارەنووسسازی ئەم قۆناخەی کەتێیداین و بەئەندازەی نزیکبوونەوەی ئەگەری چارەسەری کێشەی کورد و ئازادی، ئەو مەترسیانەی کە لەسەر سەرۆک و گەل هەن، لەلایەکی تریشەوە سەرەڕای هەبوونی گەلێک دەرفەت و ئیمکانی گەیشتن بەئامانج ئەو بێ هیوایی و رەشبینی و بێ بڕیارییەی کەتا دەگاتە ئاستی خیانەت، زیاتر و زیاتر هەر دەچێ من بەهێزتر دەکات و عینادی "یان پێکهێنانی چالاکی یان پێکهێنانی چالاکی" پێش دەخات.

**هەڤاڵانی هێژام:**

ئەم بڕیارەی من تازە نییە، لەراپۆرتێکدا کە لەمانگی تەممووزدا بۆ پارتی و راپۆرتێکیش کە بۆ YJA-STAR نووسیبووم، دیاریم کردووە کەبڕیارێکی دەمدرێژ و لە ١٩٩٩ بەدواوە داومە. بەڵام لەلایەک ئەو قۆناخە ئاڵۆزەی کە حەرەکەت (بزووتنەوەکەمان) پێیدا تێپەڕ دەبوو و جددی پێویستی بەبەشداربوونێک هەبوو لەئاستی بەڕێوەبەرایەتی ژن و گشتیدا و لەلایەکیش هەلومەرجی سیاسی و تەکتیکی قۆناخ بەو تەرزە



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

ڕێگای بەپێکهێنانی چالاکی نەدەدا و گونجاو نەبوو بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتێکی نوێی سیاسی و تەکتیکی لە ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ ئەم هەلە رەخساوە و ئیدی لەو بڕوایەدام کەدەبێ و کاتی ئەوەش هاتووە تەڤگەری ژن و ملیتانەکانی وەک ٩٦ و ٩٨ لەدژی کۆمپلۆی نێوخۆ و دەرەوە چەمبەرێکی نوێ لەئاگر دروست بکەن و دڵ و مێشک و ویژدانە سەهۆڵبەندکراوەکان بتوێنێتەوە یانی لەدژی دۆستانی ساختە و هاوڕێیەتی کەم و لاواز، زیلان ئاسا، سەما ئاسا و سەردار ئاسا لەژیاندا و لەچالاکیدا وەڵامدانەوە پێویستە. لەوانەیە بڵێن بۆچی بەو شێوەیەی چالاکی دەکەیت و رەخنەشم بکەن و یان دەبێ سەرۆکیش پەسندی نەکات، بەڵام ئەوەی من تێگەیشتووم لەپێشکەوتنی تێکۆشانی ئازادی لەکوردستاندا ئەوەیە کەئازادی و قەڵەمبازی نوێی بەرەو ئامانج و چارەسەری هەتا رۆژی دواییش بێ بەدەل نەبووە و نابێ. ئەمە نەریتێکی دەستلێبەرنەدراوی تەڤگەری ئاپۆچییە بەگشتی و تەڤگەری ژنیشە بەتایبەتی، منیش دەمەوێ وەک کادیرێکی ژن درێژە بەم نەریتە بدەم لەگەڵ جارێکیدی هاتنەوەم بۆ نێو HPG و YJA-STAR بەئەشق و مۆراڵێکی مەزنەوە پیلانی ئەوەم دادەنا کە لەرۆژی ١٥ی شوباتدا لەدوو جێ و یان دوو هەدەفدا چالاکی پێک بێنم. یەکەمیان بێ ئەوەی زەرەر بەخۆم بگەیەنم لەنێو مەرکەزی بەکۆیلەکردن و بەفاحیشەکردنی ژن لە کوردستاندا و دووەمیشیان لەنێو دڵی یەکێک لەناوەندەکانی بەڕێوەبردنی شەڕ و دەوڵەتی تورکیا زیلان ئاسا هەژانێک دروست بکەم. بەڵام هەلومەرجی زستان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە تێرنەبوونی ئەو نیقاشانەی کە لەم چوارچێوەیەدا لەگەڵ هەڤاڵاندا پێشمخست

و ئیقناعم نەکردن، بۆیە لەدوای گەڕانەوەم لەکۆنفرانسی YJA-STARبڕیاری ئەوەمدا کە لەچیاشدا بێت بەشێوەیەک چالاکی پێک بێنم و ١٥ی شوباتی ئەمساڵ بەگریان و بێچارەیی و بێ هیوایی نا، بەڵکو بەئەشق و هۆش و باوەڕییەکی مەزن پێشوازی بکەم. بەس لێرەدا ئەمەوێ لەسێ خاڵدا حەسرەتی خۆم بێنمە زمان و لەگەڵ ئێوەدا پارڤە (دابەش)ی بکەم؛ ئەویش ئەوەیە کە یەکەمیان وەک پیلانم کردبوو لەو زەمینەیەی کەدەمویست و ئەو هەدەفەی کەدامنابوو لەپێش خۆم پێی نەگەیشتم و پڕبەدڵ تۆڵەم نەسەندەوە. دووەمیشیان گەلی باکووری کوردستانم لەنزیکەوە نەدی و ئاشنابوون لەجوانی سروشتی باکوور لەدڵمدا ما. سێیەمیشیان بۆ ساتێکیش بێت سەر بنێمە سەر ملی سەرۆک و هەناسەیەکی قووڵم بدایە. هەرچەندە وەک حەسرەتێک بوون لەناخی مندا، بەڵام هاوکات بەوەش خۆشحاڵم و بەباوەڕیشم کە هاوڕێبازانی من لەجێی من و هەتا بەزیادیشەوە لەمەودوا ئەوانە پێکدێنن.

بێگومان وەک بەڕێوەبەرایەتییەک بیرکردنەوە و خۆئامادەکردن بۆ پیلانکردن و پێکهێنانی چالاکییەکی بەم شێوەیە زەحمەتە. چونکە رۆژانە تەڤلیبوونێکی بەهێز دەخوازێ. من لەم لایەنەوە هەوڵم دەدا کەهەتا رۆژی دواییش خۆم سویوت نەکەم(خۆم دانەبڕێنم) و بەشداری کار ببم، بەڵام مسۆگەر دەزانم کەوەکو پێویست لەماوەی ئەم مانگەی دواییدا باش یارمەتی هەڤالانم نەدا، لەم لایەنەوە داوای لێبوردن دەکەم.

**لەگەڵ سڵاو و رێزمدا**

**23/1/2006**

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

# بۆ بەڕێوەبەرایەتی و شەڕڤانانی هەرێمی هەفتانین

ماوەیەکی درێژ نییە هاتمە ئەم هەرێمە، ئێرەم زۆر خۆشویست، وەک بڵێی سرووشتەکەی بەردەوام لەگەڵمدا قسەی دەکرد، زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بوو بۆ من، لەهەمووشی گرنگتر رۆحی فیداکاری و دروستی هەڤالان حزوورێکی مەزنی دامێ. هەموو هەڤالانم زۆر خۆشویست بەپیاو و ژنەوە، وەکو مرۆڤ، وەکو کەسانێکی کە هەرکات گاڵتە بەمردن دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شتی کەنەفرەتم لێکرد و رەخنەم کرد و لەمەودواش رەخنەی دەکەم هەیە، بەتایبەتی لەنێو زۆر کەسایەتیدا دوودڵی و بێ باوەڕی، گلەییکردن و قڕێژکردنی ئەشق و خۆشەویستی، یان بەگشتی هەڵوێستی کەسایەتی گەلەنەکسەل (نەریتی باو) ی ژن و، فیودالێتی و لەخۆڕازیبوونی پیاو بۆ جارێکیدی لێرەدا منی لەناخەوە بریندارەکرد، لەوانەیە هەندێک جار لەلایەنی ئیفادەکردن و ئوسلوبەوە ئێوەم زویرکردبێ، بۆیە داوای لێبوردنتان لێ دەکەم، بەڵام جارێکیدی لەپشت ئەو رەخنانەم رادەوەستم کە پێشمخستووە سەبارەت بەنزیکبوونەوەی کەم و لاواز ئەو رەخنە و رەخنەدایین و کولتووری دەدەقوودی (پاشەملە) و تەرزی تێکۆشانێکی داخراو و نهێنی کەبەردەوام وەک دینامیتێکە بۆ رێکخستن، لەو بڕوایەدام هەریەک لەئێوە و هەر کادیرێکی PKK لەبەرامبەر پێشخستنی ژیانی رێکخستن و پاراستنیدا و هاوکات لەبەرامبەر پێشخستن و پاراستنی مرۆڤ لەکەوتنە نێو بێ باوەڕی و بێ

بڕیاری و خیانەت خۆ بەرپرسیار ببینن لەکات و شوێنی خۆیدا ڕەنجی فیکری و ژیانی بدەین، هیچ شتێکی کە سەرنەخەین و ئەنجام نەگرین نییە، چونکە لەبنگەهی دووبارەبوونەوە و چارەسەرنەکردنی کێشەکانی ژیانی ڕێکخستنیمان و بەتەواوی سەرنەخستنی ئەو هەڵمەتە سیاسی و تەکتیکیانەی کە بۆ ئازادکردنی سەرۆک و چارەسەری کێشەی کورد دیاری دەکەین، بێ بەرپرسیاریێتی کادیر و بەپارتی نەبوونیەتی، یانی ئەو مەنتقە هیرارشییەی ئێمەیە کە پاراستن و پێشخستنی ڕێکخستن تەنیا عایدی توێژێکی بچووک واتە (بەڕێوەبەرایەتی) دەبینن، کاتێک ئەمە دەڵێم وا تێمەگەن کەتاک لایەنە کادیر یان تاک تاوانبار دەبینم، چونکە کەم وکورتی و لاوازی ڕێکخستنیشی بەئەندازەی کادیر هەیە و دەبینرێ، زاتەن لای من بەردوام فۆرمیلی "پێشکەوتنی تاک یەکسانە بەپێشکەوتنی ڕێکخستن و پێچەوانەکەشی ڕاستە"، تێڕوانینێکی سەرەکییە لەبەدەستەوەگرتنی کێشەکان و لە "ئۆلایی" و "ئۆلگو" (ڕووداو و دیاردەکان)دا، لەسەر ئەم بنەمایەش دەڵێم نهێنی پارتی بوون و سەرکەوتنی کادیر تەنیا شتێکە ئەویش ئەوەیە کەسەرەڕای هەبوونی لاوازی و کەموکورتییەکانی ڕێکخستن، خۆ بەخاوەنی ڕێکخستن ببینێ و خۆی بەپارچەیەکی سەرەکی ببینێ و هاوکات ڕەخنەی بکات و بۆ پێشخستنیشی لەدڵەوە هەوڵی بۆ بدات. بۆیە چەندە زەحمەتیش بکێشین و بشکێین هەر دەبێ ئەم ژیانە، ئەم ڕێکخستنە لەچاومان باشتر بپارێزین، چونکە ئەم ڕێکخستنە ڕێکخستنێکی دەوڵەت و یان چینێکی سەردەست نییە. ڕێکخستنێک نییە کەهێزی خۆی ماددی و مەعنەوی لەجێیەکی دیکە دزی بێت، ئەم ڕێکخستنە بەئارەقەی نێوچاوانی گەلێکی

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

ڕەنجدەر و خوێنی گەش و شیرینی بەهەزاران کچ و کوڕی دڵگەرم و ئاشق خوڵقێنراوە، بۆیە خاوەن لێدەرکەوتنی واتای خاوەن دەرکەوتن لەشەهیدان و گەل و وەکو شەخس خاوەن کەسایەتی بەئەخلاق و بەشەرەفە، پێچەوانەکەشی داڕووخانێکی ئەخلاقی و بێ ویژدانییەکی مەزنە کەئەنجامەکەی وەکو "ڕێزان و نوژین" ئاسا بەرەو خیانەت دەچێ.

**هەڤاڵانی هێژا**

لەوانەیە ئەم چالاکییەی من کاریگەری لەسەر ئێوە بکات، بەڵام تکام ئەوەیە کە بەشێویەکی عاتیفی نزیک نەبنەوە و زویر نەبن (ئوزولمەیین). چونکە هەڵمەتی ٢٠٠٦ بەشداربوونێکی بەهێز و ئاوارتەی لەهەمووومان دەوێ. منیش وەکو کادیرێک، وەکو ملیتانێکی ژن بەمشێوەیە دەمەوێ کاتکی (بەشداربوونی) خۆم نیشانبدەم و پەیامی خۆم بدەمە هێرشەکانی کۆمپلۆ (پیلانگێڕی) لەدەرەوە و ناوەوەی ڕێکخستندا و هاودەنگی خۆم لەگەڵ چالاکییەکانی گەلدا بکەمە یەک دەڵێن کات وەکو خەنجەرێکە ئەگەر نەیبڕیت، دەتبڕێت، بۆیە کاتی ئێمەش بۆ پەروەردە و ئامادەکاری هەتا بەهارە، بەبۆنەی منەوە هیچ ڕۆژێکیش لەبەرنامە مەگۆڕن، چونکە هەریەک لەئێوەش لەهێڵی فیداییدا بۆ بەهار خۆتان حازر دەکەن، منیش یەکێکم لەئێوە و لەئێستاوە ئەگەر بتوانم سەری بخەم، ئەرکی ئاسایی ملیتانێتی خۆم پێکدەهێنم، چالاکی ئەم قۆناخە هەمەلایەنەیە. واتە تەنیا بەشێوەی زیلان و سەما نابێ. دەزانم کەفیدایەتی لایەنی ژیان و بڕیار و پێشەنگایەتیکردنی، پراکتیزەکردنی تەکتیک و تێگەیشتنی فەلسەفە و ئایدیۆلۆژی و پەیوەندی هەڤاڵێتی دروست و بێ

دوودڵی چووینە بەسەر هەدەفدا و خوڵقکاری و مسۆگەر کلیلبوونە بەسەرکەوتنەوە، لەو بڕوایەدام کە هاوڕێبازانم سەرباری هەموو کەم و کورتییەکانیان خاوەن لەم راستییە دەردەکەون هەروەک چۆن لەدەمی رابردوودا لێی بەخاوەن دەرکەوتن، بەڵام ئەوەش راستییەکە کە لەرابردوودا نیوەناچڵ ئەم راستییەمان پێکهێنا هەتا ئێستاش وەکو کادیر راوەستانی وەسەت و ناوینمان تێنەپەڕاندووە، لەم لایەنەوە بڕیاری من بۆ پێکهێنانی چالاکی بەشێوەیەکی وەها لەپێناو جارێکیدی قازانجکردنی واتایە بۆ ئەو گوتنانەی کەدەیکەین و رزگاربوونە لەو کێشانەی کەدووبارە دەبنەوە. ناڵێم با کەماسی (کەموکورتی) نەبێ، بەڵام دووبارەبوونەوە مەترسیدارە و بنگەکەشی لەبەتەواوی باوەڕنەکردن و ئیقناع نەبوونمان بەگوتنەکانمانەوە دێت. چالاکی من پێش هەرشتێ رەخنەدانێک دەبێ لەهاوڕێیەتی لاوازم لەگەڵ سەرۆکدا و کەمێکیش بێت دەمەوێ رۆڵ بگێڕم لەپێشخستنی شۆڕشی زیهنی و ویژدانی و ئەخلاقی لەنێو تەڤگەری گشتی و ئاپۆچی و تەڤگەری ژن بەتایبەتیدا. سەرچاوەی هێزی ئەم چالاکییەش ئەو ئیلهامەیە کە لەبەرگرینامەکانی سەرۆک و زیندووبوونەوەی رۆحی PKK وە دەیگرم. هاوکات چالاکییەکەم لەدژی تۆپ یەکون (هەمەلایەنە)ی دوژمن لەسەر سەرۆک و گەل و تەڤگەر رەفلێکسێک (کاردانەوە)ی قەبووڵنەکردنی سیاسەتی مارژیناڵکردنی PKK و بێ سەرۆکایەتی چارەسەری کێشەی کوردە و سەرلەنوێ نیشان دایینی نەریت و گەلەنەکی بەرخۆدانی کادیری تەڤگەر و ملیتانی ژنی کوردە.

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

نامەویٚ زۆر درێژی بکەمەوە، چونکە ئەم راستییانە لەلایەن هەرکەسێکەوە دەزانریٚ، بەڵام ئەوەی کەمە لەگەڵ زانیندا هەرکات و ساتیٚ هەستکردنە. واتە لەنێوان زانینەکانمان و کردارماندا پردی هەستکردن لاوازبووە، بۆیە ئەوەی دەزانین باش پێکی ناهێنین، لەدواییدا ئەمەویٚ رەخنەی خۆم بدەم و داوای لێبوردنتان لێبکەم بۆ ئەوەی کە لەم دواییانەدا وەکو پێویست بەشداری کار و خەبات و پەروەردە نەبووم، بەڵام هەمووتان لەدڵەوە سڵاو دەکەم و یەکە یەکە هەمووتان لەباوەش دەگرم، لەبیرم نەچیٚ دەبیٚ بەتایبەت داوای لێبوردن لەو هەڤاڵانە بکەم کە لەهەمان کۆمیسیۆندا بووین، بەڵام دڵنیام کەهەڤاڵ دەزانن زۆر بەباشی دەور بگێڕن.

**دووبارە لەگەڵ رێز و سڵاومدا**
**26/1/2006**

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## لەشەخسی هێزیYJA-STAR ی هەفتانیندا بۆ تەواوی

## هێزەکانیYJA-STAR

گەلی کورد بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی لەپێناو بەدیهێنانی ئیرادە و ناسنامەی ئازادی خۆیدا گەلێک بەدەلی گەورەی دا و هێشتاش بەردەوامە و لەمەودواش وەک نەریتێک رۆژەکانی مێژوو دەنەخشێنێ. ئەندام بووین لەنێو تەڤگەرێکی وەکYJA-STAR دا بەڕاستی غرور و شکۆمەندی و روومەتێکی مەزنە. چونکە هەموو رۆژێ رۆحی پیرۆزی مرۆڤ تیایدا خۆ بەخت دەکەن و ئەوانەشی کەدەژین لەهەوڵی خۆبەهێزکردن دان لەدژی کۆیلایەتی. رێکخستنی YJA-STAR بەخوێنی بەهەزاران کچی جوان ئاو دراوە و رێکخستنێکی جەوهەری ژنە، بۆیە ئەمرۆ هیوای ژنە ئازارچەشتووەکانە و پێشەنگی جەسارەتی ژنە، یانی دەتوانم بڵێم کە YJA-STAR خوداوەندی جەسارەت و سزادانی پیاوە زۆردار و درۆزنەکانە . YJA-STARپەناگەی ئەو ژنانەیە کە لەئازادی و سەربەخۆیی دەگەڕێن، بۆیە دەبێ هیچ کادیرێکی ژن چ لەنێو PKK و-YJA STARو چ لەنێو هەر رێکخستنێکی دیکەی حەرەکەت (بزاڤ)ی ژندا خۆی بێبەری نەکا لەم روومەتە و هیچ کاتێ نکوڵی لێنەکا و یان لاوەکی نەبینێت. ئەوەی لەم زەمینەیە رابکات و یان مانای نەداتێ، بزانە لەئازادی خۆی رادەکات و مانا ناداتە تێکۆشینی ئازادی خۆی، چونکە ئێمە وەکو ژنی کورد لەزەمینی گەریلادا باوەڕی، ئیرادە و هێزی جەوهەری عاید بەژنانمان

پەیداکرد و ئەمڕۆ هەموو ڕێکخستنەکانی دیکەی ژنیش لەباوەشی دایکە "ستار"ەوە لەدایک بوون و گەورەبوون.

هەریەک لەئێمە ئەگەر لەئازادی راستەقینە دەگەڕێین ئەوا دەبێ لەو ڕێنماییەی سەرۆک تێبگەین کە دەڵێ:"هەموو کەس لەچیا دابەزن، کچان دەبێ بمێننەوە و لەئازادی خۆیان بگەڕێن"، ئەوە بۆ هەمووان مەبدەئێکی سەرەکی خۆ ڕێکخستنە لەدەم (کات)ی نزیک و دووردا و دەبێ بێ ئەوەی پشت ببەستین بەشێوەی ژیان و ئوسلەنمە (جێگیربوون) و تەکتیکی تەڤگەری گشتی و یان بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەبکەین کە چارەسەری کێشەی نەتەوەییمان بێت و ئێمەش هەموو دابەزینە نێو سیستەم، دەبێ لەپێناو پاراستنی جەوهەری ژندا لەشارەکانیشدا ببینە هێزی پێشخستن و پاراستنی ژنان، وەلێ ئەساس جێگربوونمان لەچیاکاندا بکەینە کارێکی سەرەکی و لەهەموو بوارەکاندا خۆمان ئامادەبکەین. بەمەش هەروەکو چۆن چیا بۆ گەلی کورد هەردەم بوو بەجێی خۆپاراستن و تەسلیم نەبوونی. داگیرکەران هاوکات دەبێ ئێمەش وەکو ژنی کورد چیا بکەینە قەڵای پاراستنی ژنان و وارگەی ڕینسانس و ڕۆشنبوونەوەی کۆمەڵێک کادیر و پێشەنگ کە بەردەوام بتوانێ ئاراستەی هێڵی ئازادی و سەربەخۆیی بداتە ئەو ڕێکخستن و دەزگایانەی ژن کە لەنێو کۆمەڵگادا کار دەکەن. واتە دەبێ دەمدرێژ-YJA STARو ئەو ژنانەی کە لەدڵەوە لەئازادی راستەقینە دەگەڕێن، بکەینە تەئمینات (گەرەنتی)ی پاراستنی هێڵی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن و نەهێڵین ببینە مەزهەبی سیستەمی باڵادەستی پیاو. ئەگەر وەها نەبێت، ئەوا مسۆگەر ناتوانین خۆ لەداوی سیستەمی زۆردارو درۆزنی پیاو رزگار بکەین. چونکە لەو

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

سیستەمەدا هیچ شتێکی بەبەرژەوەندی ژن نییە. کەواتە چیا بۆ ژنان تەنیا واتای خۆپاراستنێکی قەبەی چەکداری نییە و ئامانجیش تەنیا چارەسەری کێشەی نەتەوەیی نییە، بەڵکو هاوکات جێی پێگەیاندنی کادیری بەناسنامە و ئیرادەی ژنە و جێی رۆشنکردنەوەی زیهنییەتە، ئەگەر هەریەک لەئێمە لەم چیایەدا واتا و میسیۆن (رۆڵ)ێکی وەها نەدەینە چیا و ئەم ژیانەمان و بەگوێرەی ئەوەش بەجۆش و ئیدعا (بانگەشە) و بڕیارێکی علمی کەسایەتی خۆمان پێنەگەیەنین و لەدژی پاشڤەڕۆیەتی و کۆیلایەتی خۆمان و فێڵبازی و درۆ و دووڕووی و باڵادەستی پیاودا تێنەکۆشین ئەوا مومکین نییە کە کێشەی نەتەوەییشمان چارەسەر ببێ. چونکە سەرنج بدەن لەساڵی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤دا دەرفەتێکی گرنگ هەبوو بۆئەوەی کە لەرەوشی سیاسی ناوچەکە سوودوەربگرین و بەرەو چارەسەری هەنگاو هەڵبنێین، بەڵام گرووپی چەتە و تەسلیمکاری نێوخۆی حەرەکەت رێیان لێگرت و رووبەڕووی مەترسییەکی گەورە بووینەوە لەنێو ئەو گرووپەدا ژمارەیەک ژنیش هەبوون، ئەگەر ئەو ژنانە لەئازادی راستەقینە بگەڕانەیە و هەندێک ویژدان و ئەخلاقی ژنی کوردیان تیابووایە، حەتمەن ئەو گرووپەیان تەئسیر دەکرد و رێگایان لەو خیانەتە گەورەیە دەگرت، بەڵام بە پێچەوانەوە رۆڵیان گێڕا و خیانەتیان گەیاندە لووتکە و تەکانیان پێدا.

زۆر نموونە هەن سەبارەت بەرۆڵی ژن لەخیانەت و بەرخۆدانی نێوخۆی تەڤگەری ئاپۆچیدا، نموونەی هەرە نزیکیش رەڤی "رێزان و نوژین" بوو.... کەواتە رۆڵی ئێمە دەستنیشانکەر و چارەنووسسازە، ئیدی بائەمە بکەینە گوارەیەک و بیکەینە

گوێمان و سەراسەر (رووکەشانە) نزیک نەبینەوە و لەبیرمان نەچێتەوە، چونکە لەبیرچوونەوە، خیانەتە.

نامەوێ زۆر درێژ بنووسم، چونکە لەهەموو جێیەک لەمانگی شوباتدا کۆنفرانسی کادیر ئەنجام دەدرێ، لەوێدا باوەڕ دەکەم کەزۆر بە بەرفراوانی نیقاش دەکرێ و ئەوشتانەی کە من دەمەوێ بیلێم، لەمن باشتر نیقاشی لەسەردەکەن و بڕیار و پرۆژەش دەردەکەوێ، بەڵام تەنیا وەسیەتێکی من بۆ ئەو کۆنفرانسانەش ئەوەیە کەخۆمان فریو نەدەین و بەدوای ئیجادکردنی بڕیاری نوێدا نەگەڕێین، تەنیا بڕیارێک هەیە کەبیدەین ئەویش ئەوەیە کە ئایا بەگوێرەی ئامانجی ئازادی ژیان دەکەین یان نا؟ یان وەک سەرۆک پرس دەکات:"ژنی ئازاد کێیە؟ چۆن دەژیت؟" و وەڵامی ئەم پرسیارانەش بدەینەوە بڕیاری تەڤلیبوونێکی لەدڵ و مێشکدا و ویژداندا بدەین، بەسە. دوای ئەوە زاتەن کەسێکی بەبڕیار و نەت (یەکلاییبووەوە) لەئامانجیدا هەڵبەتە دەزانێ چۆن تێدەکۆشێ، چۆن شەڕ بکات، چۆن خۆی ڕێکبخات و سیستەمی خۆی ئاوا بکات. لەم چوارچێوەیەدا هیوادارم هەرکەسێ، بەڕێوەبەرایەتی، یاپی (مەبەست ئەو هەڤاڵانەی لەبەڕێوەبەرایەتی ڕێکخستندا نین - ڕۆژی وڵات)، هەڤاڵانی کۆن و نوێ بەگشتی ئەم کۆنفرانسانە بکەنەوە وەسیلەی خاوێنکردنەوەی دڵ و مێشک و بڕیاری ئەوە بدەن لەچووینە سەر کار و ئازادی بەولاوە هیچ شتێکی دی نەفکرن و شکایەت نەکەین و بەجەسارەت بڕیاری سەرکەوتن بدەین. ئەوانەی کە کۆنن، خاوەن ڕەنج و ئەزموونن با خۆیان لە نەهیلیزم ڕزگار بکەن و بەهای خۆیان بزانن و هاوپەیمانی خۆیان لەگەڵ ڕێکخستن و ئازادیدا نوێ بکەنەوە، ئەوانەشی کە



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

نوێن باهیچ خۆیان بێچارە نەکەن و فەقیر نەکەن. چونکە ئیمکانی ئازادیمان زۆرە، بەس تەنیا باتەمەڵی نەکەن و نەترسن لێ بگەڕێن و فێر ببن و تێبگەن و بۆ ئەوەی تێبگەن و ببن بەکادیری پاشەڕۆژ با لەسەرۆک و ژنەوە فێر ببن و ژن هێز ببینن و زوو نەشکێن و پاشگەز نەبنەوە.

هەر یەک لەئێمە وەکو ژن لەکۆمەڵگاوە هاتووین و پەنامان بردۆتە بەر چیا و لەم ژیانەدا لەئازادی دەگەڕێین، یانی لەکۆمەڵگادا فاحیشەیەتی، ئینتیحار، زەواج، خوێندن هەتا دوایی گەلێک ڕێگای دی هەبوو، بەڵام بەزانابوون و یان بێ زانابوون ئەو ڕێگایانەمان نەگرتەبەر و بەشداری ئەم ژیانە بووین. ئالێرە بەدواوە ناکۆکییەک هەیە و زۆر گرنگە کە چارەسەر بکرێ، ئەویش ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو ڕاستییە خیانەت و ڕەڤ، و یان لەم ژیانەدا لەبن ناوی خۆشەویستی و ئەشقدا خۆمان دەکەین بەعایدی پیاوێک و هەوڵ دەدەین کە پیاوێکیش بکەینە عایدی خۆمان. هەروەها هەندێک هەڤاڵیش لەوانەیە لەنێو لێگەڕیندا بن ئایا حەزکردن چییە و چۆنە و، یان هەندێکیش دەڵێن: زاتەن ئەمە شتێکی قەدەخەیە و وا باشە خۆ باسترمە بکەم (خۆبچەپێنم) و کاربکەم بۆ ڕێکخستن، بەردەوام ڕادەکات لەم ڕاستییە. هەندێکیش دەڵێن: ئاستێکی من هەیە، من دەتوانم هەم لەگەڵ پیاوێکدا ژیان بکەم و جێی ئەو لەدڵ و خەیاڵی خۆمدا بکەمەوە و هەم کاریش بۆ گەل و سەرۆک و ژن بکەم. بەهەر حاڵ هەریەکە و بەشێوەیەک ناکۆکی ژیان دەکات و

سەرەڕای ئەوەی کە ڕێنمایی سەرۆک دیارە، هەر یەکە بەگوێرەی خۆی ڕێبازێکی گرتۆتەبەر. من ئەمە بەکێشەیەکی سەرەکی دەزانم. وەک هەندێک هەڤاڵ دەڵێن:"ئەم کێشەیە دوای مەسەلەی ریفۆرمی جڤاکی دەرکەوت" وەهاش نایگرمە دەست، چونکە ئەمە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، مرۆڤایەتییە و دەرئەنجام لەنێو ئێمەدا کێشەیەکی ئایدیۆلۆژییە و، ئەگەر پێشتر لەکەسایەتییەکاندا چارەسەرکراو بووایە، ئەوا ریفۆرمی جڤاکی هیچ کاریگەرییەکی نەدەبوو. زاتەن لەبەرئەوەی کێشەیەکی وەها هەبوو، ئەو گرووپە نیازخراپەش باسی لەشتێکی وەهاکرد، بۆیە دەبێ پێش هەر شتێ لە ئایدیۆلۆژی و فەلسەفەی سەرۆک ئاپۆ باش تێبگەین کە فەلسەفەی حەزکردن و ئەشق بەخۆیە. لەم فەلسەفەیەدا عایدیەت، موڵکییەت و تاپۆکردن نییە، بۆیە پێویستە ئەم خاڵە بەباشی نیقاش بکەین و لەناخدا بڕیار بدەین و تەرجیح بکەین، لەم خاڵەدا تەقلی سەرۆک ببین و ئایدیۆلۆژی قبوڵ بکەین. ئەوا لەهەموو بوارەکانی دیکەشدا مسۆگەر تەڤل دەبین و هیچ ئاستەنگییەک نابێ لەپێشماندا، چونکە خودی سەرۆکیش دەڵێ:" شەڕی ئێمە لەجەوهەردا شەڕی ئەشق و خۆشەویستییە"، جا ئەگەر ئەمڕۆ لەکارەکانماندا وەکو کادیر چ کوڕ چ کچ بەنیوەناچڵ ئەنجام دەگرین وە یان زۆرجار ئەنجام ناگرین، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە هەیە. واتە بەئەشق و حەزکردن تێناکۆشین و وزەمان ناخەینە خزمەت ئامانج، چونکە

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

هێشتا لەناخی ئێمەدا ئەشق و خۆشەویستی وەک تابۆیەکە و لێی بیانین، وە یان وەک قەدەخە تێگەیشتووین یان وەک مەسەلەیەکە لەدوای شۆڕش ژیان بکرێت، هەریەک لەم بۆچوونانە هەڵەن و نیمچەن بەنێرین (روانین)ی منیش خۆشەویستی و ئەشق لەم ژیانەدا شاراوەیە و بەتێکۆشان دەتوانرێ ببینرێ بۆئەوەی بەئەشق و خۆشەویستی ژیان بکەین، مەرج نییە پیاوێک و یان ژنێکت هەڵبژاردبێ و تایبەتت کردبێ بەخۆت، چونکە تۆ دەتوانی وەک مرۆڤێک خۆشتبووێ، چونکە ئێمە پێش ئەوەی ببینە ژن و پیاو، مرۆڤین وە یان مناڵین، بۆیە باخۆشەویستی و ئەشقمان وەک مرۆڤ و مناڵ خاوێن بێت، باخۆشەویستی و هەستی ئەشقمان لەکەسێکدا زیندان نەکەین و ئەسیر نەکەین، زاتەن لای من لەم سەردەمەی ئێستاماندا گەڕان بەدوای ژنێکدا و یان پیاوێکدا کە لەگەڵیدا ژیان بکەین و باسی خۆشەویستی بۆ بکەین، غەفڵەتە، چونکە هێشتا شۆڕشی زیهنییەت و بەتایبەتی شۆڕشی حەزکردنی مرۆڤ سەرنەکەوتووە. بۆیە هەر پەیوەندییەکی تەنگی نێوان دووکەس ئەنجامەکەی یەکتر راکێشان دەبێ بەرەو کۆیلەکردنی ئەشق. لێرەدا ناڵێم ئەشق و خۆشەویستی نییە، من دەڵێم هەیە بەڵام پێویستە لەمرۆڤدا ژیان بکات بەگشتی، چونکە لەهەموو پیاو و ژنێکدا ئەو پێوانانەی کە من قبوڵمن دەبینم و ناتوانم؛ هەموویانم خۆش ئەوێت بەڵام ئەوەش هەیە کەهەموو ئەو پێوانانەی کە بۆ

خۆشەویستی پیاوێک دیاریم کردوون، مومکین نییە هەمووی لەشەخسێکدا ببینم. چونکە هەرکەسێک موساعیدە بۆ تەسلیمیەت و خیانەتکردن لەراستی، بۆیە دەڵێم گەڕان بەدوای کەسێکدا هەرچۆنێک بێت غەفڵەتە و لەخۆخەریککردن و کات بەفیرۆدان بەولاوە هیچیتر نییە. بۆیە من دەڵێم پێش ئەوەی ئاشقی پیاوێک بین دەبێ ئاشقی مرۆڤ و سروشت و ژیان بین.

کەواتە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بڕیار بدەین کە هەمەلایەنە بەشداری ئایدیۆلۆژی سەرۆک بین. چونکە دڵێک کەجێی تەنیا پیاوێک یاژنێکی تێدا ببێتەوە، ئەو دڵە مومکین نییە بەتەواوی ڕێگا بداتە ژیانکردنی گەلێک و سەرۆکێک. ئەگەر ڕێگاشی پێبدات، ئەوا زۆر بەهێز نییە و ڕۆژێک دێت دووچاری سڕینەوە دێت. راستە مرۆڤ خاوەن تەبیعەتێکە بەبەرامبەرەکەی کاریگەر دەبێ و کاریگەریش دەکات، هیچ ئەمە ئینکار ناکرێ، بەڵام شتی گرنگ لێرەدا هونەری شەڕکردنە واتە لەهەستەکانت رامەکە، بەڵام لەبەرامبەریشیدا بن مەکەوە و تەسلیمی مەبە، کەواش بوو ئەوا تۆ مرۆڤێکی لەخۆباوەڕ و بەئیستقرارت لێ دەردەچێ و ڕۆژانە خۆ نوێکردنەوە پێش دەکەوێ، لەم لایەنەوە بەهەڵە لێم تێنەگەن و حەزیش ناکەم کە بڵێن: بەڕاستی هەڤاڵ ڤیان خۆی چارەسەر کردبوو و ئازاد بوو. چونکە ئەمە راستییەکە هەتا مرۆڤ ژیان بکات، دەبێ تێبکۆشێ و نەهێڵێت بچووک بێتەوە و بەرەو کۆیلایەتی بچێت، منیش وەک ژنێک لایەنی گەلەنەکسەل

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

(نەریتی باو)ی ژنم تێدایە، بەڵام ئەوەی بۆ خۆمم بەبنەما گرت ئەوەبوو کە بەهیچ جۆرێ هەستەکانم پشتگوێ نەخست، وەلێ قەد تەسلیمیشیان نەبووم و بن نەکەوتم، هەروەها ئەگەر هەستم کردبێ کەرۆژێک هەڤاڵێکی کورم لەنێو تێکۆشاندا کاریگەرکردبێ و بووبێتە هۆی لاوازی لەتێکۆشانیدا ئەوا زۆر لەخۆم عاجز بووم و لێپرسینەوەم بەبنەما گرتووە، چونکە دەزانم وەکو ژنێک، وەکو کوردێک دەتوانم شۆڕشگێڕ پێشبخەم، بەڵام مافم نییە کە مرۆڤ لەخزمەتی شۆڕشگێڕییان بکەم، بەهەرحاڵ منیش وەک ژنێک لەبەرامبەر راستی سەرۆکایەتی، گەل و تەواوی ژنانی ئازادیخواز و لەبەرامبەر ئێوەی خۆشەویست وەک هێزی ژن لە"هەفتەنین" و تەواوی هێزەکانی YJA-STAR و تەواوی هەڤالانی تێکۆشانم رەخنەدانی خۆم دەدەم و ئەگەر کەم و کورتییەکم، لەئێوەدا زویربوونی دروستکردبێ، ئەوا داوای لێبوردن دەکەم، لێرەدا دوایی بەم بەشەی نامەکەم دێنم بەو هیوایەی لەکۆنفرانسی کادیر و تەواوی تێکۆشاندا سەرکەوتن بەدی بهێنن. هەمووتان لەدڵەوە بەهەستی ژنێتییەوە سڵاو دەکەم و یەکە یەکەتان ماچ دەکەم.

**لەگەڵ سڵاو و رێزمدا**

**27/1/2006**

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:  www.hewalname.com/ku

## بۆ رۆشنایی شەوەزەنگەکان "سەرۆک ئاپۆ"

لەو رۆژەوەی کە تۆم بیستووە و ناسیوە هەست بەژیان دەکەم، دەزانم کە کێم و دەبێ چۆن بژیم. یانی فکر و رامانی تۆ منی بەمن ناساند و فێری کردم کە بەمانا بژیم، فێری ئەلفوبای ئازادی و سەربەستیت کردم. لەفێرگەکەی تۆدا چەندە زەحمەتیشم کێشا بێت، هیچ رۆژێ لەرۆژان دوودڵی و پەشیمانیم ژیان نەکرد، چونکە تیایدا هێزی واتام کەشفکرد، هێزی فکر و هێزی مرۆڤ، کەمێکیش بێت لەوە تێگەیشتم کە هیچ شتێک موستەحیل نییە و مرۆڤ چی بکاتە ئامانج دەتوانێ پێی بگات بەمەرجێ کە لەو ئامانجەدا جددی بێت و پێی باوەڕ بێت، وەکو ژنێک و وەکو کوردێک ئازادیم کردە ئامانج و لەدڵەوە باوەڕیم پێکرد، بۆ ئەمەش بەحەسرەتەوە بووم کە بۆ ساتەوەختێکیش بێت لەنزیکەوە بتبینم و توند لەباوەشت بگرم و هەناسەیەکم بدایە و پاشان ئەوەی لەدڵمدایە دەرهەق بەئازادی خۆم و ژنان و گەلەکەم لەگەڵ تۆدا وتوویژ بکەم، بەڵام لەساڵی ١٩٩٨دا پیلانگێڕییە گڵاوەکەی نێودەوڵەتی لەدەرەوە و ناوەوەدا کەوتە نێوان من و تۆ و بەهەزاران کەسی وەک من کە هاوئەشق و بەهیوا بوون بەدیتنت. دوای ئەوە دەستگیرکردنی ئێوە لەمندا زیاتر تەکانی بەهێز و بڕیاری ئازادی دا و هیوا و حەسرەتی دیتنی ئێوەم قەد ون نەکرد، بەڵام بەردەوام هەوڵی ئەوەم دەدا کە زۆر لەنزیکەوە هەستت پێبکەم. بۆیە زۆر جار لەناخمدا دیالۆگم لەگەڵتاندا پێش دەخست و هەستم دەکرد وەک دەنگ، وەک وزەیەک دەکەوتیە ناخمەوە و ئیلهامم لێدەگرتن. چەند جاریش هاتی بەمیوانی خەونەکانم و زۆر زۆر خۆشحاڵ

بووم، ئەوەی راستی بێت ناتوانم بەتەواوی گوزارە بکەم لەهەست و بیرەکانم سەبارەت بەئێوە، بەڵام لەساڵی ١٩٩٩ بەدواوە بەردەوام راستییەک لەمێشکی مندا دەزرینگێتەوە، ئەویش ئەوەیە کەزیندانیکردنی مرۆڤێکی گەورەی وەک ئێوەم پێ هەزم نەکرا و هەر دەموت ئەم مرۆڤە ئەو جێیەی حەق نەکردووە، بێگومان بەرپرسیاری دەستگیرکردن و گۆشەگیرکردنی سەرۆکی گەلێک و رێنیشاندەرێکی گەورەی مرۆڤایەتی تەنیا دەوڵەتانی رووڕەشی جیهان نابینم، بەئەندازەی ساختەکاری و دووڕوویی و خیانەتی دەوڵەتانی سەردەست لاوازی و کەم و کورتی هاوڕێیەتی خۆم و هەڤاڵانیشم بەرپرسیار دەبینم. بۆیە هەردەم شەرمەندە بووم لەحزووری ئێوە و گەل و ئەو ژنانەدا کە هیوای ئازادییان بەئێوەوە گرێداوە.

ئەمڕۆش لە ١٥ی شوباتی ٢٠٠٦دا پێ دەنێینە هەشتەمین ساڵی دەستگیرکردنی سەرۆکایەتییەوە و پیلانگێڕی نێودەوڵەتی قۆناخێکی نوێ و مەترسیداری لەسەر ئیمرالی و کوردستان بەگشتی دەستپێکردووە. دەیانەوێ هەموو رەنج و تێکۆشانی ئاشتی و دیموکراسی سەرۆکایەتی و گەلی کورد بەفیڕۆ بدەن و بەئاشکرا بانگەشەی تەسلیمیەت و دەستبەردان لەسەرۆکایەتی بکەن، دەیانەوێ دەستەمۆمان بکەن و فێری ئەوەمان بکەن کە بێ سەرۆک، واتە بێ ئایدیۆلۆژی، بێ ئیرادە ژیان بکەین، بۆیە ئەمڕۆ گەل لەهەر چوارلای جیهان لەدژی ئەم سیاسەتی قڕکردنەی کە لەسەر سەرۆکایەتی پەیڕەو دەکرێ نارەزایی خۆی دەردەبڕێ، منیش وەکو قوتابییەکی ئێوە لەدژی ئەم هێرشە ناڕەوایە دەمەوێ لەم ١٥ی شوباتەدا لەنێو گەلی خۆمدا بەرخۆدانی گەلەکەم، بەئاگری جەستەم دەمەوێ پەیامێک بدەمە مێشک و دڵی سەهۆڵبەندی شارستانێتی کۆمەڵگای چینایەتی و

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

وەک زۆر مرۆڤی دیکە دەمەوێ لەدادگای مێژوودا ببمە شاهیدێک بۆ قیڕاندن و ئیشارەپێکردنی زۆرداری و درۆزنی سیستەمی داد و مافی مرۆڤی رۆژئاوا.

سەرۆکی من، ئەم چالاکییەی کە ئەنجامی دەدەم لەگەڵ ئەوەی ناڕەزایی و ئیسباتێکە لەدژی ئەو حەقسزییە (ناهەقییە)ی کە لەدژی ئێوە و گەلی کورد لەلایەن دەوڵەتانی سەردەستەوە پەیڕەو دەکرێ، هاوکات رەخنەدانێکی هاوڕێیەتی کەم و لاواز و رزگاربوونمە لەهەستی شەرمەندەیی و بێ روومەتی لەبەرامبەر مێژوو و گەلەکەمدا، ئاستی ئیدیعا و باوەڕیمە بەوەی کە هەتا تاکە کەسێکیش بمێنێ ئەم فەلسەفە و هێڵی ژیانەی ئێوە هەر دەژی و سەردەکەوێ. زۆر کەس دەڵێت و دەفکرن کە تا ئایدیۆلۆژی توونە بکەن (لەناوببەن) و نەهێڵن، من گاڵتەم بەمە دێت و ئیدعایەکی زۆر پڕوپووچە، چونکە ئێوە ئیدی لەدڵ و مێشک و حوجرەی بەملیۆنان کەسدا و بەتایبەتی لەدڵی ژناندا جێگیربوون و بوون بەماڵی مێژوو و کۆمەڵگا. هەمووجارێ بەوەفایی و راستگۆیی ژنت بەئێمە ناساند جائەمڕۆ سەرباری هەموو کەم و کورتی و لاوازییەکانمانەوە دەمەوێ رەخنەی خۆم بدەم و بڕیاری بوونی خۆم لەهێڵی سۆسیالیزمی زانستی و دیموکراتی و پارادیگمای نوێ نیشان بدەم و کەمێکیش بێت، پەیامێک بدەمە پاشڤەڕۆیەتی نێوخۆ و هێرشەکانی دەرەوە، منیش زۆرجار وەکو هەڤالانی شەهید دەمگوت، خوزگە لەگیانم بەبەهاتر شتێکیتر هەبووایە لەپێناو ئازادی سەرۆک و گەلەکەم و ژنە چەوساوەکاندا فیدام بکردایە. لەدوای گرتنی ئێوە و لەساڵی ١٩٩٩دا بەردەوام بڕیاری ئەنجامدانی چالاکییەکم هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هەلومەرج گونجاو نەبوو بۆ شتێکی وەها و بەتایبەتیش بۆ ئەوەی ئێوە زویر نەکەم هەر هەوڵمدا لەژیاندا

دروستبوون، گریدانی خۆم لەگەڵ ئێوەدا نیشان بدەم، ئەمڕۆش دەزانم کە لەوانەیە ئەم چالاکییە رەخنە بکەن و پەسندی نەکەن بەڵام چی بکەم سەرۆکی من هەندێک هەن ئاشق دەبن و دەستی یەکتر دەگرن و رادەکەن. ئاشقبوونی منیش وەهایە و دڵم بێ ئێوە و بێ پێکەنین و زەردەخەنەی سەر لێوی مناڵانی وڵاتەکەم سوکنایی نایە و ئۆقرە ناگرێ. نەمتوانی بڕیارەکەم لەقۆناخێکی وەها هەستیاردا درەنگ بخەم بۆ ساڵی هەشتەمی دەستگیرکراوی و دووری ئێوە. بۆیە داوای لێبوردن دەکەم و دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە زۆر بە هیوا و بەورەم، بەتایبەتی کاتێ بۆ دیاریکردنی کۆمیتەی ئینشای پەکەکە (سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی PKK ) ناوی منت گرتە سەر زمانی خۆت و پرسیاری منت کرد، هەستم بەوەکرد کە گەورەترین خەڵاتت دامێ و هەست بەروومەتێکی مەزن دەکەم. بەردەوام رێنماییەکەی تۆ بۆ شۆڕشی باشوور کە وەک شۆڕشێکی ژن بەناوی دەکەن، لەمندا ورە و ئاراستەی تێکۆشانی دیاری کردووە، ئێستاش لەنێو ئەو بێ دەنگی و مردنەی کە لە باشووردا هەیە و دەمەوێ وەک ژنێکی باشوور کەمێکیش بێت قەرەبووی پاداشتی رەنج و چاکەکانی ئێوە بدەمەوە، زۆر شاد دەبم کە ئەنجامێکی سەرکەوتوو بەدەست بێنم، لەدواییدا سڵاو و خۆشەویستی و حەسرەتی دیتنی خۆم ئاراستەی تۆی بێ هاوتا دەکەم، لەبیرتان نەچێ زۆرتان بیر دەکەین و زۆرتان بیردەکەین....

**لەگەڵ سڵاو و رێز و حەسرەتمدا**
**28/1/2006**

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

## بۆ هەموو گەلی کوردی نیشتمانپەروەر و بەرخۆدانڤان

مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە گەلی کورد گەلێکی قارەمان و خۆبەختە، سەرەڕای سیاسەتی نکوڵی و قڕکردن و بەعەرەبکردن و تورککردن و فارسکردن، بەهەموو کەموکورتییەکانی خۆیەوە هەبوونی خۆی پاراستووە و لەمێژوودا نەسڕاوەتەوە، بەردەوام دەوڵەتە داگیرکەرەکان گووتویانە تۆ مەگەر تورک بیت یان عەرەب و فارس بیت مافی مرۆڤ ئاسا ژیان و مافی هاووڵاتیبوونت هەیە. دەوڵەتانی زلهێزی جیهانیش بێ راوەستان دەفکرن کە چۆن و کەی و لەکوێ لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی خۆیاندا کوردان وەک پیۆنێک بەکار بهێنن و یارییەکەیان قازانج بکەن، توێژی سەردەستی کوردان، واتە بەکرێگیراوەکانی کوردانیش لەپێناو بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و بنەماڵەیی و تاکەکەسی خۆیاندا بەردەوام لەهەوڵی هەڕاجکردن و بازرگانیکردنی گەلی رەنجدەری کوردن، واتە گەلی کورد لەڕەوشێکدا کە نموونەی لەهیچ لایەکی جیهاندا و لەمێژوودا نەبینراوە، گەلێکی گۆشەگیرکراو و تەنیایە و وەک کۆمێکی تاوانبار و تێکدەر دەبینرێ، ئەم رەوشەش بەدرێژایی ٥ هەزار ساڵە ژیان دەبێ و لەدژی ئەمە کوردان ئەوەندەی توانیویانە بەهەزار شەڕ و شۆڕ و کوشت و بڕین و کۆچبەرکردن بەئێشێکی مەزنەوە تەنیا خۆیان پاراستووە و هاتوون هەتا سەدەی بیست و یەکەم.

سەرۆک ئاپۆ و تەڤگەری رزگاری نەتەوەیی کوردستان بەدرێژایی زیاتر لە سی ساڵ موداخەلەی ئەم رەوشەی کردووە،

ئەمڕۆش گەلی کوردی هێناوەتە ئاستی تێکۆشانی وەها ئیدی تەنیا خۆپاراستن و کوشت و بڕین وەک قەدەرێک پەسند ناکات پڕ بەدنیا هاوار دەکات و هەوڵی دواییهێنان بەتراژیدیاکانی دەدات و دەیەوێ دەستی چارەسەری دیموکراسی و ئاشتییانەی بۆ درێژ بکرێ، کەچی نەدەوڵەتانی بەناو پارێزرەری مافی مرۆڤی جیهان و نەدەوڵەتانی داگیرکەری سەر کوردستانیش نەک تەنیا وەڵامی دەستی ئاشتی نادەنەوە، بەڵکو هەتا دوایی بەوەحشیەتێکی مەزن بەشەڕ و فشار وەڵامی دەدرێتەوە و تەسلیمیەت و نۆکەرێتی بەسەردا دەسەپێنرێ، ئەمەش گرێدراو بەکۆمپلۆی نێودەوڵەتی لەچوارچێوەی کۆنسێپتێکی نوێدا بەڕێوەدەچێ. ناوی ئەم کۆنسێپتەش بێرووەمەتکردن و شکاندنی ئیرادەی کوردی سەربەخۆیە، واتە کورد ئینکار ناکات، بەڵام چارەسەرییەکی بێ سەرۆک، بێ PKK بەبنەما دەگرێ، بۆیە شتێکی رێکەوت نییە کە لەلایەک هێرش دەکاتە سەر گەریلا و گەلی چالاکڤان و سەرۆک و لەلایەکی دیکەشەوە کوردە گوێڕایەڵەکانی خۆیان خستۆتە ناوەندی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوینی مەزنەوە و بەڵێنی ئاواکردنی دەوڵەت و ستاتۆیەکی گرێدراوی خۆیانیان پێدەدەن.

وادیارە ساڵی ٢٠٠٦ زۆر بەگەرمی تێپەڕ دەبێت، دوژمن شەڕی هەمەلایەنە (تۆپ یەکون)ی راگەیاندووە و پەیتاپەیتا پێکی دێنێ. لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە ئێمەش وەکو گەلی کورد لەهەرلایەک تێکۆشانێکی هەمەلایەنەی بەهێز پەیڕەو بکەین و ساڵی ٢٠٠٦ تەنیا وەکو ساڵی خۆپاراستن نابێت، بەڵکو بیکەینە ساڵی دیاریکردنی چارەنووسی کوردان و چارەسەری

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

بکەینە ئامانج. لەم لایەنەوە گەرەنتی سەرکەوتن لەدەستی ئێمەدایە بەمەرجێ هەرکەس بەکاری خۆی هەستێ و لەشەڕی پاراستنی روومەت و ئیرادەی خۆی و گەلەکەیدا جێ بگرێ. بۆ ئەمەش هەر تاکێکی کورد، هەر دەزگا و رێکخراو و پارتییەک، هەر گوند و شار و شارۆچکە و شارەوانییەک هەر چین و توێژێک کە خۆی بەمرۆڤ و بەکورد دەزانێ دەبێ لەم ساڵەدا خاوەن نەخشەیەکی چالاکی بێت، ئامانجی ئەم نەخشەیەش تەنیا و تەنیا ئازادی و سەرکەوتن بەبنەما بگرێت. واتە ئیدی بێ باوەڕی و بنکەوتن نا، بەڵکو لەسەدەی بیست و یەکەمدا بەتێکۆشینی جەوهەری خۆمان چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین. لەدەمی نزیک و دووردا دەبێ سێ شت بکەینە ستوونی سەرەکی نەخشەی چالاکییەکانمانەوە و هەموو هێز و توانا و بەهرەمەندییەکانمان لەو پێناوەدا بخەینەگەڕ: یەکەمیان وەکو گەلی کورد و ژنانی کورد دەبێ لەپێناو ئازادی سەرۆک ئاپۆ بەردەوام هەنگاوی "بێ سەرۆک ئاپۆ ژیان نابێ" هەڵبهێنین و ئەم راستییە لەچوارچێوەی دروشمێک دەربخەین، بۆ ئەمەش دەبێ هەر رۆژێکمان وەک ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ بەرۆح و بەگەرمی دەربازبکەین، بەڵام بەشێوەیەکی زانستیتر و بەرێکخستوو بێت، چونکە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ بەڕاستی شاهانە بوو، بەتەواوی مرۆڤی کورد سەلماندیان کە سەرۆک ئاپۆ بۆ ئەوان راستییەکی دەستلێبەرنەدراو و گەرەکچەکێکی سەرەکی

شەڕ و ئاشتییە، لەو بڕوایەدام جارێکیدی ڕەفلێکسی کوردان لەدژی کۆمپلۆ جارێکیدی بگەڕێتەوە بۆ دەمی ١٥ی شوبات. مسۆگەر گۆڕانێکارییەکی جددی لەرەوشی سەرۆکدا دروست دەکات و لەدەمێکی کورتدا زەمینی ئازادی و سەربەستبوونیشی گەرەنتی دەکەین. چونکە رۆحی بەرخۆدانی و بوێری گەلی کورد لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩دا رۆحێک بوو دنیا لەبەرامبەریدا دەلەرزی، بەم بۆنەیەوە بانگ لەتەواوی گەلی کورد و لەهەرچوار لای جیهان دەکەم کە ١٥ی شوباتی ئەم ساڵیش بکەینە سەرەتایەکی نوێ لەتێکۆشانی ئازادیماندا.

دووەمیان لەسەر هێڵی پاراستنی رەوا بێ ئەوەی خوێنڕشتنی مرۆڤ بکەینە ئامانج و زەرەر بەیەکێتی نێوان گەلان بدەین دەبێ شانبەشانی چالاکی بەرخۆدانی دیموکراتی تەواوی گەنجان و ژنان هەریەک وەکو گەریلایەک رووی خۆیان بکەنە چیاکان و هاوکاری لەشارەکانیشدا بەبەکارهێنانی مافی مسیللەمە(بەرپەرچدانەوە) تەنیا لە HPG چاوەڕوان نەکەن، سەرچاوەی ماددی و مەعنەوی هێزە شەڕخوازەکان و ئەو دامودەزگایانەی دەوڵەت بکەنە ئامانج کە رۆڵیان هەیە لەقوولکردنەوەی بێ چارەیی و قڕکردنی کورداندا، گەنجان و ژنانی کورد وەک دوێنێ کردوویانە، ئەمڕۆش دەتوانن چوارچێوەی چالاکی پاسیف تێپەڕێنن و هەریەک وەک گەریلایەکی شار چالاکی مەزن بکەنە ئامانج، چونکە ئەمڕۆ

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

ڕۆژی هەوڵ و هیممەتە و دانیشتن و لاوازی چالاکییەکانمان بەدەلی گەورە و ئەنجامێک کەحەقمان نەکردووە، لەگەڵ خۆیدا دێنێ، بۆ ئەمەش دەرفەت هەیە و دەوڵەت لەنێو لەزرینێکدایە و هێندە بەهێز نییە، بۆیە چالاکی لەچوارچێوەی پاراستنی جەوهەریدا ئەنجام بدەین مسۆگەر ناچار دەبێت کە ئیمرالی بکاتە ئەدرێسی موخاتەبی خۆی و دەستی ئاشتی بۆ کوردان درێژ بکات. کاتێ کەوابوو ئەوا وەکو ژن و گەنجی کورد هیوا و داخوازی ئاشتیمان بە واتا دەبێ، چونکە ئاشتی ڕەنجی دەوێ و بەدەلی گەورەی دەوێ.

لەنەخشەی چالاکییەکانی گەلدا ستوونی سێهەم پێشخستن و ڕێکخستنی سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کوردستانە، لەو لایەنەوە بەردەوام ڕەخنەی سەرۆک هەیە و ئاماژە بەگران حەرەکەتکردنی دامودەزگا و ڕێکخراوە بەرپرسیارەکان دەکات، پێوانێکی سەرەکی بۆ وەڵامدانەوەی شەهیدان و خاوەن دەرکەوتن لەڕەنج و تێکۆشانی بەساڵانەی گەلەکەمان هاوکات گرێدانمان بەسەرۆکەوە ئاواکردنی سیستەمی کۆنفیدرالیزمە. چونکە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک هێڵی چارەسەری دیموکراتی سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی جەوهەری گەلی کوردە. ئەگەر بێت و ئەم سیستەمە باش تێبگەین و هەموو بوارەکانی لەژێرەوە بەرەو ژوور ڕێک بخەین، ئەوا بەهیچ شێوەیەک موحتاجی دەوڵەت نابین و بەدەستهێنانی مافی زمان و کولتوور و

ناسنامەکەمان لەدەوڵەت نا، بەڵکو لەخۆمان چاوەڕوان دەکەین. لەم چوارچێوەیەدا بەشداربوونێکی هەمەلایەنە واتە سیاسی و عەسکەری و ڕێکخستنی و.... هتد ئەنجام بدەین. دڵنیام لەوەی کە لەدەمێکی نزیکیدا ڕۆژی ئازادی کوردان لەدایک دەبێت و هەروەکو چۆن قۆناخی شۆڕشی ژیانەوەی نەتەوەییمان بەسەرکەوتوویی پێشخست، ئەوا ئەمڕۆش بەڕەنج و ئیرادەی خۆمان قۆناخی چارەسەری دیموکراتیش بەسەر دەخەین و دوایی بەتراژیدیای نەتەوەیی دێنین.

منیش وەک ڕۆڵەیەکی ئێوە بۆ بەشداربوونی چالاکییەکانتان و دانەوەی قەرزەکانم بەئێوەی هێژا و ماندوونەناس لەیەکێک لەلوتکە چیا پیرۆزەکانی کوردستاندا سەختی و سنووری دروستکراوی دوژمن لەنێوان گەریلا و گەلدا و سەرما و سۆڵەی زستان دەبەزێنم و بەچالاکییەکی ئاگرین دەمەوێ گرێدان و ڕاستگۆیی گەریلاتان پێ ڕابگەیەنم و مژدە و پەیامی ئەوە بدەم کە سەرباری هەموو کەموکورتییەکانمان هەتا زەڕەیەک فکر و ڕۆحی کوردایەتی وPKK مان تێدا بێت، سەما ئاسا و سەردار ئاری ئاسا بەئیرادە و بڕیار ئامادەین بۆ خۆفیداکردن و دەڵێم سەرکەوتن و ژیانکردن لەژیانێکی پڕ لەئاشتی و ئازادیدا زۆر دوور نییە، ئەگەر دووریش بێت، هەرگیز زەمان ناتوانێ باوەڕی و ئیرادەی تێکۆشانمان ببەزێنێ. لەدواییدا دەڵێم چ شادم کە منالی گەلێکی وەک ئێوەم.

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

## بۆ گەلی کورد لە باکووری کوردستان

زۆر بەحەسرەتەوە بووم کە رۆژێک لەچیاکانی باکووری کوردستانەوە دابەزم و بەرەو گەرمایی سەرهەڵدانەکانی ئێوەوە بەڕێ کەوم، هەموو هیوا و ئاواتم ئەوەیە کە بەئازادی و لەنێو کەشێکی ئاشتیانەدا بەزمان و کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی خۆتان بژین و ئیدی مرۆڤ ئاسا بژیانایە. لەوانەیە من وەکو شەخس نەیبینم بەڵام لەئێستاوە ئەم راستییە هەست دەکەم و پێی باوەڕم، زاتەن بینینی ئێمە زۆر گرنگ نییە بەس بەشەرتێ ئەو مناڵانە ببینن کە بەدەستە خنجیلانەکەیان بەرد دەهاوێژنە ئەو کابووسانەی کە خەو و خەیاڵە رەنگاوڕەنگەکانیان دەشێوێنن و دواڕۆژیان رەش دەکەن. سەرۆک ئاپۆ نزیکی ئێوەیە زۆر بەشانسن، بەڵام باریشتان زۆر گرانە دەزانم، چونکە ئەو تەنیا سەرۆکی گەلێک نییە، بەڵکو ئەمانەتی مرۆڤایەتی و مێژووە، بۆیە ئازادکردنی و پاراستنی زۆر زەحمەتە، ماندوونەناسی و تێکۆشانی ئێوەش بێ راوەستان لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆیە پیرۆزە و منیش لەگەڵ رەخنەداییی خۆمدا لەبەرامبەر ئێوەدا پیرۆزباییتان لێ دەکەم هیوادارم لەمەودوا بەهەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ ریفراندۆمی دیموکراتی گەلی کورد و هەموو چالاکییە دیموکراتییەکانی دیکە قۆناخی چارەسەری دیموکراتی قازانج بکەین، لەدواییدا بانگ

لەتەواوی گەلی خۆشەویستم دەکەم کە لەدەوروبەری سەرۆک ئاپۆ و دامودەزگا و ڕێکخراوەکانیدا کۆ ببینەوە و هیچ کەس و گرووپ و دەستە و تاقمێکی بێ هیوا و لاواز نەکەینە ئاستەنگ، تەنیا و تەنیا، چاومان لەسەرکەوتن بێت.

**لەگەڵ سڵاو و ڕێزمدا**

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## بۆ گەلی کورد لە باشووری کوردستان

سەرەتا لەناو جەرگەی چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە وەک کچە گەریلایەک سڵاو و ڕێز و دڵسۆزی خۆمتان پێشکەش دەکەم، هاوکات خۆشحاڵم و لەدڵەوە پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتن و دەسکەوتە مێژووییانەی ئەمڕۆی باشووری کوردستانتان لێدەکەم کە بەرهەمی خوێنی بەهەزاران شەهید و ڕەنجی تێکۆشانی سەدانساڵەی گەلەکەمانە، ئەو پێشکەوتنانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا ژیان دەبێ، ئێوەی نیشتمانپەروەری دڵخۆشکردووە بەگەلێک بەدەل و قوربانیدانی مەزن و پیرۆزی وەک هەڵەبجە و ئەنفال و دەربەدەری و کوشتن و بڕین بەدەستهاتووە، بۆیە پاراستن و بەرگریکردن لە بەئیرادەبوونی گەلی کورد لەپرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ئێراق و ئاواکردنی سیستەمی نوێی دەوڵەتدا ئەرکی هەر کوردێکی بەشەرەف و ناموسە و دژایەتیکردنیشی واتای نیازخراپییە. لێرەدا خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە کە گەلەکەمان بەوپەڕی هەستیاری و هۆشیارییەوە ئەم دەسکەوتانەی خۆی بپارێزێ و هەوڵی پێشخستنی بدات، چونکە دەبێ باش بزانین کە هێشتا لە کوردستان و هەرێمەکەدا بەگشتی هەڕەشە و زەنگی مەترسی شەڕ و شۆڕ و پیلانە گڵاوەکانی دوژمنان لەسەر گەلی کورد بەلاوە نەنراوە و پێویستی بەهەڵوەستەکردنێکی گشتگیرانە هەیە.

دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکییەکانیش بەتایبەتی سەرباری ئەوەی کە خۆیان سەبەبی دروستبوونی کێشەی

کوردستانن لە مێژوودا ئەمڕۆ بێشەرمانە پیاوەتی بەسەر ڕەنجی گەل و خوێنی شەهیدانمانەوە دەکەن، خۆیان بەخاوەن و ئافرێنەری دەسکەوتە مێژووییەکانی ئەمڕۆی کوردستان دەزانن و دەیانەوێ باشووری کوردستان بکەنە قەڵایەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. واتە هەتا ئێستاش لەلایەک بەدوای ئەو فڕوفێڵانەوەن کە چۆن و کەی و لەکوێ کوردی باشوور لەدژی دەوڵەتانی وەک تورکیا و سوریا و ئێران بەکاربێنن، لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی کوردان سنووری ئەو تێنەپەڕێنن و لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێت، هەوڵی ئەوەش دەدات کە باشووری کوردستان بکاتە داوێک بۆ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان و بەمەش کوردان لەدژی یەکتر بەکاربهێنێ. کاتێ لەلایەک PKK دەخەنە لیستی تیرۆرەوە و سەرۆک ئاپۆ دەخەنە زیندان و لەلایەکی تریش بۆ سەرۆکی پارتییەکانی باشوور و فیدراسیۆنی کوردانیش دەڵێن "قبوڵ"، شتێکی ڕێکەوت نییە و دەبێ باش ببینرێ و وەکو گەلی باشوور پەسندی نەکەین.

دەوڵەتانی تورکیا و سوریا و ئێرانیش بەردەوام لەهەوڵی لەباربردنی ئەزموونی باشووری کوردستانن و لەسیاسەتی دژایەتیکرن و دوژمنایەتی پاشگەز نابنەوە، هەرچی هێزی دەسەڵاتداری کوردانیشە بەتایبەتی توێژی سەردەست و بەرژەوەندیپەرست و حزب و بنەماڵەکانیشە لەژێر ناوی

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

سیاسەت و کوردایەتیدا دەمامکیان لەرووی خۆیان داوە و بازرگانی بەخوێنی گەلەوە دەکەن، لەقۆناخێکی وەها چارەنووسساز و گرنگدا کە لەهەر چوارپارچەی کوردستان و لەباکووری کوردستاندا بەتایبەتی گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرێ دیالۆگی چارەسەری سیاسیانەی کێشەی کورد بکرێ، گوتنی بەڕێز "مام جەلال" کە بە تورکیا و ئەمریکا دەڵێ " با ئاپۆ بێ دەنگ بکەن" عەیبێکی زۆر گەورەیە و پێویستە پەسند نەکرێت، ئیدی شەرمە بۆ کوردان کە لەدژی یەکتری پیلان و تەڵە دابنێن، چونکە لاوازی کوردی هەر پارچەیەک دەبێتە لاوازی تەواوی کوردستان و چارەنووسی هەر چوارپارچەی کوردستان وەکو گۆشت و نینۆک پێکەوە گرێدراوە، بەتایبەتی هەتا کێشەی کورد لەپارچەی مەزنی کوردستان واتە باکووردا چارەسەر نەکرێ نەمومکینە کوردی پارچەکانی دیکە بەشەرەف و بەئازادی بژین. لەسەر ئەم بنەمایە بانگ لەتەواوی گەلی کوردی باشووری کوردستان دەکەم کە بێ دەنگی و بێ بەرپرسیاریێتی لەبەرامبەر شۆڕشی باکووری کوردستان پەسند نەکەن، چونکە بێ دەنگی دەبێتە هۆی مردن و بە مردوویی لەدایکبوونی ئیرادە و دەسکەوتی نوێی کورد لە باشووردا و زۆر درێژە ناکێشێ. بۆ ئەمەش باهەموو ژن و مناڵ و گەنج و پیر و رۆشنبیر دەنگی خۆیان بۆ ریفراندۆمی دیموکراتی و پاراستنی سەرۆک ئاپۆ و پەسندکردنی وەک ئیرادەی سیاسی کورد بدەن. بەهەموو هێز و

تواناکانیانەوە پشتگیری خۆیان لەگەڵ چالاکییەکانی گەل لەهەموو پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بکەن، لەم لایەنەوە بیروباوەڕی من بەڕۆحی بەرخۆدانی گەلەکەم هەیە چونکە گەلی باشوور گەلی خۆبەختکردن و گەلی هەڵەبجە و سەرهەڵدانی ئازادییە.

منیش وەک کچێکی ئێوە نزیکی ١٠ ساڵە بەکولتووری بەرخۆدانی کە لەئێوەوە وەرمگرتووە و ئەو زانابوون و ئیرادەیەی کە لەسەرۆک ئاپۆ و PKK و تەڤگەری ئازادی ژنی کوردەوە وەرمگرتووە لەچیاکانی کوردستاندا لەهەوڵ و تێکۆشان دام بۆ ئازادی گەلی کورد و ژنی کورد و هەموو هەوڵ و هیوا و ئاواتێکم ئازادی گەلی کوردی هەر چوارپارچەیە و دیموکراتیزەبوون و ئازادی زیهنییەتە لە باشووری کوردستاندا و دوایی هێنانە بەئینتیحار و بێچارەیی و کۆیلایەتی ژن و راکردنی گەنجان لەوڵاتی خۆیان و هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەمڕۆ بەچالاکییەکی گیانبازی دەمەوێ هەڵوێستی خۆم بۆ گرێدان بەم ئامانجەوە نیشان بدەم و پەیامێک بەئێوەی هێژاش بگەیەنم ئەم چالاکییەی من وەک ئینتیحاری ئەو ژنانە نییە کە لەبێزاری و بێچارەییەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەڵکو چالاکییە لەپێناو ئەشقی ژیان و پێشخستنی زیهنییەتی چالاکی ئازادی دایە و درێژەپێدەری نەریتی بەرخۆدانی ژنانی وەک "لەیلا قاسم و

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

زیلان و سەما یوجە"کانە. چەند شاد دەبم بەوەی کە ئەم پەیامانەم و چالاکییە بگاتە گوێی تەواوی گەلەکەم و تەواوی گەلی کورد و کەمێکیش بێت وزەیەک بدەمە تێکۆشین و جموجوڵێکی نویٚ لەنێو گەلی باشووری کوردستاندا.

لەدواییدا وەک کادیرێکی ژنی باشووری کوردستان رەخنەی خۆم دەدەم بەوەی کەوەکو پێویست پێشەنگایەتییەکی بەهێزم ئەنجام نەدا و سەرۆک ئاپۆ و ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن کە ئایدیۆلۆژیای شۆڕشی کۆمەڵایەتی باشوورە بەباشی پێم نەناساندن.

**- بژی رێبەر ئاپۆ**
**- بژی PKK و PAJK**
**- بژیKJB و KKK**
**- بژی HPG وYJA-STAR**
**- بژی هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی**
**- بمریٚ خیانەت و کۆمپلۆی نێودەوڵەتی**
**- بمریٚ هەموو جۆرە پاشڤەڕۆیەتی و دەسەڵاتدارێتی**

**لەگەڵ رێز و سڵاومدا**
**1ی شوباتی ٢٠٠٦**

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## بۆ بنەماڵەی خۆشەویستم

پێشەکی سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ دایک و باوک و خوشک و براکانم و هەموو خزمان و دۆستانم. چاوی یەکە یەکەتان ماچ دەکەم و هیوای لەش ساخی و سەلامەتیتان بۆ دەخوازم.

ئازیزان، نزیکی ١٠ ساڵە بەهۆی هەلومەرجی تێکۆشان و هەندێکیش عاجزبوونم لەئێوە نامەم بۆ نەناردن، سەرەتا کە بەشداری شۆڕشی رزگاری گەلی کورد و تەڤگەری ئازادی ژنی کورد بووم بەرێبەرایەتی PKK و سەرۆک ئاپۆ، زۆر لەیەکتر تێنەگەیشتین، بۆیە تۆزێ یەکترمان عاجزکرد، بەڵام لەدوای ١٠ ساڵ هیوادارم ئیدی تێبگەن و واتا بدەن بەو ڕێبازەی کە من و بەهەزاران کوڕ و کچی گەنجی هەر چوارپارچەی کوردستان تیایدا رەنج و تێکۆشان دەدەن، ئێوە ئیدی بتانەوێ و نەتانەوێ، بنەماڵە و عائیلەیەکی شۆڕشن و ئەوەتان لێ نایە کە دەرگای خۆتان و دڵی خۆتان بەڕووی هەڤاڵان و ئەو فیکر و ئامانجەدا بگرن کە کچەکەتان و بەملیۆنان ئینسان ئاشقیەتی، ئێوە کەسانێکن کەخاوەن ڕێز و پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتین و کوردێکن کە لە مێژووەکەتاندا هەڵەبجە و ئەنفال و قوربانیدان شاهیدی بۆ هەڵوێستی نیشتمانپەروەریتان دەدات و، گەلێکین کە فەلسەفەی تێکۆشانمان لەسەر راستینەی "شێر شێرە چ ژنە چ مێرە" ئاوا بووە، بۆیە ئیدی هەبوونی ژن لەدیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەیدا وەکو ئینسانێک بەعەیب و لەکەدارکردنی نامووس مەزانن. ئیدی داوای پێوان و داب و نەریتە کۆنەپەرستەکانی کۆمەڵگا مەکەن و دان بنێن بەهەبوونی ژندا

وەک ئینسانێک، چونکە دان پیانانی بەمرۆڤبوون و بەئیرادەبوونی ژن، واتای بەمرۆڤبوونی گەل و کۆمەڵگایە، ئەگەرنا ئەوا لەژیاندا هەر نیمچە دەبن. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کەبڕیار بدەن خاوەن لە مرۆڤایەتی و مێژووی قارەمانێتی و بەرخۆدانی گەلەکەمان دەربکەون و ئێوەش بڵێن:"وەک هەر کوردێکی بەشەرەف و نامووس هەین و بەپێی توانا خزمەت دەکەین". کاتێ کە من لەئێوە دابڕام، ١٥ ساڵ بووم، ئێستاش تەمەنم بۆتە ٢٤ ساڵ تکا دەکەم هەندێک واقیعیانە بیربکەنەوە و بپرسن ئەم کچە هەتا ئێستا چی دەکات و چۆن و بۆچی تێدەکۆشێ؟ قەی (داخوا) ئەویش نەیدەتوانی وە یان بۆچی نەیویست وەک "ئاواز و خالید" و بەدەیان کەسی دیکە بگەڕێتەوە بۆ خۆی بژی. جا دوای ئەوە بهێڵن هەڤاڵان بێنە ماڵتان و ئێوە بچنە لایان. نامەکانی من بخوێننەوە و پرسیاری ژیانی من و هەڤاڵان بکەن، هەموو رۆژێ گوێ لە تەلەفزیۆنی "رۆژ" و رادیۆی "میزۆپۆتامیا" بگرن و کتێبی سەرۆک بخوێننەوە، ئەوکاتە لەکچی خۆتان تێدەگەن و واتا دەدەنە مانەوەی من لەنێو ئەم ژیانەدا. ئیدی من ناڵێم ئەمە بکەن و ئەوە بکەن خۆتان دەست دانێنە سەر ویژدانتان و بڕیاری خۆتان بدەن لەم بارەیەوە تەنیا سەبارەت بەخۆم شتێک دەڵێم ئەویش ئەوەیە کە بەدرێژایی زیاتر لە ٩ ساڵ رۆژێ لە رۆژان فیکری خیانەت و پەشیمانیم ژیان نەکرد. زۆر شت لەPKK وە فێر بووم و زۆر زۆر خۆشحاڵ و سەربەرزم، یەکێک لەو شتە گرنگانەی کەفێربووم، خۆشەویستی راستەقینەی دایک و باوک و خوشک و برا و مرۆڤە بەگشتی. ماوەیەک زۆر لێتان تووڕە بووم، دەمووت ئەمانە بۆچی لەمن بەهەڵە تێدەگەن و PKK

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

وەک شتێکی دەرەوەی خۆیان دەبینن، بەڵام لەگەڵ دەربازبوونی کاتدا گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە تاوانبار تەنیا ئێوە نین، بەڵکو هەڵوێستی ئێوە ئەنجامی گەلێک کێشەی سیاسی و ئەقڵییەت و داب و نەریتی بەسەدان ساڵەیە و کەموکورتی منیش هەیە بەوەی کە بەباشی دەرفەتی ئەوەم نەئافراند کە لەگەڵتاندا وتووێژ بکەم، لەم لایەنەوە داوای لێبوردنتان لێدەکەم و دەڵێم: ئێوە هەم وەک عائیلە و هەم و وەک مرۆڤی کورد لەدڵ و مێشکم دان و لەپێناو بەدیهێنانی ژیانێکی بەختەوەردا ئامادەم گیانی خۆشم فیدا بکەم. پاداشتی منیش بۆ هەموو چاکەکانی ئێوە خیانەتکردن نابێ لەخوێنی شەهیدان، بەڵکو خاوەن دەرکەوتن و خۆفیداکردن دەبێ. ئەم چالاکییەی کە منیش ئەنجامی دەدەم لەپێناو بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی قڕکردنی گەلی کورد و گۆشەگیرکردنی سەرۆک ئاپۆیە؛ لەپێناو ئازادی گەلەکەم و ئازادی ژنانی کوردە لەدەست زوڵم و زۆری و چەوسانەوە، لەگیانم شیرینتر شتێ هەبووایە دەمدا، بەڵام لەم قۆناخەدا کە گەلی کورد بەرەو سەرکەوتن دەچێ و لە هەرجێیەک لەسەر پێیە و مان دەگرێ و ڕێپێوان دەکات، بۆ کچێکی وەکو منیش گیانی خۆ بەختکردنیش بەکەم دەزانم و منیش وەک هەموو هەڤاڵانی دی خۆم بەقەرزاری گەل و ژنانی ئازارچەشتوو دەزانم.

حەزم دەکرد کە زۆر شتتان بۆ بنووسم و بۆ هەر یەکەتان شتێک بڵێم، بەڵام چەند کاتژمێرێکم ماوە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکەم و ناتوانم لەبەر کەمی کات لەوە زیاترتان بۆ بنووسم، چونکە بەقەدەر ئێوە و بگرە زیاتر خوشک و برا و کەس و کارم هەن دەبێ سۆزی خۆم بۆ ئەوانیش بێنمە زمان،

بەڵام لەدواییدا دەمەوێ شتێک بڵێم، ئەویش ئەوەیە کە: ئەگەر خاوەن خۆشەویستییەکی راستین لەبەرامبەر یەکتر ئەوا تکایە ئامانج و رێبازەکەی من باش بناسن و بەهەڵەی تێمەگەن، چونکە من بۆ ئەوە ژیام و بۆ ئەوەش بەدەستی خۆم شەهیدبوونی خۆم دیاری کردووە و پیلانکردووە، وەسیەتیشم ئەوەیە کە" ئاواز" جارێکیدی چەکی من هەڵگرێت و بگەڕێتەوە ناو باوەشی چیا ئازادەکانی کوردستان، چونکە زۆرم خۆش دەوێ و بۆیە ئەو شایەنی ئەوەیە لەنێو هەڤاڵانی خۆیدا بێت و، رێگا بدەن بەکچەکان و گەنجەکانیتریش باخۆیان و دوارۆژی خۆیان بناسن و خاوەن ئیرادە بن.

لەدواییدا دووبارە سڵاو و رێز و خۆشەویستی خۆم بۆ هەمووتان دەنێرم و هیوای شادی و کامەرانیتان بۆ دەخوازم.

**لەگەڵ سڵاو و رێزمدا**

**کچە گەریلاتان لەیلا والی حسێن ناسراو بە "ڤیان"**

**1ی شوباتی ٢٠٠٦ شەوی ئەنجامدانی چالاکی**

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

# هەندێک لەو پەیامانەی

# بۆ شەهید ڤیان نووسراون

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## سەبارەت بە گیانبازییەکەی شەهیدی پێشەنگ ڤیان جاف

پەیامی سەرۆکایەتی هاوبەشی "PKK" و
سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆما کۆمەڵێن کوردستان "KKK"

بۆ بنەماڵەی شەهیدی ڕێبەر "ڤیان جاف"
بۆ جەماوەری بەشەرەفی شاری سلێمانی قارەمان
بۆ جەماوەری شەهید "ڤیان"

خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لەسەر کەسایەتی و چالاکی هەڤاڵ "ڤیان" ڕێگەم پێ بدەن بەپەیامێکی کورت بەشداری مەراسیمەکەتان بکەم، چونکە ئەم شەرەفە بێگومان بەنسیبی هەرکەسێ نابێت. جەماوەری بەشەرەف و بەشداربووانی ئەم مەراسیمە بەشکۆیە، ئەگەر ڕێگەم بدەن من بەکورتی لەسەر هەڵوێستی تێکۆشەری باشووری کوردستان هەڤاڵان و خۆشەویستانی و ژیانی شەهیدی ڕێبەر قسەبکەم.

هەڤاڵ "ڤیان" ژنێکی لاوی سادە و دڵنزم و خۆبەخشی بزووتنەوەکەمان بوو، هەرچەندە تەمەنی خۆی و تەمەنی لەناو تێکۆشانی ئازادیدا زۆردرێژ نەبوو، بەڵام لەڕووی کار و چالاکی و ژیانەوە مرۆڤێک بوو هەمیشە لەکامڵبوون دەگەڕا و هەروەک لەنامەکانیدا باسی لێوە دەکات هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بووە گووتە و کردارەکانی یەکتری تەواو بکەن و گووتنەکان بەواتابن، ژیان بەواتا بێت، ژیانێکی رووکەشانە و بێ ناوەڕۆکی بۆ خۆی و هەڤاڵان و گەلەکەی پەسند نەدەکرد، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوو وەک خۆی دەڵێت: باش بفکرین، جوان قسە

بکەین و چاک کاربکەین و لەپێوانەکانی ژیانیدا پێکیبهێنێت. شەهید هەمیشە لەهەر گۆڕەپانێک خەباتی کردبێت وێنەی میلیتانێکی دروستی ڕێبەر ئاپۆ لەپێناو ئازادی ژن و ژیاندا تێکۆشاوە و بۆ گەیشتن بەلوتکەی هیوای تێکۆشان ڕەنجی داوە. شەهید نموونەی ژنێکی عاشقی ئازادی لەسەر ڕێبازی ڕێبەر ئاپۆ بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی پاشڤەڕۆ و بونیادنانی پێوانەکانی ژیانێکی ئازاد، وچان و ماندووبوونی نەدەزانی. هەر ئەمەش هۆکار بوو کە هەمیشە لەناو هەڤاڵانیدا خۆشەویست و جێگەی ڕێزبێت.

ئامادەبووانی بەڕێز،

شەهید "ڤیان" لەساڵی ١٩٩٧وە یەکێک بووە لەو ژنانەی لەڕیزی پێشەوە ڕەنجی داوە بۆ سەرخستنی هێڵی ڕێبەر ئاپۆ لەناو بزاڤی ئێمەدا و ماوەیەکی درێژیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە ڕێکخستن ئیقناع بکات و بچێتە باکووری کوردستان و چالاکی گیانبازی لەیەکێک لەشوێنە هەستیارەکانی دەزگای شەڕی تایبەتی دەوڵەتدا ئەنجام بدات. هەتا بتوانێک وەکو بورکان بەرووی دوژمنانی گەلی کورد و ئازادیخوازاندا بتەقێتەوە. لەکاتێکدا کە زانی ئەم پێشنیارەی لەلایەن ڕێکخستنەوە پەسند ناکرێت، وەکو لەنامەکانی خۆیدا باسی دەکات ئەم چالاکییەی ئەنجامدا.

بەشداربووانی مەراسیم،

شەهید "ڤیان" نموونەیەکی زیندووە لەو کەسایەتییەی کە گیانی خۆویستی و ناوچەگەری و پارچەگەری لەخۆیدا تێکشکاند بوو و لەجێگەی ئەمە گیانی کەسایەتییەکی نەتەوەیی و دیموکراتی لەخۆیدا بەرجەستەکردبوو، شەهید ئەو ژنەی تێپەڕ



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

کردبوو کەناتوانێت بۆ ئامانجەکانی بچووکترین ئاخافتن بکات، بەڵکو ئامادە بوو بەنرخترین سەرمایەی خۆی کە گیانی بوو لەپێناوی ئازادیدا بیدات و بەکردەوەش سەلماندی.

بنەماڵەی شەهید "ڤیان"،

هەموو خێزانێک ناتوانێت رۆڵەی وەکو شەهید "ڤیان" بەرهەم بهێنێت، گومانی تێدا نییە ئەمە بەرهەمی نیشتمانپەروەری و زەحمەتکێشی ئێوەیە. راستە شەهید نەیتوانی وەکو کچێکی ئاسایی کچی ئێوە بێت، بەڵام ئەو بەژیان و تێکۆشانی خۆی و ئەو چالاکییەی ئەنجامیدا وەکو خۆی دەڵێت توانی ببێتە "کچێکی باشی گەلەکەی" ئەمەش بۆ ئێوە و گەلەکەشی سەربەرزی و سەرفرازییە. بۆ ئێمە و ئێوەش واتا بەخشین بەژیان و چالاکی شەهید "ڤیان" و تێکۆشان لەسەر رێبازەکەی ئەرکێکی دەستلێبەرنەدراوە.

جەماوەری بە شەرەفی شاری سلێمانی و باشووری کوردستان،

شەهید "ڤیان" نموونەی گیانی تێکۆشانی شاری سلێمانی و باشووری کوردستانە، ئەو گیانەیە کە سەد ساڵە دوژمنانی کورد دەخوازن پارچەی بکەن و بێ ئیرادەی بکەن، بەڵام ئەو هەر بەرخۆدان دەکات و چەندین تێکۆشەری تری وەکو "لەیلا قاسم و ئارام و دکتۆر سیروان"ی بەرهەمهێناوە و بێگومانین کە چەندانی تریش بەرهەمدەهێنێ. شەهید "ڤیان" پەیامێکە بۆ ئەو کەس و چەمکانەی دەڵێن ئیتر تێکۆشان، فیداکاری واتای نییە، پەیامێکە بۆ جەماوەری کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان و سلێمانی بەتایبەتی کە ئەمڕۆ گەلەکەمان پێویستی بەخزمەت و فیداکاری هەیە، تەنها بەردەوامی تێکۆشان دەتوانێت

دەسکەوتەکانی گەلەکەمان لە باشوور بپارێزێت و بیکاتە پشتێک بۆ تەواوی گەلی کوردستان و دۆزە رەواکەی. بێگومان ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆ شاری سلێمانی و خێزانە بەڕێزەکەی.

لەکۆتاییدا سەری رێز و نەوازش بۆ گیانی پاک و بێگەردی شەهید "ڤیان" و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دادەنەوێنین و سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵە و هەڤاڵان و جەماوەری تێکۆشەری سلێمانی و باشووری کوردستان دەکەم و پێم خۆش بوو لەمەراسیمەکەدا ئامادە بووینایە، بەڵام بەداخەوە بارودۆخی کوردستان ئەو دەرەفەتەی پێ نەداین.

زۆر سوپاسی ئەرک و ماندووبوونی هەمووتان دەکەم کە ئێوە ئەم ئەرکەتان خستە سەرشانی خۆتان و ئەم مەراسیمەتان رێکخست.

تەنها دەتوانم ئەوە بڵێم: سەرخستنی کێشەی کوردی و ئازادی رێبەر ئاپۆ و ژیان و نامەکانی شەهید "ڤیان"، فەرمانن بۆ ئێمە و فەرمانی بەرزکردنەوەی ئاستی تێکۆشان و سەرخستنی کێشەی کورد و ئازادبوونی رێبەر ئاپۆ و بەرقەرارکردنی پێوانەکانی ژیانێکی ئازادمان دەداتێ و ئێمەش پەیمان دەدەین شایستەی رێبەر ئاپۆ و شەهید "ڤیان" و سەرجەم شەهیدان بین.

- شەهید "ڤیان" نەمرە
- بژی ئەو گەلەی رۆڵەی وەک شەهید "ڤیان" بەرهەمدێنێ
- بژی رێبەر ئاپۆ

**سەرۆکایەتی هاوبەشی "PKK"**
**سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری**
**کۆما کۆمەڵێن کوردستان"KKK"**
**هەڤاڵ جەمال (موراد قەرەییلان)**



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

## چالاکی شەهیدی سەرکردە "ڤیان جاف"
## لوتکەی گیانبازی و بەرپەرچدانەوەیەکی کرداری و ئایدیۆلۆژیانەی دووژمنانە

تێکۆشانی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان بەڕێبەرایەتی "سەرۆک ئاپۆ" هەر لەیەکەم رۆژی چەخماخەی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا بەگەوهەری بەرخۆدانڤانی و قارەمانێتی و گیانبازی پەرەی بەڕەوتی ئازادیخوازانەی خۆی داوە و لەبەرامبەر زولم و ستەمی داگیرکاران و هێڵی خیانەت و تەسلیمکاری و پاکتاوکاراندا هەڵوێستی هەرە مێژوویی و بەهاداری بۆ مێژووی گەلی کوردستان و تەواوی مرۆڤایەتی تۆمارکردووە و نموونەیەکی بێوێنەی بەرخۆدان و قارەمانێتی و گیانبازی ئافراندووە. چالاکی گیانبازانەی هەڤاڵی سەرکردە "ڤیان جاف"یش کە لەشەوی( ½ــ٢ــ٢٠٠٦ ) لەناوچەی "هەفتانین" بەئەنجامی گەیاند لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا لوتکەی ئەو گیانبازییەیە کە مێژووی بزاڤی ئازادیخوازی کوردان بەخۆیەوە بینیوە.

هەڤاڵ " ڤیان" وەک سەرکردەیەکی ژن و ژنێکی ئازادیخوازی گەلەکەمان هەر لەو ساتەی لەساڵی ١٩٩٧ دا تەڤلی ریزەکانی""PKK" " بووە، لەمیانەی پەیوەستبوونی بەڕێبازی ئازادیخوازانەی "سەرۆک ئاپۆ"وە لەنێو سەرجەم گۆڕەپانەکانی تێکۆشاندا پەرەی بەهەست و رۆح و هزری شۆڕشگێڕانەی خۆی و هەڤاڵانی و گەلەکەی داوە و خۆی گەیاندە ئەو کەسێتییە ملیتانییە مێژووکردەی کە گوڕ بەتێکۆشانی ئازادیخوازانە بدات

و لەساتی مێژوویی هەستیاردا دلێرانە بەرپەرچی سەرجەم ئەو هێرش و شاڵاوانەی دووژمنان بداتەوە کە دەخوازن هیوا و ئیرادە و کەرامەتی کوردان تێکبشکێنن و ژێرپێی بخەن. هەڤاڵی تێکۆشەرمان " ڤیان جاف"وەک چۆن لەدوا ساتەکانی ژیانی خۆیدا نموونەیەکی گیانبازی مەزنی لەبەرامبەر سیاسەتی قڕکردن و گۆشەگیری و لەناوبردنی "رێبەر ئاپۆ" ئافراند، ئەوا لەتەواوی ژیانی شۆڕشگێڕانەشیدا بەکەسێتی دڵنزمی و فیداکاری و هەڤاڵبەندی و یەکسانیخوازانەی خۆیەوە ببووە ئەو سەرکردەیەی کە ژنانی ئازادیخوازو تەواوی گەلەکەمان لە باشووری کوردستاندا پێویستی پێی هەبوو. هەڤاڵ "ڤیان" وەک ئەندامێکی کاراو چالاکی دەستەی دامەزرێنەری "بزاڤی چارەسەری دیموکراتی"و "پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان" و "تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان" رۆڵێکی مێژوویی لەدامەزراندنیاندا هەبووە. لەماوەی تێکۆشانی خۆیدا لەنێو بزاڤی چارەسەری و "پ.چ.د.ک"دا وەک ئەندامێکی دەستەی کارگێری و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی هەمیشە لەهەوڵی پاراستن و پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان بەگشتی و بزاڤی ئازادیخوازی ژنان و رێنماییە رێکخستنییەکان بەتایبەتی دابوو و بێپەروا لەپێناویدا تێدەکۆشی. پاشانیش وەک ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری "کۆنگرەی گەل" و "یەکینەکانی ژنی ئازاد ـ یەژاستار"و"PKK " ی نوێ لەبەرامبەر هەوڵە تەسلیمکاری و پاکتاوکارییەکانی نێو بزاڤی ئازادیخوازدا تێکۆشانێکی ئایدیۆلۆژی و پراکتیکی مەزنی پێشخست و لەکەسێتی خۆیدا رێبازی ئازادیخواز و بەرخۆدانڤانی پاراست و لەدواجاریشدا بەگرتێبەردان لەجەستەی پیرۆزی خۆی لەبەرامبەر سیاسەتە



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

دڕندەییانەکەی ڕژێمی تورکیا کە لەبەرامبەر "سەرۆک ئاپۆ" لەزیندانی ئیمرالی و گەلی کوردستاندا پەیڕەوی دەکات، وەڵامێکی کردارییانەی ئەو سیستەمەی دووژمنانی دایەوە، سەلماندی کە ئیدی هیچ هێزێک لەدونیادا ناتوانێ ئومێد و باوەڕی و ئیرادەی گەلی کوردستان تێکبشکێنێ و بێ کەرامەت و بێ ئازادیان بکات. هەروەک شەهیدی نەمر لەیەکێک لەدوا نامەکانی خۆیدا دەڵێت: " ئەم چالاکییەی کە منیش ئەنجامی دەدەم لەپێناو بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی قڕکردنی گەلی کورد و گۆشەگیرکردنی سەرۆک ئاپۆیە. لەپێناو ئازادی گەلەکەم و ئازادی ژنانی کورددا لەدەست زوڵم و زۆری و چەوسانەوە لەگیانم شیرینتر شتێ هەبووایە دەمدا، بەڵام لەم قۆناخەدا کە گەلی کورد بەرەو سەرکەوتن دەچێ و لەهەرجێیەک لەسەر پێیە و ماندەگرێ و ڕێپیوان دەکات، بۆ کچێکی وەکو منیش گیانی خۆبەختکردنیش بەکەم دەزانم و منیش وەک زۆر لەهەڤاڵانی دی خۆم بەقەرزاری گەل و ژنانی ئازارچەشتوو دەزانم."

بۆیە ئەو چالاکییە گیانبازییەی هەڤاڵی سەرکردەمان "ڤیان جاف" وەک چۆن بەرپەرچێکی کردارییانە بوو ئەوا بەهەمان ڕادەش چالاکی و هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژی مەزنە و خاوەندارکردنێکی پڕ بەجورئەتی ڕێبازی شارستانی دیموکراتی و ئایدیۆلۆژیای ڕزگاری ژنە و خۆکردنە بەپەرژینێکی ئاگرین لەدەوری سەرجەم ئەو بەهایانەی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان ئافراندوویەتی. ئیدی هەڤاڵ "ڤیان" وەک ئاشقێکی مەزنی ئازادی ژن و گەلی کوردستان و مرۆڤایەتی ژیا و هەر بەهەمان ئەشقیشەوە گیانی خۆشی بەختکرد.

لەسەر ئەم بنەمایە، ئێمە وەک "پ. چ. د. ک" وێڕای دەربڕینی سەرەخۆشی و سەرساخی خۆمان بۆ گەلی کوردستان و کەسوکاری و "سەرۆک ئاپۆ" و هەڤاڵ و هاوڕێبازانی هەڤاڵی سەرکردەمان "ڤیان جاف"، ئەوا هاوشانی هەڤاڵی سەرکردە و نەمر (د. سیروان) وەک ئەندامی هەمیشەیی و شانازی سەرکردایەتی "پ. چ.د .ک" پەیوەستی پەیمان و ڕێبازی ئازادیخوازانەی هەردوو سەرکردە و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەبین و لەسەر ڕێبازە پیرۆزەکەیان بەردەوام دەبین و بۆ ئێمە دەبنە سیمبۆلی بەرخۆدان و قارەمانێتی و فیداکاری لەتێکۆشانمان بۆ ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی.

نەمری و سەرفرازی بۆ گیانی بێگەردی سەرجەم شەهیدانی ڕێبازی ئازادیخوازی گەلی کوردستان.

نەمری بۆ گیانی پیرۆزی هەڤاڵی تێکۆشەرمان "ڤیان جاف."

نەفرەت و ریسوایی بۆ خیانەتکاری و ستەم و زوڵمی سەرجەم دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسی**

**پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

**4 /2/ 2006**

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

## بۆ بنەماڵەی بەڕێز و هێژا " لەیلا والی حسێن"

بەبڕیار و جۆشوخرۆشی چالاکییە قارەمانێتییەکەی کچە بوێر و ئازاکەی گەلی کورد هەڤاڵی شەهیدمان "ڤیان"ی ئاشقی کەرامەت و ژیانی ئازاد سڵاوتان لێدەکەین، بەئێش و دڵگرانییەوە سەرەخۆشی لەئێوەی کەسوکارانی شەهید و تەواوی گەلە وڵاتپارێزەکەمان دەکەین.

هەڤاڵ "ڤیان" لەتەمەنێکی زۆر لاوەوە هاتە ناو ریزی تێکۆشان، بەڵام سەرباری لاوێتییەکەی، بەداخوازی و ئەشقێکەوە تێکۆشانی کرد کە لەناو قووڵایی ئێش و ئومێد و حەسرەتەکانی ژنان و گەلدا دەژیا و وەڵامدانەوەی ئەم هیوایانەی بۆخۆی بەبنەما گرتبوو. "ڤیان" کچێکی ژیر، تێگەیشتوو و بەهەست بوو. لەو رۆژەیەوە کە پەیوەندی بەتێکۆشانەوە کرد تا ئەو ساتەی شەهید بوو سەرۆک ئاپۆ لەناخیدا دەژیا، هەستی پێدەکرد، ترپەی دڵی لەگەڵ ترپەی دڵی سەرۆک لێیدەدا. هەڤاڵ "ڤیان" وەک ژنێک و ملیتانێک ژیانێکی هاکەزایی بۆ خۆی پەسند نەکرد. هەربۆیە چالاکیەکەشی ئاسایی نەبوو. زۆر بەقووڵایی هەستی بەو مەترسییەی پاکتاوکردن کرد کە لەسەر سەرۆک ئاپۆی ئیرادە و بیانووی ژیانی گەلی کورد هەیە، رووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیەشی کردە بناخەی چالاکیەکەی. هەڤاڵ "ڤیان" کە دەیگووت "لەکاتێکدا مانگێک بۆ ١٥ی شوبات ماوە کەدەبێتە هەنگاونان بۆ هەشتەمین ساڵڕۆژی دیلگرتنی سەرۆک لەئێستاوە دڵم وەک بورکانێک دەکوڵێ و بۆ تەقینەوە لەدەرفەتێک دەگەڕێ" نموونەیەکی رەسەنی

خاوەنداریێتیکردنی لەسەرۆکایەتی نیشاندا. ئەوانەی ئەم چەشنە چالاکیانە ئەنجام دەدەن مۆری خۆیان لەقۆناخ دەدەن و وەک قارەمان جێگای خۆیان لەناو دڵی گەلاندا دەکەنەوە. بێگومان ئەو قارەمانانەی ڕێنیشاندەری مرۆڤایەتین هەموو کاتێک سەرهەڵنادەن، ئەوان ئەو مرۆڤانەن کە دەزانن پێویستە چۆن و تاکەی بژین، وەک کەسانێک کە لەکاتی خۆیدا تیۆری و کرداری خۆیان ئەنجامدەدەن، بەمجۆرەش لەجوانترین جێگای مێژوودا شوێنی خۆیان نەخش دەکەن. بەڵێ، هەڤاڵ "ڤیان"یش لەمیانەی گووتەی "وەک نەوەیەکی سرووشت و پارچەیەکی بچووکی گەردوون دەڵێم: خوازیارم پێوانە و یاساکانی ژیانێکی پیرۆز جێبەجێ بکەم و واتا بەژیانی خۆم بدەم." سەرکەوتووانە توانی ببێتە یەکێک لەو مرۆڤە بێ هاوتایانەی مێژوو.

هەنگاوی یەکەمی بەشداریکردنی تێکۆشانی ژنان و گەلەکەی لەشوێنێک بوو کە ژنان لەژێر ئازار و چەوسانەوە و فشارێکی زۆردا بوون. پشتی خۆی لەئێش و ئازاری گەل نەکرد کە لەژێر دڕندانەترین شێوازی فشار و چەوسانەوەدا بوو، ژنێک بوو کە جێگای خۆی لەریزی تێکۆشانی گەلەکەی گرت. هەڤاڵ "ڤیان" بەئەشق و حەسرەتەوە بەشداری تێکۆشانی کرد. هەربۆیە سەرباری تەمەنی لاوێتی لەبەرزترین ئاست و قورسترین کار و خەباتدا جێگای خۆی گرت و توانا و هێزی خۆی نیشاندا.

بەر لەهەموو شتێک وەک ژنێکی خاوەن بڕوا و پەیوەست بەدۆزەکەی لەهەرکوێیەک بێت بەبێ سنوور بەشداری لەتێکۆشان کرد و سەرتاپای ژیانی خۆی بۆ قارەمانێتی وەرچەرخاند. تادواساتی ژیانی پارێزگاری لەم ڕێبازەکرد.



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

ئەویش وەک بێریتان، زیلان و سەما و چەندین کچە کوردی دیکەی دلێر لەم تێکۆشانەدا دەرگاکانی خۆی لەڕووی خیانەت و تەسلیمکاری داخست و لەبەرامبەردا جەستەی خۆی کرد بەقەڵایەکی بەرخۆدان. سەرباری هەموو سەختی و دژواریەکانی تێکۆشانیش بەزانینەوە توانی دڵی خۆی وەک دڵی منداڵێک بەخاوێنی بپارێزێ. بەگووتەکانی "خوازیارم ببمە ئومێدێک بۆ ئەو منداڵانەی دەستیان لەهەوادا ماوەتەوە و ئەو خەیاڵانەی خنکێنراون " داخوازی خۆی بۆ بەجێهێشتنی ژیانێک بۆ منداڵان دەهێنایە زمان. هەڤاڵ "ڤیان" لەو کەسانە بوو کە ژیان هێندە لای خۆشەویست بوو کە ئامادەبوو خۆی لەپێناویدا بەخت بکات. لەم سۆنگەیەشەوە چاوە بزۆکەکانی بوو بەزمانی ئەشقی ژیان، تێکۆشانێکی نەپساوە و ڕەنجێکی زۆریدا، هەڤاڵ ڤیان نەبەز بوو. بەداخوازی و حەزێکی گەورەوە لەکار و خەباتێکەوە بۆ کار و خەباتێکی دیکە، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەڕۆیشت. لەهەر شوێنێکی شاخەکانی باشووری کوردستان شوێنپەنجەی خۆی بەجێهێشت. هەرشوێنێکی پێیدا تێپەڕبووبێ ڤیانێکی لەناو دڵی هەڤاڵان جێهێشتووە.

هەڤاڵ "ڤیان" لەمیانەی جوانبوون و ئازادبوونی خۆیەوە ڕەسەنترین وەڵامی دایە داخوازی سەرۆکایەتی و حەسرەتەکەی بۆ خوڵقاندنی جوانی و ئازادی ژن. هەڤاڵ "ڤیان" هەوڵیدەدا لەژیاندا ئەم ئەشقەی خۆی بەدیبێنێت. بەردەوام سەرۆکایەتیمان جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێشخستنی پرۆژەی ژنی ئازاد بەتایبەتی بۆ ژنانی پارچەی باشووری کوردستان پێویستە، هەڤاڵ "ڤیان"یش وەک ژنێکی باشووری کوردستان یەکێک بوو کە لەنزیکەوە ئاشنای ژیانی ژنانی ئەو ناوچەیە بوو.

بەباشی و بەقووڵی دەرکی بەو راستینەیە کردبوو کە پرۆژەی سەرۆکایەتی سەبارەت بەژنی ئازاد گوزارشتی رزگاری ژنانی ئەم ناوچەیە. لەو بڕوایەدا بوو کە لەرێگای ئەم پرۆژەوە دەتوانرێ رێگا لەو تراژیدیانە بگیرێ کە رۆژانە ژنان لە باشووری کوردستان دووچاری دێن. خوازیاری کار و تێکۆشانێکی زۆر بوو لەپێناو ژنان و گەلی کورد لەم پارچەیەدا. چونکە لەو بڕوایە دابوو کە ژنان و گەلی کورد لەم پارچەیەدا شایستەی ژیانێکی ئازاد و سەرفرازانەترن.

ئێوە وەک بنەماڵەی شەهید دەبێ سەرفرازبن و شانازی بکەن کە قارەمانێکی بەمجۆرەتان کردۆتە دیاری. چونکە "ڤیان" تەنیا کچی ئێوە نییە، بەڵکو وەک کچی تەواوی گەلی کورد جێگای خۆی لەدڵی هەمووماندا نەخشاند. چونکە بووە مەشخەڵی تێکۆشانی دەستی گەلەکەی لەهەر چوارپارچەی کوردستان.

"ڤیان" هاواری ئەو داخوازیەی کرد کەدەیەوێ بەشێوەیەکی بەهێز لەگەڵ تێکۆشانی گەلەکەی لەهەر چوارپارچەی کوردستان ئاوێتە بێت. "ڤیان" بەئاگربەردان لەجەستەی خۆی رێگای ژیانی شەرەفمەندانەی نیشانی تەواوی گەلی کورد و ئەو کەسانەدا کە خوازیارن ژیانێکی بەبێ سەرۆک ئاپۆ بسەپێنن.

لەو بڕوایەداین ئێوەش وەک بنەماڵەی شەهید شایستەی داخوازیەکانی هەڤاڵ "ڤیان" دەبن. بیستمان کە یەکەمجار هەواڵی شەهیدبوونی هەڤاڵ "ڤیان"تان بیستووە خۆتان نەکردووە بەخاوەنی، ئەمەش ئێمەی خەمگین و دڵگرانترکرد، چونکە "ڤیان" دەیخواست هەرەزێدە ئێوە خاوەندارێتی لەم قارەمانێتی و رەسەنایەتییە بکەن و ببێتە جێگای شانازی کردنتان. بەڵام دواتر



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

ئەو خاوەندارێتییە و هەستیارییەی نیشانتاندا ئێمەی سەرفراز و دڵخۆش کرد. بەتایبەتیش ئەو هەڵوێستەی دایکی شەهید "ڤیان" نیشانیدا هێز و ورەیەکی مەزنی بەهەمووان بەخشی.

ئێوەش وەک بنەماڵەی شەهید و بنەماڵەیەکی کوردی بەشەرەف، پێویستە خاوەندارێتی لەچالاکی و تێکۆشانی شەهید "ڤیان" بکەن، چونکە ئەم راستینە گەورەی دەکات. تەنیا بەم شێوەیە دەشێ خۆشەویستی و پەیوەستبوونمان بەهەڤاڵ "ڤیان" واتادار بێت.

ئێمەش وەک هەڤاڵانی شەهید لەکەسایەتی ئێوەدا، دیسان بەڵێن دەدەینە تەواوی گەلی کورد کە لەژێر گەرمایی و رووناکی ئەو ئاگرەی لەجەستەی "ڤیان" بەرزبۆتەوە بەبڕیار و سووربوونەوە خاوەندارێتی لەتێکۆشان دەکەین.

**لەگەڵ رێز و سڵاوماندا**
**فەرماندەیی هێزی تایبەتی ژنان**
**(YJA-STAR)**
**12/2/2006**

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## بڵێسەی ڕۆح بەدەلی ئازادی مەزنە

## هەزاران هەزار سڵاو لەگیانی فریشتە ئاسای هەڤاڵ "ڤیان"

ئێمە وەک (TJAK) هەڤاڵان و هاوڕێیانی شەهید، سەبووری و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی گەل و دۆستان و هەڤاڵان دەکەین.

ئەمڕۆ ڕۆحی پاکی شەهید "ڤیان" ئێمەی لەدەوری ڕاستییەکی گەورە کۆکردۆتەوە، ئەویش ڕاستی ئەم چالاکییە مەزن و بەنرخەیە، گەورەیی بڕیارەکەی شەهید بۆ ئەم چالاکییە لەقووڵایی باوەڕی هەڤاڵەوە بۆ ئازادی سەرچاوەی گرتبوو، باوەڕی بەئازادی ژن، بەئازادی مرۆڤایەتی، هەڤاڵ "ڤیان" ئەمانەی هەموو لەئەشقی خۆی بۆ کەسایەتی و ڕێبازی سەرۆک ئاپۆدا بەرجەستە کردبوو.

هەڤاڵ ئاشقی ڕاستەقینەی ژیانێکی سەربەرز و ئازاد و بەشەرەف بوو، بۆیە تەمەنی ١٥ ساڵ بوو کاتێک کەمێک لەڕاستی شۆڕش تێگەیشت و توانی بڕیاری بەشداربوونی ڕیزەکانی شۆڕش بدات. لەساڵی ١٩٩٧دا، هەڤاڵ یەکەم هەنگاوی بەشەڕێکی زۆر بوێرانە دەستپێکرد لەبەرامبەر هێزی عەشیرەتگەری و تایفەگەری، ئەوەی پێ سەلماندن کە هێزی باوەڕی ڕاوەستان نازانێ، هەڤاڵ "ڤیان" هێندە ئەوینی شۆڕش لەدڵە بچووکەکەی گەورە بوو، بەهیچ شێوەیەک ماندووبوونی نەدەناسی و، لەگەڵ لوتکەدا ببووە هاوڕێ.

هەڤاڵ هەمیشە پێشەنگبووە بەتایبەت لەڕۆژە سەختەکاندا دەنگی ئەو بەردەوام دەنگی ڕاستی و، چاوەکانی چاوی بینینی ڕەخنە و دەستەکانی دەستی کارکردن بووە، پێدەچوو ئەم

جەستە و رۆحە، ئاوێتەی رۆشنی تیشکی خۆر و نەوەستان با و، گەرمایی و بڵێسەی ئاگر و، ساردی و بێگەردی بەفر بووبێ.

هەڤاڵ هەر وەک چۆن لەژیاندا ئەوەی دووپات کردبۆوە کە بەڕاستی شەڕڤانی ڕێبازی ئازادی سەرۆک ئاپۆیە، ئەمڕۆ چالاکییەکەی خاوەنداریێتی ئەوەی کردووە. چالاکی هەڤاڵ شەرمەزاری هەموو هێزە نێودەوڵەتییەکانی کردووە کە سوورن لەسەر درێژەدان بەگۆشەگیری و پیلانگێڕی دژی سەرۆک و رابەری گەلی کورد. هەروەها دووڕوویی دادگای ئەورووپا شەرمەزار دەکات، گۆمی بێدەنگی هێزە مرۆڤ دۆستەکان و گەلان و هەتا دەسەڵاتدارانی کورد دەشڵەقێنێ. وەحشیگەری و پاشڤەڕۆیی دەوڵەتی تورکیا و سیاسەتمەدارانی پرۆتستۆ دەکات.

چالاکی هەڤاڵ "ڤیان" و کڵپەی جەستە بێگەردەکەی پەیامی مەزنە بۆ هەمووان، بۆ گەلەکەمان بەتایبەت لە باشوور، بۆ ژنان بۆ دایکان. تا چاومان بکەینەوە بەرامبەر راستییە چەواشەکراوەکان چالاکی هەڤاڵ "ڤیان" زەنگی بەبیرهێنانەوەی چارەسەری و باوەڕییە بەسەرکەوتن.

ئەمڕۆ تۆ هەڤاڵ "ڤیان" بەرۆح دەگەیتە ئیمرالی و لەگەڵ تەواوی شەهیداندا دەبیتە یەک: شەهید زیلان، بێریڤان، رووناهی، عەگید و هەموو شەهیدان.

هەزاران سڵاو لەگیانی تۆ و هەموو ئەو شەهیدانە
بژی خۆری ئازادی رابەری کورد سەرۆک ئاپۆ

**تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان**
**(TJAK)**
**6 /2/2006**

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

## ئاگر ئەمڕۆ خۆی خاوێن دەکاتەوە،

## بەپاکیی جەستەی بانگی خۆری کرد و گووتی: بەڵێ!

ئەگەر نرخی ئازادی ئاگر لەخۆبەردانە یان ژیان بەسەربردنە لەنێو زیندانی داگیرکەراندا، ئەوا بەخێر بێت، بەڵام گومانی تێدا نییە کە پێویستە پەیوەست بیت بەبیروباوەڕییەکانی ئازادییەوە، گومانی تێدا نییە کە دەگەیت بەئازادی، هێشتا هیواش لەقووڵایی و ناخی "ڤیان"دایە.

ئەمڕۆش "ڤیان" (لەیلا والی) ئەفسانەیەکی تری لەمێژووی ژنی ئازاددا تۆمارکرد، لەسەر هەمان ڕێبازی شۆڕشگێڕەکانی وەکو، زیلان، بێریتان، سەما، ڕووناهی و بێریڤان، چیرۆکێکی دیکەی لەئەشقی سەربەرزی ژن و خاک و خۆردا هۆنییەوە. وەڵامی ئەو گۆشەگیرییەی دایەوە کە دەوڵەتی تورکیا لەسەر ڕێبەری گەلی کورد "عەبدوڵڵا ئۆجەلان" کە بۆ حەوت ساڵ زیاترە فەرزی کردووە، دوای قووڵبوونەوەیەکی زۆر لەکەسایەتی خۆی و نەهامەتییەکانی سەر گەلەکەی هەڤاڵ "ڤیان جاف" لەشەوی ١ی شوباتی ٢٠٠٦دا ئاگری لەجەستەی پاکی خۆی بەردا، پاش ئەوەی کە نامەیەکی ٢٤ لاپەڕەیی نووسی کە زیاتر باس لەمانا و گرنگی ئەم چالاکییە دەکات کە بەئیرادەی خۆی ئەنجامی داوە بۆ دەربڕینی تووڕەیی خۆی لەبەرامبەر ئەو سیاسەتی ئینکار و قڕکردنەی کە لەسەر گەلی کورد پەیڕەو دەکرێت.

هەڤاڵ "ڤیان" سەرباری تەمەنە بچووکەکەی هەر لەسەرەتای بەشداربوونیەوەی لەناو شۆڕشدا لەساڵی ١٩٩٧ و تا ئەو

ساتەش کە شەهید بوو، بەبەرپرسیارێتییەکی گەورە نزیکی کێشەکانی نەتەوەیی و پارتیبوون، رەگەزی دەبۆوە، بەدڵسۆزییەکی بێ هاوتاوە لەگەڵ هەڤاڵان و گەلەکەیدا هەڵسوکەوتی دەکرد و سەرباری هەموو ئەو زۆری و زەحمەتییانەی کە رێکخستن پێیدا دەربازدەبوو بۆ ساتێکیش بیّت بیر و باوەڕی بەگەلەکەی و کێشە رەواکەی کەم نەکردەوە، بەهیچ شێوەیەکیش لەگەڵ بیر و بڕواکەی نەکەوتە نێو ناکۆکییەوە. لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا ئەرکەکانی لەهەموو ئاستێکدا بەرێکوپێکی پێکهێنا، هەر لەئەندامی ئەنجوومەنی "پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان"ەوە کە ئەوکات تەمەنی ٢٢ ساڵ دەبوو، دواتریش ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی "کۆنگرەی گەلی کوردستان "و " کۆمیتەی سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی " PKK و ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی هێزی پاراستنی گەل (HPG) و یەکینەی ژنی ئازاد ـ ستار (YJA–STAR) لەناوچەی هەفتانین کە چالاکییەکەی لێ ئەنجامدا.

بۆ پێکهێنانی ئەرکەکانی هەمیشە لەریزەکانی پێشەوە بوو و، خاوەن کەسایەتییەکی ماندوونەناس بوو. هەمیشە سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و گەڕان و بیرکردنەوە و چارەسەری بوو بۆ کێشەکانی ژیان و بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانی هیچ سوکنایی نەهاتووە و هەمیشە بەکەمی زانیوە و گووتویەتی بەگوێرەی داخوازییەکانی گەلی کورد نییە، بەدرێژایی خەباتەکەی، ماندوونەناسی لەرۆح و خەباتەکەی دیار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە هەستی بەوەدەکرد کە ئەو باش رۆڵی نەگێڕا و، باوەڕی بەوە هەبوو کەوا ئێمە دەتوانین زیاتر بکەین و فیداکاری زۆرتر بکەین. ئەو گرنگی زۆر بەلایەنی ئایدیۆلۆژی دەدا کە



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

لەسەرۆک ئاپۆوە سەرچاوەکەی دەهات، ئەمەش تێیدا کۆبووەوە تا ئەو ساتەی کە شەهید بوو. ئەوەشی هەر لەدڵدا بوو کە سەرۆکی نەبینیوە، هەمیشە وەکو تینوویەک لەنێو لێکۆڵینەوەی کەسایەتی ئاپۆ و ئایدیۆلۆژی ژندا بوو، لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەشدا توانی رێز و خۆشەویستی دەوروبەرەکەی قازانج بکات و هەمیشە کەسایەتییەکی دڵنزم بوو؛ حەزی لەگوێگرتنی را و بۆچوونەکانی دەوروبەرەکەی هەبوو، جگە لەوەش حەزی لە هونەر و شانۆ هەبوو، بەرۆحێکی بەرزەوە و بەچالاکانە و بەگەشبینی و بەخۆشەویستی ژیانەوە، هەڵسوکەوتی دەکرد.

هەڤاڵ "ڤیان" هەر لەسەرەتای ژیانیەوە لەرووی چەمک و پەیوەندییە عەشایەرییە باوەکان راوەستایەوە و لەو شوێنەی کە تێیدا لەدایک بووە و لە ١٥ ساڵی تەمەنیدا، چونکە ئەو چەمکانەی وەکو مەترسییەک لەسەر ئازادی خۆی و ئازادی نیشتمانەکەی دەبینی، بۆ ئەمەش پەیوەندی کرد بەڕیزەکانی شۆڕشی ئازادی گەلەکەیەوە و خاوەن کەسایەتییەکی خۆنەویست بوو. ئەو چالاکییەی هەڤاڵ "ڤیان"یش ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ ئەم قۆناخەی ئێستا، خۆ ئامادەکردنە بۆ لەدژ وەستانەوەی ئەو ناخۆشییە چاوەڕوانکراوانەی کە دەکەونە پێشمان، ئەو چالاکییە بانگمان دەکات کە بەهەمان هەستیاری هەڤاڵ "ڤیان"ەوە نزیکی ئەم قۆناخە ببینەوە، بەپیر و گەنج و ژن و منداڵەوە.

بەپێی بانگەوازییەکەی هەڤاڵ "ڤیان" ئەرکی ئەم قۆناخە زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی ژنان و لاوان، کە وەکو ئاگرێکە لەدەوروبەرماندا، بەتایبەتیش بەپلەی یەکەم پاراستنی سەرۆک ئاپۆ. چونکە دوژمنانی گەلەکەمان هەمیشە سەرۆک ئاپۆیان وەکو دڵی کورد بینیوە کە هەمیشە لێدەدات و ئەو بیرە تیژە و

ئەو رۆحەی کە ئارامی دەداتە دڵی هەر کەسێک و یەکێتیمان پێش دەخات، لەهەر ئان و ساتێکدا. ئەو چالاکییە گیانبازییەی هەڤاڵ "ڤیان"یش هاوارێکە بۆ بزواندنی هەستەکانمان لەبەرامبەر ئەو زوڵم و زۆرییەی دەوڵەتی تورکیا کە لەشەخسی سەرۆک ئاپۆوە بەسەرماندا فەرزی دەکات، هەروەها ئەگەر تەنها وەکو سەیرکەرێک بمێنینەوە، نەبزوێین، ئەوا مردنی کەرامەت و عزەتی نەفسمانە، وەڵامدانەوەی هەڤاڵ "ڤیان"یش ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتییە و پەیوەستبوونە بەشەرەفی گەلەکەمان و پەیوەستبوونە بەرێنماییەکانی سەرۆک ئاپۆ و لەهەموو کات و ئاستەکاندا.

هەروەها هەڤاڵ "ڤیان" داوامان لێدەکات کە "لە ئاهورامەزدا باش تێبگەن تا سەرکەوین."

هەروەها لەگەڵ سەرۆک ئاپۆدا یەک بین تاوەکو ئازادی و یەکێتی گەلەکەمان مسۆگەر بکەین و جێبەجێکەری وەسیەتی شەهیدەکانمان بین.

**کارگێڕیی یەکینەی ستار**
**پارتی یەکێتی دیموکراتیک**
**6 / 2/2006**

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

**بەناوی ئەو هاوڕێیەتییەی کە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە**

**هەڤاڵ "ڤیان" لەبەهاری ساڵی ٢٠٠٤ دا نامەیەک بۆ هاوڕێیەکی سەردەمی خوێندنی دەنووسێ، کە ماوەیەک لەقۆناخی سەرەتایی و ناوەندی بەیەکەوە خوێندوویانە، ئەو هاوڕێیەشی دوای بیستنی شەهیدبوونی هەڤاڵ "ڤیان" لەڕێگەی نووسینێکەوە هەست و سۆزی خۆی بۆ هەڤاڵ "ڤیان" دەردەبڕێت هاوپێچی نامەکەی هەڤاڵ "ڤیان" بۆی ناردووین، لێرەدا بەسوپاسەوە هەردووکیان بڵاودەکەینەوە.**

**"رۆژی وڵات"**

**بەناوی ئەو هاوڕێیەتییەی کە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە**

بۆ هاوڕێی زۆر زۆر خۆشەویست و دڵسۆزم "بەهرە". پێش هەرشتێ پڕ بەو دڵەی کە بەئاواتی دیداری ساتەوەختێکە لەگەڵ تۆی خۆشەویست و کچانی ئازادیخوازی گەلە ستەمدیدەکەماندا، سڵاو و رێزت بۆ دەنێرم و ئەحواڵت دەپرسم. هیوادارم تەندروستیت باش بێت و هەروەکو جاران لەدژی کۆسپ و تەگەرەکانی ژیاندا بەورە و بەهێز بیت. زۆر سڵاو و رێزی تایبەتیشم هەیە بۆ دایکی بەڕێزم نەزیرەخان و باوکی بەڕێزم کاک عومەر لەگەڵ هیوا و هێرش و کەژاڵ خاندا. هیوای لەش ساغی و شیفا بۆ نەزیرەخان دەخوازم و زۆرم پێ ناخۆش بوو بۆ نەخۆشیەکەی.

بەهرە گیان!

باوەڕ بکە نازانم لەکوێوە دەست بکەم بەهێنانە زمانی هەست و خۆشەویستی هاوڕێیەتییەک کە لەنێوان تاشەبەردی کۆمەڵگایەکی بێ ڕەحمدا چەکەرەی کرد و پاشان بەئاوی سازگار و هەوای بێ گەردی چیا ئازادەکان گەورە بووە. ئێستا سەعات ١.٣٠دەقیقەی شەوە و لەبەر چرا دانیشتووم دەمەوێ بەچەند وشەیەکیش بێت باسێک لەماوەی ٧ ساڵی رابردووم بکەم بۆت، بەڵام هەرچەند دەکەم شەپۆلی هەستەکانم دەمباتەوە بۆ قۆناخی مەکتەبی هەورامان و لەوێوە بۆ هەموو ئەو رۆژانەی کەدەهاتم بەدواتا و بەڕاکردن خۆمان دەگەیاندە ئەو پەیامەی کەتیایدا پەیامی ئازادیمان گرت. بێ شک لەنێو ئەو رۆژە جوان و خاوێنانەدا نابێ شاگوڵی هاوڕێمان و پێشبڕکێی سەرکەوتنەکانیشمان لەبیر بچێ... بەهەمان شێوە هەرگیز ئەو رۆژەشم لەبیر ناچێ کە بۆ دوایین جار لەحەوشەی مەکتەبەکەدا خواحافیزیم لێ کردی، چونکە دوای ئەوە ئیدی کەوتمە جیهانێکی دیکەوە و رێگەیەکی دوور و درێژی پڕ لەشەرەف و ورە و هێز و ئازادی بێ سنوورم لەپێش خۆ بینی، لەگەڵ رێبازی تێکۆشانێک کەهێندەی جوانی و گەورەییەکەی سەختی و ئێش و ئازاریشی هەبوو، چونکە وا تێگەیشتووم و تێشدەگەم کە هاوکێشەی ژیانی ئێمە بەتایبەتی بۆ ژنێک بریتییە لەشەڕ لەپێناو ئازادیدا و ئازادیش لەپێناو جوانیدا. بەڵام ئەم جوانیەمان بۆ پیاوی زۆردار و درۆزن نا، بەڵکو بۆ خۆمان و کۆمەڵگا.

بەهرە گیان، دەمەوێ زۆر شتت بۆ باس بکەم، بەڵام لێرەدا ناتوانم زۆر لەسەری بڕۆم، هەڵیدەگرم بۆ ئەوکاتەی کە ئینشەڵڵا یەکتری ببینین و لەدوای ئەوەی تێر یەکتری ماچ دەکەین و لەئامێز بگرین بەرفراوان باسیان لێوە دەکەین جا ئەوکاتەش



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

تۆی جوانکیله ئەو لەیلا رەش و زەعیف و قژ بەرزە وەکو ئەو رەسمە دەبینی کە بۆم ناردوویت و منیش ئەو بەهرەگیانەی کە پێمان دەگووت بەهرە بچکۆل وەکو خانمێکی ئاقڵ و باڵابەرز و قەشەنگی شاری سلێمانی دەبینم. هەموو جاریَ لەگەڵ ە. دیرۆک و رۆژگاردا دەبێت بەشەڕم و پێیان دەڵێم ئێوە خۆتان هاتن و هەڤاڵی منیشتان لەویَ بەجیَ هێشت ئەگەر وا نەبووایە ئێستا لەپێش هەموومانەوە رێبەرایەتی کاری دەکرد. بەڵام کە لەم دواییەدا نامە پڕ لەهەست و سۆزەکەتم پێگەیشت زۆر پێی خۆشحاڵ بووم و پێی کاریگەر بووم. وتم ئەگەر بەهرە هەتا ئێستا لەنێو هێندە زۆری و زەحمەتیدا خاوەن هەستێکی ژنێتی هێندە بەرز و پیرۆز بێت ئەوا من ئامادەم لەمەودوا وەکو خزمەتکارێک بۆ ئەو و بۆ هەموو کچانی کوردستان و ئێراق تێبکۆشم و کچانی وەک ئێوە ببنە پێشەنگمان و ئێمەش ئەرکی سەرشانمان پێک دەهێنین. هەرلێرەدا دەمەویَ زۆر سوپاست بکەم و دەست خۆشیت لیَ بکەم بۆ ئەو نامە بەپێزەی ناردبووت بۆ هەموو ئەو باوەڕی و عاتیفە جوانەی کە دەرتبڕیوە. بەڵێن دەدەم کە هەرگیز ئاوڕ لەگەڕانەوەیەکی بنکەوتووانە نەدەمەوە هەتا دوا هەناسە هەر بۆ ژنان تێبکۆشم.

هەڤاڵ "دیرۆک" دێت بۆ لات، ئەو دەتوانیَ زیاتر رەوشی من و کار و خەباتت بەگشتی بۆ باس بکات، بۆیە من زۆر باسی ناکەم تەنیا ئەوەندە نەبیَ کە دەڵێم من زۆر باشم بەس تەنیا زۆر بیری تۆ و هەڤاڵانی وەک تۆ و سەرۆکم کردووە. چونکە تۆش دەزانی دڵی هەموو ژنان و کوردان لە ئیمرالی لێدەدات.

ئێستا زۆر وەک جاران کێشەی حکومەتی ئێراق و حکومەتی هەرێم نەماوە و بۆ ئێمە ئەگەر ئینشەڵڵا کێشەی حکومەتی کاک

....... و کاک ...... چارەسەر ببێ ئەوا دێم سەرێک دەدەم. خۆ ئەگەر نەشبوو ئەوا بێ ئەوەی کێشەیەکت بۆ دەربکەوێ ئەگەر دەرفەتت هەبێ بۆ ٨ی ئازار و یان بۆ کۆنگرەی(TJAK) بێیت زۆر خۆشحاڵ دەبین.

دووبارە سڵاوت لێ دەکەم و هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم ئەگەر هاوڕێکانی جارانمان دەبینی زۆر سەلامی منیان لێ بکە بەتایبەتی سڵاو لە "شاگوڵ" بکە چونکە زۆرم خۆش دەوێ و بیری ئەویشم کردووە.

**لەگەڵ رێز و سوپاسمدا**
**هاوڕێت لەیلا والی ناسراو بە "ڤیان"**
**19/2/2004**

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

## رۆحە پاکەکان هەرگیز نامرن

**بەهرە عومەر**

**یادەکانت پشکۆن بڵێسەی ئاگرن**
**نامەکانت بێ هاوسەرن وەک وێنەکەت سەودا سەرن**
**ئازیزەکەم سەرمای ژیان فەوتانمی**
**جێ ژووانی سارد تەزاندومی**
**نەشارەزا دەریای خەفەت خنکاندمی**
**ئەی کچە گەریلای پاک و بێ گەرد وەکو گوڵ**
**ئەی ئاگرە جوانەکەی ناو گڵ**
**ئەی سەرچاوەی غیرەت و ئازادی**
**تۆ بووی بەمۆم لەپێناو (گوتن و ئازاد)**
**ئەی سەرچاوەی جوانی لە ئەخلاق و ئەقڵ**
**ئەی بڵێسەی ویژدان و پاکی لەگەڵ خۆت**
**ئەی ئەو کەسەی توانیت بەملیۆنان کەسی ونبوو بدۆزیتەوە**
**ئێمە هەر ون ببووین و دیار نەماین**
**تۆ ئاگرین و ڕووناکی بوویت بۆ دنیا**
**ئێمە تاریکین و تاریکیشین بۆ دنیا**
**ئەی ڕاستگۆ لەگەڵ خۆت و پەیامەکەت**
**ئەی نەسرەوتی دڵفراوان ئەی جوانترین هەست!!!...**

گەورەترین قازانج بەکەمترن زەرەرەوە بۆ شەهید هەڤاڵ (ڤیان) گەورەترین زەرەر بەکەمترین قازانجەوە بۆ منی هاوڕێی شەهید. ئەو قازانجە گەورانە نانووسرێن ناووترێن و ناکرێن، ئەوەندە گەورەن لەگەورەیدا خۆیان شاردۆتەوە و (احراج)

بوون، لەبەردەم ڕێز و سڵاو و حورمەتی ملیۆنەها خەڵک، قازانجێک بوو بەداری پەندێک کە هیچ وەرزێک بەسەر ناچێت کە هەتا هەتایە نەوەی دوارۆژی ئەم گەلە لەبەرەکەی بخوات تەواو نابێت و وەک دەریایەک کە هەرگیز لەبن نایەت و هەموو کەس لێی تێناگات و هەموو کەس نایبینێت. چونکە بەرز و بڵندە، پاکە، لەپاکیدا دیارنەماوە لەچاکیدا وون بووە لەڕاستیدا نەکراوە و لەجوانیدا چۆتە قووڵایی چاوەکان و بۆتە ئاگر و بورکان لەدڵ و سنگی ئازیزانیدا بۆتە قوڵپەی فرمێسک و گریان، بۆتە سەرسوڕمان سەرسوڕمانێکی مەزن مەزنتر لەخۆت، لەم ڕۆژە کە چاوەڕێ بووم بۆ بینینی، تۆ پاش دابڕانێکی زۆر هەر چاوەڕێ بووم کە چاوم چاوت ببینێ، بەڵام نەمزانی لەدوورەوە بەرووناکی و ئاگرەوە پێشوازیم دەکەیت. لەم جێژوانی هاوڕێیەتیەمدا من دۆڕاو تۆ براوە، من لەبیری تۆدا و تۆش لەبیری ملیۆنەها مرۆڤ، نەمزانی خەو بوو یان خەیاڵ ببوو بەئاگر، ئاگرێکی جوان و باڵا بەرز، دەم بەخەندە بووی بەنوری هەردوو چاووم و بوو بەپشکۆ و هاتیتە دڵمەوە. هەر لەم ڕۆژەدا بۆم دەرکەوت و بیرم کەوتەوە و هاتەوە یادم ئەو ڕۆژانەی پێکەوە بووین لەخوێندنگا ئەو ڕۆژە جوانەم قەت لەبیرناچێت کە بەفرێکی زۆر باری و دوای تەواو بوونی دەوام دەستمان دایە شەڕە تۆپەڵ و من پێڵاوەکانم دڕا و تۆش بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە پێڵاوەکانی خۆتت داکەنی و دات بەمن و خۆت بەپێی پەتی و بەدەم قاقای پێکەنینەوە گەیشتینە ماڵەوە، ئەمەیە سیفەتە جوان و گەورەکەی تۆ ئەمەبوو مانای مرۆڤایەتی، ئەمەیە خۆنەویستی و نابەرژەوەندی ئەمەیە بڵندی، بۆم دەرکەوت ئەمە سروشتی کەسێکی زۆر دەگمەنە، ئەمە سیفەتێکی تازە نییە، بەڵکو سیفەتی سروشتی منداڵیە. ئەمەیە

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

سوودمەندی بەگەورەترین مرۆڤایەتی، ئەمە مرۆڤێکی جیاوازە و زۆر جیایە. سەرسوڕمانەکان تادێت زۆر دەبن و لەمێشکمدا خەریکە ڕەورەوەی مێشکم دەوەستێنن، کێ هەیە ترس نەناسێت؟ کێ هەیە ڕۆحی خۆی بکات بەئاگر لەپێناوی خۆشەویستی دڵ و ئازادی کچ و دایک؟ کێ هەیە دڵی سارێژ بێت لەخۆشەویستی؟ کێ هەیە خۆشەویستیەکی وای دەست بکەوێت بەدوای شتێکی بەنرختر بگەڕێت لەڕۆحی خۆی بۆ ئەوەی دایبنێت لەپێناویدا؟. کێ دەتوانێت ئەو قسەیە بسەلمێنێت کە هەموو دنیا بەشی خۆشەویستی ناکات کام کچ دەتوانێ لەبەر خاتری خۆشەویستی خۆی بکات بەئاگر ئەگەر لەبەر یەکێکی وەکو مەم و فەرهاد و سیامەند نەبێ. بەڵام خۆشەویستییەکی زۆر گەورە و پیرۆزتر هەیە کە شایەنی ئەوە بێت ڕۆح ببێت بەئاگر ئەویش خۆشەویستی بیروباوەڕە بیروباوەڕێکی پاک و جوان و ڕاست دوور لەخۆپەرستی، خزمەتکردن لەپێناوی مرۆڤ بەگشتی و ژنان بەتایبەتی. زۆر کوفر و گوناح و تاوانە بەهەموو کەس بووترێ مرۆڤ، چونکە ئەو مرۆڤانەی لەدەووروبەری منن خۆپەرستی بۆتە دەریاییێک و ئەوانیش دەریاوانن دایک و باوک سەرەڕای ئەوەی پرس بەمناڵەکانیان ناکەن کە دروستی دەکەن سەرەڕای ئەوەی چاوەڕێی کوڕێکن چاوەڕێی من و تۆ نین، سەرەڕای ئەو منداڵە دەخەنە ناو ژیانێکی بێ مانا و خەفەتەوە ئەوا داوای پاداشت و بەخێوکردنی لێ دەکەن، لەدوارۆژدا هاوڕێیەک چاوەڕێی زەرەرێک دەکات لەهاوڕێکەی بەمەرجێ بەچاکە بشکێتەوە بەسەر خۆیدا و ڕێژەیەکی زۆریان بەو یاسایە دەژین کەتەنیا لەپێناو خۆی و بۆ خۆی ژیان بکات، ئەی خۆ ئەمانەش هەر پێیان دەوترێت مرۆڤ، بەڵام چۆن مرۆڤێک؟ ئەمەش ئەوە

دەسەلمێنێت کە "ڤیان" نەک ژیانە بەڵکو بەمەعنای کەلیمە ئینسانە و بوو بەچرایەکی نەکوژاوە بۆ ئەوانەی خۆپەرستن.

راستگۆیی یەکێکە لەو قازانجە گەورانەی هەڤاڵ "ڤیان" لەم رۆژەدا بیرم کەوتەوە کە قوتابی بووین پێکەوە ئەم هەڤاڵە بەڕاستی و بێ پێچ و پەنا جەدوەلی ژیان و سەعیکردنی بۆ هەموو هاوڕێیانی باس دەکرد تا سوودمەندبن لێیان، بەڵام من راستگۆ نیم لەگەڵ خۆم دا، چونکە ئەگەر خۆم هەڵنەخەڵەتێنم و تاوان لەخۆم نەکەم توانای گونجاندنم نییە لەم ژیانە هەڵوەشاوە و دووبارەییەدا، کەواتە من نەک هەر لەگەڵ خۆمدا بەڵکو لەگەڵ هەموو دەووروبەردا راستگۆنیم، بەڵام شەهیدی نەمر راستگۆیی سەلماند لەگەڵ خاک، لەگەڵ کەسوکار، لەگەڵ رێبازەکەی و لەگەڵ مرۆڤدا.

پاکی یەکێکی ترە لەقازانجە گەورەکان، چەند جوان و بەرز و شانازە ئەو کەسەی بەپاکی بڕوات، پاکی لەدڵدا، هەڤاڵ هەر لەمنداڵییەوە هەموو شتەکانی دڵی خۆی بەبێ پێچ و پەنا بۆ هاوڕێکانی باس دەکرد و پاکی لەخوڕەوشتیدا بۆ هەموو کەسێکی سەلماند بوو، هەربۆیە ئێستاش بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو سەلماندی کەچەند پاکە لەگەڵ دڵ و جەستە و ئەخلاق و هەڵسوکەوت و رەفتاریدا، هەڤاڵ "ڤیان" بوو بەگەورەترین بەڵگەی جوان بۆ دەست هەموو ئافرەتە ئازادیخوازەکانی دنیا کە ئافرەت دەتوانێ زۆر شتی موستەحیل بکات و زۆر بەجەسارەتەوە هەموو ئەم قسانەی سەلماندی ئافرەت زۆر بەغیرەتترە لەپیاو، ئافرەت زۆر نابەرژەوەندیترە لەپیاو، ئافرەت زۆر بەقووەتترە لەپیاو، ئافرەت دەتوانێ ببێتە بەمێژوو ببێت بەشەهیدی سەرکردە ببێت بەقارەمان. ئەوەیە نازناو ئەمەیە لوتکە ئەمەی یەکەمی لەهەموو شتێکی جوان و بەرزدا.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

یەکێکیتر لەو قازانجە گەورانە یەکەمی بۆخۆی کردبوو بەپێوانە، لەو ساتەوەی چاوی هەڵهێنا تائێستا و لەداهاتووشدا هەڤاڵ "ڤیان" لەمنداڵی و لەقۆناخی سەرەتایی و ناوەندی خوێندنیدا هەموو ساڵێک بەیەکەم دەردەچوو، خوێندنی کردبوو بەپەیامێک بۆ ناسراوی و یەکەمی خۆی لەناو کەسوکار و خێزانەکەیدا، لەگەڵ ئەوەی لەدەوروبەرێکی جاهل و عەشرەتگەری دابوو، لەگەڵ ئەوەی کەسێکی گەورەتر لەخۆی نەبوو کە خوێندنی تەواو کردبێت و فێری بکات یان تەشجیعی بکات بۆ خوێندن، بەڵام هەموو کۆسپ و تەگەرەکانی کردە هەوڵ و تێکۆشانێکی بێوچان بۆ گەیشتن بەئامانجی خۆی، هەمیشە نموونە و گەورە بوو لەناو خوێندنگە و کەسوکار تا ئەوکاتەی چووە قوتابخانەیەکی گەورە و فراوان و بێ وێنەی ترەوە کە لێرەدا هەستی بەبوون و ژیان کرد لەم قوتابخانەیەشدا هەر یەکەم و نموونە بووە، هەربۆیە لەم قوتابخانەیەشدا پلەی یەکەمی لەئەستۆ گرتووە تا ئەوکاتەی شەهید بوو، بوو بەیەکەمین شەهید لە باشووری کوردستان هەتا لەناو مەنزڵگاشدا هەر یەکەمە و یەکەم دەبێ. کەمترین زەرەریش ئەوەبوو تۆ ڕۆیشتی و بۆشاییەکی گەورەت بۆ بوونی ئازادی و ڕەوشت بەرزی دروستکرد، تۆ بەم شەهیدبوونەت دڵە تۆراوەکانت لەعەشق و ئازادی و پاکی ئاشتکردەوە، تۆ بەم گەورەبوونەت چەندەها درۆی گەورەت بچووککردەوە و چەندەها زاڵم و نۆکەر پڕبوون لەکین و بەسەر خۆشەویستیدا تەقینەوە تۆ بەم چالاکییەت دڵی منت کرد بەدەریای خەم و چاوم بوو بەگۆمی چاوەڕوانی هەتا هەتایی ببینی ساتەوەختێکی تۆ هەر لێرەوە زەرەرە گەورەکانی من چەکەرە دەکەن و لەزستانی تەمەندا دەژین و دەژینەوە. منێک

نەمتوانی ئامانجی خۆم بەدەست بهێنم بۆ تەنها ساتەوەختێکی بینینی تۆ منی شەرمەزار و بێ ئەمەک، منێک هەموو دنیام تەرخان بکەم یەک ساتە خۆشەویستی تیا جیانابێتەوە ملکەچ کردن و رازیبوون، رازیبوون بەهەموو شتێ دوور لەخۆم و مرۆڤ، منێک بەلاشە زیندوو بەرۆح مردوو، وێڵ بەدوای خۆشەویستییەکی پاک وێڵ بەدوای راستگۆیی و بەخشندەیی و لەئەنجامدا رەنجەڕۆیی و بێدەنگی و گریان و ئازار لەدڵێکی بێ تاوان تاوان کردن لەدوو چاوی بێگوناه زوڵم لەخۆم و خۆم و خواردن و بەجێماو لەکاروانی ئازادی و بووندا منی ون بوو لەناو گێژاوی درۆ و خۆپەرستی و بێ دەسەلاتی و بچووکی و نەیانهێشت وەک تۆ بژیم بەغیلی بردنم بەو ڕێگەی تۆ نەیهێشت وا بژیم.

-کەمترین قازانجی من تەنها هەر ئەوەیە تا مردن، ئەیلێمەوە وەکو هۆنراوەکەی (ئەی رەقیب) ی وڵاتەکەم، دەڵێم من هاوڕێی هەڤاڵ "ڤیان"م من هاورێی کەلە شەهید و ئاگر بووم. ئەوەش نیشانەی خۆپەرستی منە، چونکە هەر خۆمم لەیادە بەڵام تۆ نەک هەر من بەڵکو هەموو دنیات گرتە دڵ و خۆت بۆ کردن بەئاگری ئازادی و رۆح و فکری ئازادی ژن و منداڵ، ئەوەی تۆ کردت کەس ناتوانێ پێی بگات، کەسیش ناتوانێت منافەسەی بکات، هەروەک چۆن، لەخوێندنگە هەمیشە منافەسەم دەکردیت و قەت نەدەگەیشتم بەتۆی بەڕێز ئەگەر بەخەونیش بووایە، بەڵام وا هاتەدی و زۆر راستە من قەت ناگەم بەخۆڵی سەر گۆڕی تۆ، قەت ناگەم بەماچی زەردەخەنەی سەر گونای تۆ، ئەی هاوڕێ خۆشەویست و هەردەم لەرۆح و دڵ و مێشکمدا نەمر و پیرۆز....



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

چەپکێک

لە هەڵسەنگاندنەکانی

شەهید دیار غەریب بۆ

شەهید ڤیان جاف

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

**ئەم شیکردنەوانەی هەڤاڵی پێشەنگمان شەهید هەڵمەت (دیار غەریب) سەبارەت بە کەسێتی شۆڕشگێڕیی هەڤاڵ ڤیان کارۆخ و واتای چالاکییە گیانبازییەکەی لە کتێبی (دیار غەریب، مانیفێستۆی کەسێتی ئازاد و شۆڕشگێڕی کوردستان)ەوە وەرگیراون.**

## هەڤاڵ ڤیان

## بەشداربوونێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ ریزەکانی بزووتنەوەی ئازادی هەبوو[1]

بەگوێرەی ئەو ماوەیەی کە بە من بۆخۆم لەگەڵیدا بووم یان لە دوورەوە ناسیوومە دەتوانم باسی ئەوە بکەم. بۆخۆی هەڤاڵ ڤیان لە بەشداربوونیدا دەتوانم بڵێم بەشداربوونێکی تایبەت بوو، بەشداربوونێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ ریزەکانی بزووتنەوەی ئازادی هەبوو، یان بە واتایەکی تر بڵێین بەشداربوونێکی شۆڕشگێرانە بۆ شۆڕش بەشداری شۆڕش بوو، لەسەر بنەمای کاردانەوەیەکی ئاسایی نەبوو.

---

١ ئەم شیکردنەوەیەی هەڤاڵ دیار غەریب بۆ کەسێتی شەهید هەڤاڵ ڤیان کارۆخ، لە میانەی بەرنامەیەکی دیکۆمێنتاری تەلەفیزیۆنی بوو سەبارەت بە ژیان و تێکۆشانی هەڤاڵ ڤیاندا، کە لە ساڵانی ٢٠٠٧ بەدواوە لە کەناڵەکانی رۆژتیڤی و نەورۆز تیڤیدا بڵاوکراوەتەوە.

چونکە کاتێک کە هەڤاڵ ڤیان بەشداری تێکۆشان بوو، لەلایەن کەسوکارییەوە هەوڵێکی زۆردرا بۆ ئەوەی کە قەناعەتی پێ بکەن کە بەشداری نەکات لە شۆڕشدا و ژیانی ئاسایی خۆی بەردەوام بکات، بێگومان هەوڵدانی خێزانیش لەسەر ئەو بنەمایە بوو، یان پێیان وابوو کە هەڤاڵ ڤیان بە کاردانەوە یاخود لە ئەنجامی زوویربوونێک بڕیارێکی بەو ڕەنگەی داوە، بەڵام لە واقیعدا و لە دیالۆگیدا لەگەڵ خێزانەکەیدا و بۆ خێزان و دەوروبەرەکەشی ئەوەی سەلماند کە هەڤاڵ ڤیان هەرچەندە بە تەمەن گەنج بوو، بەڵام خوێندنەوەیەکی واقیعی و قووڵ و ڕاستی بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە هەبوو، بەتایبەتی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی ڕەگەزی ژن دەبێتەوە، لەکەسایەتی خۆیدا بڕیاری ئەوەی دابوو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە کار بکات و ببێتە میلیتانێکی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە.

هەر ئەمەش وایکرد کە هەڵوێستێکی مرۆڤ دەتوانێت بڵێت پێغەمبەرانە نیشان بدات. چونکە چۆن لە مێژوودا ئێمە سەیر بکەین کاتێک کە پێغەمبەر محەمەد (د.خ) دەیەوێت دەست بە تێکۆشان بکات لەلایەن کەسوکارییەوە هەوڵدەدرێت بۆ ئەوەی کە پەشیمانی بکەنەوە، دەڵێت: "ئەگەر خۆر بخەنە سەر لای ڕاستم و مانگیش بخەنە سەر لای چەپم ئەوا من لەم پەیامەم پەشیمان نابمەوە".

یاخود کاتێک بوزا لە هیندستان هەوڵدەدات کە پەیامەکەی خۆی بڵاو بکاتەوە، بەڵام ئەویش لەلایەن خێزانییەوە هەوڵی لەگەڵدا دەدرێت کە پەشیمانی بکەنەوە. ئەویش دەڵێت: "ئەگەر هەموو چیای هیمالایام بۆ بکەن بە زێڕ و بمدەنێ من دەست لەم پەیامەی خۆم بەرنادەم".

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

هەڤاڵ ڤیانیش بە هەڵوێستی خۆی و بە کار و خەباتی خۆی ئەم پەیامەی دا بە خێزانەکەی و دای بە گەلەکەی و بە هاوڕێیان و هەڤاڵانی لە پراکتیکیشدا ئەمەی سەلماند.

خاڵێکی تر کە لەکەسایەتی هەڤاڵ ڤیاندا مرۆڤ دەیبینی، کەسایەتییەکی کراوە بوو، دەیتوانی لەگەڵ هەموو کەسێکدا لەهەر چین و توێژێک بێت یان لەهەر رەگەزێک بێت و لەهەر تەمەنێکدا بێت بە سادەیی هەڵسوکەوت بکات و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات. ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگ بوو. هەروەها خاڵێکیش بوو کە وای لەکەسایەتی هەڤاڵ ڤیان دەکرد کە خۆشەویست بێت و لەماوەیەکی کورتی تێکۆشاندا وا بکات هەم لە ناو هەڤاڵانی خۆیدا و لە دەرەوە و لەو جێگەیانەی کە کاری کردووە ببێتە جێی سەرنج و جێی باوەڕی و جێی کۆبوونەوەی هیواکان.

لە چالاکییەکەی هەڤاڵ ڤیانیشدا مرۆڤ دەتوانێت بە کورتی ئەم راستییانە ببینێت و بخوێنێتەوە ئەوەی کە من هەستی پێدەکەم یان هەستم پێ کردووە ئەو بۆخۆشی بە شێوەیەکی زۆر روون ئیشارەتی پێ دەکات، ئەو لە پێناوی بڵندکردن و لە پیناوی زیندووکردنەوەی پێوانە ئینسانییەکان لە تاکی مرۆڤ بەگشتی و لە باشووری کوردستاندا بە تایبەتی ئەم چالاکییەی ئەنجام دا.

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## ڤیان

## چالاکییەکی بەردەوام بوو بۆ گێڕانەوەی بەهاکانی ژیان

**دیار غەریب**

لەم ڕۆژانەدا یادی ساڵێک تێپەڕبوون بەسەر چالاکییە گیانبازییەکەی هەڤاڵی هێژا و ڕێبەر هەڤاڵ ڤیان دەکەینەوە، هەرچەند هەڤاڵ ڤیان بە نامە واتادارەکانی گوزارەی لە خۆی و چالاکییەکەی کرد و هەموو لایەنەکانی ژیانی خۆی و هیواکان و هۆکاری چالاکییەکەی ڕوونکردبووەوە، لەو باوەڕەش دام کە تەنها ئەوانەی بەبڕیارن بۆ ئەنجامدانی چالاکی مەزن دەتوانن گوزارە لە چالاکییەکانی خۆیان بکەن، چونکە چۆن چالاکی مەزن پێویستی بە باوەڕی و ئیلهامی تایبەت هەیە، گوزارە کردن لەو چالاکیانەش پێویستی بە وەها بڕیار و ئیلهامێک هەیە، ئەوان بۆ خۆیان ئەو چرکەساتانە هەست پێدەکەن کە بڕیاری چالاکیی وەها دەدەن و ئەوان بۆ خۆیان ئەو چرکە ساتانە دەژین، نووسینێکیش کە هەڵقووڵاوی هەست و ئێش و بەرپرسیارێتی ئەو چرکە ساتانە نەبێت ناتوانێت گوزارە لەو کەسێتی و چالاکییەکانیان بکات. لێرەوە من پێم وایە کە زەحمەتە بتوانرێت بە نووسینێک گوزارە لە هەڤاڵ ڤیان و چالاکییەکەی بکرێت، لە گەڵ ئەمەشدا وەکو بچووکترین وەفا و پابەندبوون بە ڕێبازی ژیان و تێکۆشان و چالاکییەکەی هەڤاڵ ڤیانەوە دەمەوێت لەم ساڵیادەدا تیشک بخەمە سەر چەند لایەن و وتەیەکی هەڤاڵ ڤیان کە بە رای من لەهەر سەردەمێکدا واتادارن و ژیانی مرۆڤ بەبێ

ئەو لایەنانە بێ واتا دەبن. بێگومان ژیان و تێکۆشان و چالاکییەکەی هەڤاڵ (ڤیان)یش بە واتادانە ئەو لایەنانە واتادار دەبێت، بێ واتا دانە ئەو لایەنانە هیچ لە خۆسوتاندنی کچێکی ئاسایی زیاتر نییە، هەر ئەمەش هۆکاربوون بۆ ئەوەی کە هەندێ کەس لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکەی هەڤاڵ( ڤیان )دا زۆر بێ واتا و وێنەی خۆسووتانی کچێکی ئاسایی پێناسەی ئەم چالاکیەیان کرد. بێگومان کاتێک باسی خۆسوتاندنی کچێکی ئاسایی دەکەم و دەڵێم جیاوازە لە چالاکیەکەی هەڤاڵ ڤیان لەو روانگەیەوە قسە ناکەم کە خۆسوتاندنی کچان و ژنانی کۆمەڵگا کارێکی بێ واتایە، یان بەسوکی سەیری بکەم، بەڵکو ئەویش واتا و ژانی خۆی هەیە و هەر خۆسوتانێک بۆ خۆی چالاکیەکە بۆ شەرمەزارکردنی سیستەمی باوک سالاری و باڵادەستی پیاوان لەسەر ژنان و لە ناوەڕۆکی خۆیدا ڕەتکردنەوەی ئەو شێوە ژیانەیە کە پیاوان لە چوارچێوەیەکدا بۆ ژنی بەرەوا دەبینن و ڕێگەی نادەن کە خۆی رۆڵی هەبێت لە ڕەنگڕێژکردنی ژیانی خۆیدا. واتە هۆکاری خۆسوتاندنی ژنان لەناو کۆمەڵگادا زۆربەی کات یەک ڕەهەندی هەیە، ئەویش ڕەهەندی ژیانی تاکەکەسی ئەو مرۆڤەیە، واتە ژنان و کچان لەو کردەوانەیاندا نەبونی مافەکانی خودی خۆیان دەکەنە هۆکار بۆ چالاکیەکەیان و راستەوخۆ ئەو کارەیان پەیوەندی نییە بە ژێردەستی ژنان و کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە یاخود بۆ خۆیان بەو ئامانجە ئەو کارە ئەنجام نادەن. دیارە ئەگەر چالاکیەکەی هەڤاڵ" ڤیان" لە واتا سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکەی دا ببڕیت ئەوا هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ خۆسوتاندنەکانی تردا، لێرەوە جیاوازی هەڤاڵ ڤیان ژیان و تێکۆشان و چالاکیەکەی لەگەڵ



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

خۆسوتاندنە ئاساییەکاندا دەردەکەوێت. ئەمەش تەنها ئەوانە دەتوانن هەستی پێبکەن و واتای بدەنێ کە واتا دەدەنە ژیان، منیش دەمەوێت تیشک بخەمە سەر ئەو جیاوازیانە.

هەڤاڵ ڤیان ژیان و تێکۆشان و چالاکییەکەی فرەرەهەند و هۆکارە خودییەکان یان بڵێین لەدەستدانی مافە تاکە کەسیەکانی هۆکار نەبووە بۆ ئەوەی کارێکی بەم رەنگە ئەنجام بدات، یاخود فاکتەری سەرەکی نەبووە بۆ ئەم کارە، ئەو ئەگەر بیخواستایە وەکو تاکێکی ئاسایی بژی و ژیانی خۆی لە ژیانی کۆمەڵگاکەی دابڕیایە، زۆر ئاسان بوو ژیانێکی ئاسایی بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بەڵکو ئەوەی هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ژیان و تێکۆشان و چالاکییەکەی هەڤاڵ(ڤیان) توانەوەیەتی لە ناخی ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی و بەتایبەتی ژناندا، هەروەک لە نامەکانیدا دەڵێت" منیش وەک دار میوەیەک کاتی ئەوە هاتووە کە بەرهەمێک بدەمە گەلە ستەمدیدەکەم و ببمە هیوایەک بۆ خەیاڵە خنکێنراو و دەستڕێژکراوەکانی منداڵان و کەمیش بێت ببمە وزەیەک بۆ پێشخستنی خولیا و ئازادی ژنە ئازار چەشتووەکان و لەهەمووشی گرنگتر ببمە مۆمێک لە نێو مۆمە گەشەکانی دەوروبەری دوورگەی ئیمرالی". لەهەمان کاتدا لەبەر ئەوەی رێبەر ئاپۆ بە سیمبوڵی ژیانێکی ئازاد و تێکۆشان ئازادی گەلی کورد و ژنان دەبینێت و هەست بەو زەبرە گەورە دەکات کە بەر تێکۆشانی ئازادی گەلی کورد و ژنان کەوتووە بە هۆی بەندکردنی رێبەر ئاپۆوە، هەر بۆیە ئازادی رێبەر ئاپۆ دەکاتە تەوەری ژیان و تێکۆشان و چالاکییەکەی، لێرەوە ئامانجی چالاکییەکەی بەڕوونی دیاری دەکات وەکو خۆی ئاماژەی پێدەکات "ئەم چالاکییەی کە من ئەنجامی دەدەم لە پێناوی

بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی قڕکردنی گەلی کورد و گۆشەگیرکردنی سەرۆک ئاپۆیە. لە پێناو ئازادی گەلەکەم و ژنانی کورددا لەدەست زوڵم و زۆری و چەوسانەوە لە گیانم شیرینتر شتێ هەبوایە دەمدا". ئاشکرایە گەیشتن بەم بڕیارە ئەوەیە کە هەڤاڵ ڤیان زۆر بە هۆشیاری و بە شێوەیەکی بابەتیانە و زانستی کێشەکانی ژیان شیدەکاتەوە و باس لەوە دەکات کە "مرۆڤ ئەوەندەی پێویستە بژی" لە جێگەیەکی تری نامەکانیدا باس لەوە دەکات کە "گەورەترین چالاکی خودی سۆزە(گوتن)ە بەڵام کاتێ گوتەش واتای خۆی ون کرد، بزانن کە غەفلەت هەیە، بێ ویژدانی هەیە، دارووخانێکی ئەخلاقی هەیە، ئەو کاتە سەرەی چالاکی دێت" لێرەدا هەڤاڵ ڤیان دوو بابەتی زۆر گرنگی وروژاندووە، یەکەم بێ واتا بوونی گوتنەکان، بە واتایەکی تر بێ واتا بوونی ژیان، ئەم بابەتەش ئێمە ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبینەوە، ئەوەتا ئەمڕۆ ئەوەی کە شەرمە و جێگەی باسکردن نییە ویژدان و بەها مرۆیی و روحییەکانە، بە پێچەوانەوە ئەوەی جێگەی باس و زیرەکی مرۆڤەکانە ئاستی بەدەستخستنی بەرژەوەندییەکانێتی لەسەر حیسابی بەرژەوەندی کەسانی تر، ئەوەتا ئەوەی بتوانێت بە باشترین شێواز کەسانی دەوروبەر فریو بدات و یاری بە بەهاکان بکات ئەوە وەکو جوامێر سەیری دەکرێت، بە پێچەوانەوە ئەوانەی ئامادە نەبن یاری بە بەهاکان بکەن ئەوە وەکو مرۆڤێکی بێکەڵک سەیری دەکرێت، یان پێی دەڵێن ئەوە نازانێت خۆی بژێنێت، ئایا ئەمە داڕووخانی ئەخلاقی نییە؟ ئایا ئەمە بێ ویژدانی نییە؟ پەسندکردنی ئەم رەوشە ئایا غەفڵەت نییە؟ لەبەر ئەمە هەڤاڵ ڤیان بەو شێوەیە پێناسەی کۆمەڵگا دەکات و هەر ئەمەشە وای



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

لێدەکات کە هەڵبدات لە ڕێگەی چالاکییەکی بەم شێوەیەوە ئێمە لە خەوی غەفڵەت هەڵبستێنێ.

لێرەوە وردبینەوە لە چالاکییەکەی هەڤاڵ ڤیان هەست بەوە دەکەین کە وێنەی فریاد ڕەسەکانی مێژوو، ئەوانەی کە نکۆڵیان لە بوونی خۆیان کردووە لە پێناو ئەنجامدانی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیدارییدا، ئەمیش دەخوازێت ببێتە فریاد ڕەسی قۆناخێک لە تێکۆشانی ئازادیدا، هەر بۆیە بە نرخترین سەرمایەی خۆی کە گیانێتی دەیکاتە قوربانی و دەیبەخشێتە ئەو ڕێبازەی کە باوەڕی پێیەتی. ئەمەش بۆ خۆی ناوەڕۆکی ژیان و تێکۆشانە بۆ خودی مرۆڤ و کۆمەڵگاش.

ململانێی ناو کۆمەڵگا و قۆناخە جیاوازەکانی کۆمەڵگا ئەوەی سەلماندووە کە مرۆڤ و کۆمەڵگا لەسەر بەها مەعنەوییەکان دەژین و بەها ماددییەکان یاریدەدەرن بۆ مرۆڤ و ناتوانن ببنە ناوەڕۆکی مەسەلەکان، بەها مەعنەوییەکانیش هەر چەندە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگادا گۆڕانکارییان بەسەردادێت، بەڵام جارێکی تر مرۆڤ و کۆمەڵگا دەکاتە خاڵی سەرەکی و ژیان بەپێی پێداویستییەکانی تاک و کۆمەڵگا ڕێکدەخات، بەڵام لە زۆر قۆناخی ژیاندا دەسەڵاتداران و سەرمایەداران دەخوازن کارێکی وەها بکەن کە کۆمەڵگا بە پێی بەرژەوەندی خۆیان ڕێکبخەن، نەک بەپێی پێداویستیەکانی تاک و  کۆمەڵگا، هەوڵیش دەدەن تاکێک بونیاد بنێن یاخود بەرهەم بهێنن کە دابڕاو بێت لە بەها مەعنەوییەکان و مانا نەدا بە وتە و چالاکییە بەنرخەکان.

ئەمڕۆش بەشێکی زۆری تاکی کۆمەڵگای ئێمە دەتوانین لەم پۆلەدا پۆلێنیان بکەین. هەر بۆیە واتا دانە ئەم جۆرە چالاکییە و هەتا خۆ سوتاندنە ڕۆژانەییەکانیش لە ئاستێکی زۆر نزم دایە، هەر ئەمەیە وا دەکات کە تاک و کۆمەڵگای ئێمە بیر لەهۆکار و فاکتەرەکانی ئەنجامدانی چالاکی بەو ڕەنگە یاخود کاری بەو شێوەیە ناکەنەوە و کار ناکەن بۆ بنەبڕکردنی ئەو هۆکارانە، بە پێچەوانەوە زۆر جار دەخوازن ئەم کارە شەرمەزار بکەن یاخود واتای خۆی نەدەنێ، هەڵوێستی بەو شێوەیەش بە شەرمەزارییەوە لە هەندێ جێگەوە دەرکەوتن.

ئەوەی من پێویستی دەبینم لەم یادەدا ئەوەیە ئێمەی هاوڕێبازانی هەڤاڵ ڤیان دەبێت لە هەر کەسێک زیاتر واتا بدەینە ژیان و تێکۆشان و چالاکییەکەی هەڤاڵ ڤیان، ئەوەتا ئەو بەهاترین شتی خۆی بەخشیوە و کەچی هێشتا خۆی بە قەرزار دەبینێت و دەڵێت" لەم قۆناغەدا کە گەلی کورد بەرەو سەرکەوتن دەچێ و لە هەر جێیەک لەسەر پێیە و ماندەگرێ و ڕێپێوان دەکات، بۆ کچێکی وەکو منیش گیانی خۆبەختکردنیش بەکەم دەزانم و منیش وەک زۆر لە هەڤاڵانی دی خۆم بە قەرزاری گەل و ژنانی ئازار چەشتوو دەزانم"  کەواتە ئێمە دەبێت لە خۆمان بپرسین تا چ ئاستێک توانیمانە ئەرکی خۆمان جێبەجێ بکەین؟ یان ئێمە چەندە قەرزارین؟ بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەم یادە و هەڤاڵێتی هەڤاڵ ڤیان و شەهیدانی تر نەمانخەنە بەردەم ئەم



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

پرسیارانەوە و لێرەوە شەهیدان نەکەینە پێوانی ژیان و تێکۆشان و چالاکییەکانمان، ئەوا بێگومان لە غەفلەتدا دەژین ناتوانین باس لە پەیڕەویی کردن لە ڕێبازی شەهیدان بکەین، دەبێت هەمیشە ئەوەمان لەیاد بێت یادکردنەوەی شەهیدان ئەو ساتانەمان بیر دەخاتەوە کە شەهیدان بیریان لە ژیانی خۆیان نەکردۆتەوە، بەڵکو خواستویانە بۆ گەل و بەها پیرۆزەکان بژین، ئەوان هەرچییان کردووە پێویستی تێکۆشان و ژیانی کۆمەڵگایان بە بنەما گرتووە نەک پێویستیەکانی خۆیان، ئەم لایەنەش بەڕوونی لە ژیان و تێکۆشانی شەهید ڤیاندا دیار بووە، شەهید ڤیان نە لە ئەرک و نە لە خەباتدا باسی لە پێویستی و داخوازی خۆی نەدەکرد، هەر ئەمەش وایکردبوو کە لە ناو هەڤاڵەکانیدا زیاتر خۆشەویست بێت. بێگومان هەڤاڵێتی راست لەگەڵ ئەم هەڤاڵەدا ئەو کاتە دەست پێدەکات کە "من و داخوازییەکانی من" لە ئارادا نەبن، ئەو کاتە دەست پێدەکات کە هەموو تواناکان سەفەربەر بکرێن لە پێناوی سەر خستنی ئەم ڕێبازەدا، ئەو کاتە دەست پێدەکات کە هیوا هەمیشە زیندووە و باوەڕی تێکۆشان زیاتر دەبێت. لەو جێگانەی داخوازی شەخسی دەردەکەونە پێش، هیوا کز دەبێت و باوەڕی تێکۆشان لاواز دەبێ، دەبێت بزانین روحی شەهیدان و هەڤاڵ ڤیان فەرامۆش کراون. ئەگەر بتوانین خاوەنداری لەو پێوانە و بەهایانەی هەڤاڵ ڤیان بەرجەستەی کردبوون بکەین، ئەو کاتە دەتوانین

هەنگاوێکی جددی بهاوێژین بۆ تێپەڕبوون لەو گێژاوەی ئەمڕۆ لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهاندا هەیە. بێگومانیشم کە هەڤاڵان و هاوڕێبازانی شەهید ڤیان لە هەر کەسی تر باشتر دەتوانن خاوەنداری لێبکەن. ئەگەر ئێمە لەم نوێنەرایەتیکردنەدا سەر بکەوین دەتوانین کە بۆ چەسپاندنی ئەم بەهایانە لە ناو کۆمەڵگادا هەنگاوێکی بەرچاو بنێین. بێگومان کاتێک من باس لەم یادە دەکەم دەمەوێت گەلی باشووری کوردستان، بەتایبەت ژنان و لاوان باش نامەکانی شەهید ڤیان بخوێننەوە و لێی تێبگەن، چونکە هەڤاڵ "ڤیان" یش وەکو ژنە لاوێکی ئەم کوردستانە لە ئاستێکی بەرزدا هەستی بە ئێش و ئازارەکانی ژنان و لاوان کردووە و بۆ ئەمەش دەڵێت" هەموو هەوڵ و هیوا و ئاواتێکم ئازادی گەلی کوردی هەر چوار پارچەیە و دیموکراتیزەبوون و ئازادی زیهنییەتە لە باشووری کوردستاندا و دوایی هێنانە بە ئینتیحار و بێچارەیی و کۆیلایەتی ژن و ڕاکردنی گەنجان لە وڵاتی خۆیان و هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە" ئەمەش ئەرکی ژنان و لاوانی کوردستان زیاتر دەکات بەرامبەر بە شەهیدان، ئەمەش بە وەلاوەنانی ئەو چەمکانە دەبێت کە ژیان بێ واتا دەکات و مرۆڤ بێ باوەڕ و بێ ئیرادە دەکات.

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## شەهید ڤیان

## سیمبۆڵی ئازادی و راچڵەکاندنی باشووری کوردستان

**دیار غەریب**

ماوەیەکی کورت پێش ئێستا "محەمەد بوعەزیزی" کە لاوێکی تونسی بووە بۆ پرۆتەستۆکردنی دەسەڵاتی (٢٣) ساڵەی "زەین العابدین بن عەلی" و پارتەکەی و نەبوونی دەرفەتی کار بۆ لاوان ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. ئەم هەڵویستەی "محەمەد بوعەزیزی" بووە پزیسکی شۆڕش و گەلی تونسی تاودا و کڵپەیان گرت و کۆتاییان بە دەسەڵاتی "بن عەلی" هێنا و "محەمەد بوعەزیزی" بووە سیمبۆڵی شۆڕشی تونس و دوای ماوەیەکی کەم لەم رووداو و شۆڕشە دەبینین چالاکییەکەی "بوعەزیزی" و شۆڕشی تونس بوونە نموونە بۆ گەلانی تری جیهان. بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبدا. ئەم بابەتە لەلای خۆشمان بووەتە بابەتێکی بە بایەخ و بەشکۆوە باس لە هەڵوێستی "بوعەزیزی" دەکرێت و هەروەها باس لە قارەمانێتی گەلی تونس دەکرێت.

بێگومان بەواتاترین و بە ئێشترین چالاکی ئەو جۆرە چالاکییەیە کە مرۆڤەکان پەنا دەبەنە بەر لەناوبردنی جەستەی خۆیان. واتە فیداکردنی جەستەی خۆیان. هەر بۆیە چالاکییەکەی "محەمەد بوعەزیزی" و هەموو ئەو لاوانەی لە میسر و مۆریتانیا و جێگەی تر شوێنی پێی ئەویان هەڵگرت، هەر بۆیە، ئەم هەنگاوانە؛ بەواتان و پێویستە رێزیان لێ بگیرێت و ئەوەندەش

واتایان پێ ببەخشین، هەتا ئەو بارودۆخە بگۆڕین کە بووەتە هۆی ئەوەی کەسێک یاخود کەسانێک بەفیداکردنی خۆیان پڕۆتەستۆی دەکەن. تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانین ڕێگە لەبوونە قوربانی مرۆڤەکان بگرین. ئەوەشی کە گەلی "تونس" کردی ئەوە بوو. واتە بۆ خاوەنداریکردن لە هەڵوێستەکەی "بوعەزیزی" سیستەمی دەسەڵاتیان گۆڕی. بەم ڕەنگەش هەم "بوعەزیزی"یان کردە سیمبۆل بۆ خۆیان و گەلانی جیهان، هەمیش خۆیان کردە نموونە بۆ تێکۆشان و بەرخۆدان. جێگەی دڵخۆشیشە کە جەماوەری گەلەکەمان و ڕاگەیاندنەکانی کوردستانیش گرنگی بەم چالاکی و شۆڕشە دەدەن، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە بەهەمان پێوەر لەگەڵ چالاکی و ڕووداوەکانی کوردستاندا هەڵسوکەوت ناکرێت. بۆ نموونە؛ لە کۆتایی ساڵی"١٩٩٨"وە هەتا ئێستا، لەو کاتەوەی لە ڕێگەی پیلانگێڕییەوە هەوڵدرا ڕێبەری کۆما جڤاکێن کوردستان "کەجەکە"، ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستگیر بکرێت و دوای دەستگیرکردنەکەشی هەتا ئێستا زیاتر لە "١٠٠" لاوی کوردو و هەندێک کەسایەتی غەیرە کوردیش چالاکی هاوشێوەی محەمەد بوعەزیزیان ئەنجام داوە و ئەو سیاسەتەی کە لە بەرامبەر گەلی کورد و ڕێبەرەکەیدا پەیڕەو دەکرێت شەرمەزاریان کردووە، بەڵام نە لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، نە لە ڕاگەیاندنی جیهانیدا ئەوەندە گرنگی بەم چالاکیانە نەدرا. لێرەدا نامەوێت باسی ئەوە بکەم بۆچی ڕاگەیاندنی جیهانی گرنگیان بەو چالاکیانە نەدا، چونکە ئەوە بابەتی (هەڵوێستەیەکی) تایبەتی پێویستە. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە هەندێک لە ڕاگەیاندنەکانی باشووری کوردستان نەک هەر گرنگیان پێ نەدەدا، بەڵکو دەیانخواست وەکو کارێکی



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

خراپ و بێچارەیی باسی ئەو چالاکیانە بکەن. دیارە ئەوەش یەکێکە لەو نەخۆشیانەی لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە، کە ناتوانین قارەمانی و باشی خۆمان ببینین. گومانی تێدا نییە ئەگەر لەو کاتانەدا چەند راگەیاندنی جیهانی بە بایەخەوە باسی ئەو چالاکیانەی لاوانی کوردیان بکردایە ئەوا راگەیاندنەکانی کوردیش گرنگی و بایەخی ئەم چالاکیانەی دەزانی، بەڵام لەبەر ئەوەی گرنگی پێ نەدرا لەدەرەوە، راگەیاندنی کوردیش بەو رەنگە سەیری کرد. بەهەر حاڵ ئەمڕۆ هێشتا کات بەسەر نەچووە و گرنگە کە کەمێک بگەڕێینە دواوە و واتا بدەینە ئەو چالاکیانە. بۆنموونە لە باشووری کوردستاندا شەهید (سیروان رەووف) پێشمەرگەیەکی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بوو، کاتێک رێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە (١٥)ی شوباتی (١٩٩٩)دا رفێندرا ئەو بۆ شەرمەزار کردنی ئەو پیلانگێڕییە رۆژی (١٧)ی شوباتی (١٩٩٩) ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و دوای زیاتر لە هەفتەیەک گیانی لە دەستدا، بەڵام لەوکاتەدا دەسەڵاتی کوردی نەک خاوەنداری لەم هەڵوێستەی نەکرد، بەڵکو بە هەموو رەنگێک کاری کرد بۆ ئەوەی کە جەماوەری گەلەکەشمان لەدەوری ئەم هەڵوێستە کۆنەبنەوە. هەروەها کاتێک کە رۆژی (١٩٩٩/٦/٢٩) بڕیاری لەسێدارەدان بەسەر رێبەر ئۆجەلاندا بڕایەوە، وەکو زۆر لاوی تر "هەرێم عەبدوڵڵا" کە ئەندامێکی "پەکەکە" و ناسراو بوو بە پڵنگ و لە زیندانی دهۆک بوو بە سوتاندنی گیانی خۆی ئەم بڕیارەی پرۆستۆ کرد، بەڵام جارێکی تر هەوڵ دەدرا کە ئەم هەڵوێستە بشاردرێتەوە.

لەساڵی (٢٠٠٦)یشدا لە کاتێکدا لە باشووری کوردستاندا لە ڕێگەی ئەو دەستوورە ناتەواوەی کە سەپێنرا بەسەر گەلەکەماندا هەوڵدەدرا کە سنوور بۆ ئازادی گەلی کورد دابنرێت و بنەماکانی ئازادی و دیموکراتی لە ئێراق و هەرێمی کوردستاندا بەرتەسک بکرێتەوە و لەهەمانکاتیشدا؛ لە باکووری کوردستانیشدا دەوڵەتی تورکیا هەوڵی دەدا کە گەل و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان و ڕێبەرەکەی بەتەواوی لەیەکتری داببڕێت و سەرەڕای ئەم بارودۆخە هێزە جیهانییەکان و تورکیا و ئێراق لە هەوڵی ڕێککەوتندا بوون بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی "کەجەکە" و دەیانخواست لە باشووری کوردستانیشدا زەمینە بۆ ئەم کارە ئامادە بکەن و بۆ ئەمەش دەیانخواست "کەجەکە" وەکو هۆکاری نائارامی و چارەسەر نەبوونی پرسەکانی کۆمەڵگای کورد بەگشتی و باشوور بەتایبەتی نیشان بدەن. هەڤاڵ "ڤیان" کە کچە گەریلایەکی "کەجەکە" بوو، لە چیا سەربڵندەکانی سنووری تورکیا و ئێراقدا ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا و ئەو بارودۆخەی پرۆتەستۆ کرد. هەڤاڵ ڤیان پێش ئەنجامدانی چالاکییەکەی چەندین نامەی بەپێزی ئامادە کردبوو کە ئاراستەی ڕێبەر ئۆجەلان، هەڤالانی، گەلی کورد لە باکووری کوردستان، گەلی کورد لە باشووری کوردستان و خانەوادەکەی کردبوو. لەنامەکانیدا ئامانجی چالاکییەکەی و داخوازی خۆی باس کردووە. هەڤاڵ ڤیان دەڵێ؛ ناتوانم ساڵێکی تر ڕێبەرەکەم بەدیلی ببینم، هەڤاڵ ڤیان دەڵێ؛ ناتوانم گەلەکەم بە پارچە پارچە ببینم. هەڤاڵ ڤیان دەڵێ؛ دەمەوێت ببمە پەیامێک بۆ کۆتایهێنان بە ئازاری ژنە ئازار چەشتووەکان و هۆشیار بوونەوەیان. هەڤاڵ ڤیان دەڵێ؛



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

دەمەوێت ئەو بێ دەنگییە بشکێنم کە لە باشووری کوردستاندا باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کێشاوە و هەڤاڵ ڤیان، پەیامی بۆ ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش هەبوو کە سیاسەتێکی نەتەوەیی و دیموکراتی بەڕێوە ببەن. جێگەی داخە کە لە کاتی خۆیدا نە هاوڕێبازانی هەڤاڵ ڤیان، نە گەلی کورد هێندەی پەیام و چالاکییەکەی نەیانتوانی خاوەنداری لێ بکەن و راگەیاندنەکان و بەشێکی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە گرنگی چالاکییەکەشیان کەم کردەوە، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین شۆڕشی کوردستان و گەلی کوردستان گەیشتۆتە قۆناخێکی گرنگ و رێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان جڵەوی ئاراستەکردنی رووداوەکانی گرتۆتە دەست و دەوڵەتی تورکیاش وەکو لایەن و موخاتەب مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. لەسەر ئاستی نەتەوەیی هەست و هۆشیاری زیادی کردووە. لە باشووری کوردستانیشدا گەل چالاک بووە و رۆژ بە رۆژ چالاکتر دەبێت. تێکۆشانی ژنانیش لە پێناوی ئازادیدا گەیشتۆتە ئاستێکی باش. دیارە ئەم هەنگاوانەش خاوەنداریکردنە لە چالاکی و پەیامەکانی هەڤاڵ ڤیان. هەر بۆیە لە پێنجەمینساڵیادی، شەهید "هەڤاڵ ڤیان"دا دەتوانین بە راشکاوی بڵێین کە هەڤاڵ ڤیان سیمبۆلی ئازادی و راچڵەکاندنی گەلەکەمانە لە باشووری کوردستاندا لە پێناو پەرەپێدانی تێکۆشانی ئازادی و دیموکراتی و هاوکاتیش خاوەنداریکردنی راست لە هەڤاڵ ڤیان جێبەجێ کردنی پەیامەکانێتی.

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## لەیادی ژنە شۆڕشگێڕ (هەڤاڵ ڤیان)دا

**دیار غەریب**

ڤیان کارۆخ، کە هەندێک وەکو ڤیان جاف یاخود ڤیان سۆران دەیناسن، ژنە گەنجێکی تێکۆشەری باشووری کوردستان بوو، لە بەهاری ساڵی ١٩٩٧ دا بەشداری ریزەکانی پەکەکەی کرد و لە شەوی ½-٢-٢٠٠٦ لە چیای حەفتانین لەسەر سنووری باشوور و باکوور دوای بەجێهێشتنی حەوت نامە بۆ رێبەر ئاپۆ و هەڤاڵەکانی و گەلی کوردستان و خانەوادەکەی ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا و خۆی بەخت کرد لە پێناوی ئامانجەکانیدا. وەکو هەڤاڵێکی هەڤاڵ ڤیان کە ماوەیەک پێکەوە خەباتمان کرد، خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لەگەڵ ئەو هەڤاڵەدا تێکۆشانم کردووە. ئەمەش ئەرکی من لە خاوەن دەرکەوتن لەهەڤاڵ (ڤیان) وەکو ئەرکێکی هەڤاڵێتی و ئەخلاقی زیاتر دەکات. بێگومان خەبات و تێکۆشانی ئێمە لەرابردوو و ئێستاشدا هەوڵدانە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە. لە هەشتەمین ساڵیادی چالاکیەکەی هەڤاڵ ڤیاندا بەپێویستم بینی وەکو بیرەوەری و بەرز راگرتنی ئەم یادە تیشک بخەمە سەر چەند بابەتێک کە پەیوەستە بەهەڤاڵ ڤیان و چالاکیەکەیەوە.

لەسەرەتادا دەمەوێت لەناوی هەڤاڵ ڤیانەوە دەست پێ بکەم، هەڤاڵ ڤیان کەسێکی وردبین بوو، گرنگی بە ناو و سیمبۆڵ دەدا، هەڤاڵ زۆر خۆشحاڵ بوو کە ناویماڵەوەی (لەیلا)ە و دەیگووت بۆ بەرز راگرتنی لەیلا قاسم ئەم ناوەم لێ نراوە و

دەبێت شایستەی قوربانیەکانی لەیلا قاسم و سەرجەم شەهیدان بم. هەروەها زۆر عاشقی کەژ و کیوی کوردستان بوو، حەزی لە ژیانی چیا دەکرد، لەناخی خۆیدا بەتەواوی باوەڕی بەوە کردبوو کە تەنیا چیاکان دۆستی کوردن و پارێزەری سەرەکی ناسنامە و فەرهەنگی گەلی کوردن. ئەمەش وای کرد کە هەڤاڵ پاشناوی خۆی بکاتە (کارۆخ) و ئیتر لە (لەیلا والی)یەوە بوو بە (ڤیان کارۆخ). بۆ خۆی هەمیشە حەزی دەکرد بەم پاشناوە بناسرێتەوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی هەڤاڵێکی چالاکی ژنی سۆران بوو، بەشێکی هەڤاڵانی کورمانج پێیان دەگووت (ڤیان سۆران) و هەندێکیش لەبەر ئەوەی دەیانزانی لە عەشیرەتی جافە پێیان دەگووت (ڤیان جاف). بەڵام هەڤاڵ ڤیان پێی خۆش بوو کە بە(ڤیان کارۆخ) بانگ بکرێت و بناسرێتەوە. هەرچەندە پێشتریش لەچەند بۆنەدا ئاماژەم بەم بابەتە کردووە، بەڵام هەتا ئێستا ناوە راستەکەی بەتەواوی نەچەسپیوە و لەزۆربەی بۆنە و راگەیاندنەکاندا هەر سێ پاشناوەکە بەکار دەهێنرێت. لەبەر ئەمە لەم یادەدا بە پێویستی دەبینم داخوازی هەڤاڵ وەبیر بێنمەوە و داوا بکەم کە ناوی (ڤیان کارۆخ) وەکو ناوی هەڤاڵ بەکار بهێنرێت.

لەبەشێکی تری بابەتەکەدا دەخوازم لەسەر هەندێک تایبەتمەندی هەڤاڵ ڤیان هەڵوەستە بکەم. هەڤاڵ ڤیان هەتا دوایی پەیوەست بوو بە ئامانجەکانیەوە، ئەمەشی هەر لەسەرەتای بەشداریکردنی بۆ ناو ریزەکانی پەکەکەدا نیشاندا. ئەوەبوو لەکاتێکدا بەشداربوو خانەوادەکەی ناڕازیبوون بەم هەڵوێستەی و هەوڵیاندا کە بەبڕیارەکەیدا بچێتەوە. دیارە ئەم هەڵوێستەی خانەوادەکەی لەلایەک بەهۆی نەناسینی پەکەکەوە بوو، لەلایەکی

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

ترەوە بەهۆی هاندانی نەیارانی پەکەکەوە بوو. هەر بۆیە پێیان وابوو ئەم کارەی هەڤاڵ ڤیان کارێکی نادروستە. هەرچەندە هەڤاڵ ڤیان تەمەنی پازدە ساڵ و چەند مانگێک بوو، بەڵام زۆر بەباوەڕ بەخۆبوونەوە و بوێرانە هەڵوێستی خۆیی پاراست و پێداگیری لەسەر هەڵوێست و بڕیاری خۆی کردەوە. لێرەدا گرنگە باسی ئەوە بکەین کە خانەوادەکەی لەم کارەیاندا پەنایان بۆ شێوازی نەرم و قسەی خۆش و ئەو شێوازانەی کە دەکرێت گەنجێک لەو تەمەنەدا بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە برد. واتە تەنیا لە ڕێگەی سەرزەنشت و ناڕەحەتییەوە نا، بەڵکو هەوڵیان دابوو کە سوود لە شێوازی دۆستانە و خۆشەویستیش وەربگرن. بۆ ئەم مەبەستە سوودیان لە هاوڕێکانی هەڤاڵ ڤیانیش وەرگرتبوو. بێگومان پێداگیری کچێکی گەنج لەو تەمەنەدا لەبەرامبەر خانەوادە و عەشیرەت و خوشک و برا و هاوڕێ و خۆشەویستانیدا، گەلێک واتادارە. بەدڵنیاییەوە ئەوانەی خاوەنی ئامانج و بڕیاری گەورە نەبن، ناتوانن هەڵوێستی بەو شێوەیە نیشان بدەن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە هەڤاڵ ڤیان بەهیچ شێوەیەک لەژیانی خۆیدا نیگەرانییەکی تایبەتی بەرامبەر بە خانەوادەکەی نەبوو، هەمیشە دەیگووت خانەوادەکەی منیش گیرۆدەی ئەو کۆت و بەندانەن کە سیستەم دروستیان کردووە. واتە بڕیار و هەڵوێستی هەڤاڵ ڤیان سەرچاوەی خۆی لە تووڕەبوون لەخانەوادەوە نەگرتبوو. هەر وابەستەی ئەم بابەتە دەتوانم ئەوە بڵێم هەڤاڵ ڤیان لەسەرەتای بەشداریکردنییەوە هەتا شەهیدبوونی هەمیشە بەگەرمایی سەرەتای شۆڕش تێکۆشانی دەکرد. واتا چۆن سەرەتا گەرم بوو، لەقۆناخەکانی دواتریشدا بەهەمان شێوە گەرم بوو، واتە لەناخی خۆیدا لەناو

شۆڕشێکی بەردەوامدا بوو. ئەمەش وای لێکردبوو کە لەهەر قۆناخ و جێگەیەکدا بتوانێت رۆڵی پێشەنگی ببینێت.

بابەتێکی تر کە زۆر سەرنج راکێش بوو، هەڤاڵ ڤیان زۆر باوەڕی بەرۆڵی ژن و پێشەنگی ژن هەبوو، هەمیشە هەوڵی دەدا لەژیان و کردەوەی خۆیدا ئەم راستییە بسەلمێنێت. وەکو چۆن دایک هەست بە پێویستیی خێزان و منداڵەکانی دەکات، هەڤاڵیش هەستی بەپێویستیی خەبات و بەرپرسیارێتی خۆی دەکرد. ئەمانەش وایکردبوو کە لەناو هەڤاڵانیدا هەر زوو وەکو پێشەنگێک دەربکەوێت. دەچووە سەر هەر کارێک بە شێوەیەکی سرووشتی دەبووە پێشەنگ. ئەم تایبەتمەندییە وای کرد لەکاتی دامەزراندنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستاندا تەمەنی ٢١ ساڵی پڕ نەکربووەوە و کەم تەمەنترین ئەندامی کۆنگرە بوو، هەڵبژێردرا بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی پارتی و لەناو ئەنجوومەنیشدا بۆ دەستەی کارگێڕی و دواتریش لەناو هەڤاڵی ژندا هەڵبژێردرا بە بەرپرسیاری خەباتی ژنان. لە کار و خەباتی بەڕێوەبەری و بەرپرسیارێتیشدا سەرەڕای بچووکی تەمەنی بەڵام یەکێک بوو لەو هەڤاڵانەی کە رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا و لەلایەنی هەڤاڵانییەوە پەسندکراو بوو. هەروەها هیچ کاتێک لەبەرامبەر کێشە و ئاستەنگیدا بێ چارە نەدەبوو، هەمیشە هەوڵی دەدا چارەسەری بدۆزێتەوە. ئەم تایبەتمەندییانەش زیاتر دەیکردە جێگەی باوەڕی هەڤاڵانی. ئەمانە و چەندین تایبەتمەندی تری هەڤاڵ ڤیان بوونە هۆکاری ئەوەی لەماوەیەکی کەمدا بتوانێت لەزۆر جێگە و لە زۆر ئاستدا ئەرک و بەرپرسیارێتی گرنگ جێبەجێ بکات.

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

لەساڵی ٢٠٠٣ دا جوڵانەوەی ئازادیخوازی پەکەکە بەقۆناخێکی چارەنووسسازدا تێپەڕ دەبوو، ئەوەبوو لەبن ناوی گۆڕانکارییدا هەوڵی ئەوە دەدرا کە پەکەکە لەناوەڕۆکی خۆی دوور بخرێتەوە. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پەکەکە دروست کرد. لەو کاتەدا هەڤاڵ ڤیان هەستی بە بەرپرسیارێتی زیاتر دەکرد بەرامبەر ئەم بارودۆخە، هەربۆیە دەیخواست لەناو پەکەکەدا ڕۆڵ ببینێت و ڕێگە لەو لادان و هەوڵی پاکتاوکردنە بگرێت. ئەوەبوو هەڤاڵانیش ئەم ڕاستیەیان تێدا دەبینی و پێشنیارکرا بۆ کۆمیتەی بونیادنانەوەی پەکەکە و ڕێبەر ئاپۆش ئەرکی هەڵوەستەکردنی لەسەر ئەو بارودۆخە پێ سپاردن. هەڤاڵ ڤیان لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا هەموو توانایان خستە گەڕ بۆ ئەوەی کە لەهەموو بوارێکدا نوێبوونەوەیەک دروست بکەن و کاریگەری ئەو لادان و خراپەکارییانە بنەبڕ بکەن. لەهەنگاوی یەکەمدا سەرکەوتن، ئەویش سنووردانان بوو بۆ ئەو گروپەی کە بە ئاشکرا دەیانخواست پەکەکە لە ڕێگەی خۆی دوور بخەنەوە. لەهەنگاوی دووەمیشدا پەکەکەیان وەکو پارتییەکی ئایدیۆلۆژی دروست کردەوە. لەهەنگاوی سێیەمدا هەوڵی ئەوەیان دا کە هەڵمەتێکی شۆڕشگێڕی دەست پێ بکەن، لەڕووی فیکری، سیاسی، سەربازییەوە. لەم بوارەدا هەڤاڵ ڤیان و ئەو هەڤاڵانەی دەیانخواست ئەم هەنگاوانە بنێن ڕووبەڕووی زەحمەتی دەبوونەوە. زەحمەتی سەرەکی لەوەدابوو کە لەناو پەکەکەدا وتار و کردار یەکتریان تەواو نەدەکرد و ڕەهەندەکانی ئەو لادانانەی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٥ هێشتا هەبوون. وەکو هەڤاڵ ڤیان دەڵێت گووتن بێ واتا ببوو. پێوانەی پەکەکە لەناو پەکەکەدا کەم ببووەوە. وردەوردە بەهاکانی شۆڕش کاڵ دەبوونەوە،

شۆڕش و تێکۆشان جێگەیان بۆ داخوازی شەخسی چۆڵ دەکرد. لەبن ناوی ئازادی بیر و رادا پێوانەکانی کۆمەڵگا و رێکخستن بێ بایەخ دەکران. لەبن ناوی واقیعی بووندا خوڵقاری و دەستپێشخەری شۆڕشگێڕی بەلاوە دەنرا و چاوەڕوانی و هیوا بەدەرەوە جێگەی دەگرتەوە. لەگەڵ ئەمانەدا کار گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە بەشێکی زۆری هەڤاڵان وەکو بابەتێکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەسیر بوون و لەزینداندا مانەوەی رێبەر ئاپۆ بکەن. ئەمانە و چەندین چەمکی تری هەڵە کە شۆڕش و تێکۆشان لەناوەڕۆکی خۆی دوور دەخاتەوە، دزەیان کردبووە ناو رێکخستنەوە و ئەگەر پێشی پێ نەگیرایە پەکەکەی بەرەو مەرگێگی لەسەرخۆ دەبرد. بێگومان لەبەرامبەر ئەم چەمکانەدا بەشێکی هەڤاڵانیش تێکۆشانێکی بەواتایان بەڕێوە دەبرد. لەم بارودۆخەدا هەڤاڵ ڤیان لەناخی خۆیدا هەستی بەمەترسی ئەو چەمکانە و ئەرکی ئەو قۆناخە کردبوو، هەر بۆیە چەندین جار پێشنیاری ئەنجامدانی چالاکی فیدایی کردبوو، بەڵام رێکخستن پەسندی نەکردبوو. لەئەنجامدا لەلای خۆیەوە بڕیار دەدات کە بەبێ ئاگاداری رێکخستن، خۆی کات و جێگە و شێوازی چالاکیەکەی خۆی دیاری بکات و ئەنجامی بدات و ئەنجامیشی دا.

هەڤاڵ ڤیان لەو نامانەی کە لەدوای خۆی بەجێی هێڵا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناتوانێت لەوە زیاتر بەرگەی ئەسیربوونی رێبەر ئاپۆ بگرێت و دەڵێت پێویستە رێبەر ئاپۆ وەکو رێبەری گەلی کورد و فەیلەسوفێکی مەزن رێزی لێ بگیرێت و بەموخاتەب وەربیگرن، نەک لەکونجی زیندانی توند بکەن. ئەمەش وەکو شەرمێک بۆ سیستەم و دەسەڵاتەکان دەبینێت.



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

دەخوازێت بەو چالاکیەی خۆی لەم بوارەدا پەیام بداتە دۆست و دوژمن. دەتوانین بڵێین هەڤاڵ ڤیان لەم بوارەدا هەتا ئاستێک ئامانجی پێکاوە و ئەوەتا ئەمڕۆ دەوڵەتی تورک و زلهێزەکانیش ئیتر ڕێبەر ئاپۆ موخاتەب وەردەگرن. هاوکات لە نامەکانیدا باس لەوە دەکات کە (لەجێگەیەک گووتن واتای نەما سەرەی چالاکی دێت، ئامانجی چالاکیش واتادانەوەیە بە گووتن) لەم بوارەشدا هەنگاوی جددی نراوە و پەکەکە نەک تەنیا لەناوخۆیدا بەڵکو توانیویەتی کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگاش دروست بکات و ئیتر گوتنەکان واتادار بوونەوە. لەسەر ئاستی باشووری کوردستانیش هەڤاڵ ڤیان ڕەخنە لەبێ دەنگی و لاوازی هەستی بەرپرسیاریێتی نەتەوەیی دەگرێت و بانگ دەکات کە لەم بوارەدا هەنگاو بنرێت، ئەوەتا دەبینین لەم بوارەشدا هەنگاوی بەرچاو لەناو جەماوەردا هاویشتراوە. سەبارەت بە تێکۆشانی ژنانیش بانگەوازی هەیە و دەخوازێت ژنان لەسەر ڕێگای ئازادی بەئەرکی خۆیان هەستن، ئەوەتا ئەمڕۆ دەبینین ژنانی کورد لەئاستێکی بڵنددا تێکۆشانی ڕەگەزی و نەتەوەیی بەڕێوە دەبەن.

دیارە نامەکانی هەڤاڵ ڤیان مانیفستۆی شۆڕش و تێکۆشانن، ئەگەر ئەمڕۆ هەڵیانسەنگێنین ئەو ڕاستییە دەبینین کە هەڤاڵ ڤیان پێشەنگی سەردەمێکی کرد و ئەنجامی پێشەنگیەکەشی ئەمڕۆ لەبەر چاوانە. بەڵام هێشتا زۆری ماوە هیوا و داخوازییەکانی کە هیوا و داخوازی گەلی کورد، گەلانی بن دەست و ژنانی ئازارچەشتوون جێبەجێ ببن. ئەمەش ئەرکی مەزن دەخاتە سەر شانی ئێمە و هەموو ئەو کەس و گروپانەی کە دەخوازن خاوەنداری لە هەڤاڵ ڤیان و شەهیدانی کوردستان بکەن. چونکە ئەو کەسانە کەسانێک بوون نەمری و ژیانیان

لەتەمەن درێژیدا نەبینی. هەروەکو خاڵە تاهیر تۆفیق بەدەنگە خۆشەکەی دەڵێ: مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان.. چۆن قازانج دەکەی، تا نەکەی زیان! هەروەها پێشەنگانی (کۆمەڵە)ش لە زیندانەکانی بەعسدا دروشمی (کەم بژی و کەڵ بژی) یان بەرز کردەوە و گیانی خۆیان لەپێناوی گەلدا بەخت کرد. مەزلۆم دۆغان و هەڤاڵەکانیشی لە زیندانەکانی تورکیادا بە دروشمی (بەرخۆدان ژیانە) رووبەڕووی ستەمی دەوڵەتی تورک بوونەوە و ژیانێکی هەتا هەتاییان لەخۆبەختکردندا دەبینیەوە. هەڤاڵ (ڤیان کارۆخ)یش وەکو لە نامەکانیدا باسی کردبوو تەنیا گیانی خۆی شک دەبرد بۆ ئەوەی لەرێگەیەوە پەیامەکانی خۆی بگەیەنێت بەهەڤاڵان، دۆستان و نەیارانیشی. پەیامەکەشی گەیاندە هەموو لایەک.

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

# چەند وتارێک

# سەبارەت بە گیانبازییەکەی شەهیدی پێشەنگ

# ڤیان جاف

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## کرماشان قەت لەبیرت ناکات..

**بێستوون کرماشانی**

ئێمە لەکرماشان "ڤیان سۆران" باش ناناسین..

بەڵام ساڵی ١٩٩٩ کرماشان میوانداری لەهەڤاڵێکی "PKK" دەکرد کە بەڕەچەڵەک خەڵکی باشوور بوو و لەریزی پارتی کرێکارانی کوردستاندا بوو و هاوکات لە کرماشان خەریکی خەبات بوو.. "مەهتاب" ناوێک بوو وڵاتپارێزانی کرماشان بۆیان دانابوو. هەواڵێک لەناکاو لە "رۆژ تی ڤی" بڵاودەبێتەوە و ئێمە دڵمان ئیتر وەختە لەلێدان بکەوێ. گەلۆ ئەم کیژۆڵە کەوا خۆی بۆ رێبەرەکەی دەسووتێنێ "مەهتاب"ی کرماشانە؟ هێشتاش گەڕەکەکانی کرماشان بەتاسەی هاتووچووی هەڤاڵێکەوە ماونەتەوە کەوا رۆژێک ببوو بەپردی پەیوەندی باکوور، باشوور و رۆژهەڵات.. بێستوون هەر بەخۆی دەنازێ و چەندە گەردن فرازبوو بەوەی کەبۆتە هاودەمی ئاگرین، قەندیل و بەمۆ..

ئەو لەیەک کاتدا "ڤیان"ی "PKK" و "مەهتاب"ی کرماشان و "لەیلا"ی سلێمانی بوو و ئێستاش شەهیدی کوردستانە.. شەهید مەهتاب یەکەم کەس بوو ئێمەی لە کرماشانەوە گەیاندە قەندیل و کوردستانی بەئێمە و کرماشان ناساند.. هێور هێور، لەسەرخۆ قسەی دەکرد و ئێمە بەدڵ ئاواتەخواز بووین رۆژێک بەیەکەوە لەگەڵ ویدا لەسەنگەردا دژ بەدوژمن راوەستین.

رۆحێکی زۆر بەرزی ئەویٚ هەتا هەست بەقۆناخەکان بکەیت و بزانیت کە ئێستا وەختی ئەوەیە حەماسەی "زیلان" دووپات بێتەوە و کوردستان و دونیا بهەژێنی..

هەڤاڵ مەهتاب!

ئێمە بەناوی کرماشانەوە بەڵێنت پیٚ دەدەین هەتا دوا هەناسە پابەندی ئامانجەکانت بین و رێگە نادەین دوژمن گوشار بخاتە سەر گەل و داخوازەکانی..

هەڤاڵ مەهتاب!

ئێستا منداڵانی کرماشان و ئیلام و کامێران سروودەکانی تۆیان لەبەرەو بەردەوام هاوار ئەکەن:

نەسرەوتن تا سەرکەوتن

بژی سەرۆک ئاپۆ..

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

## باهەستەکانی شەهید "ڤیان" نموونەی ژیانمان بێت

### سۆزان شەمسوڵڵا

**"ئەگەر چەمکی راستی مێژوویمان لەگەڵ بەرزترین ئاستی زانین ئاوێتە نەکەین، ئەوا ناتوانین بەشێوەیەکی لێهاتووانە هێزی تێگەیشتن و شێوازی ئاواکردنمان دەستنیشان بکەین، دەبێ وەکو راستینەیەکی بنچینەیی تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی، دەرک بەوە بکەین کە تیۆرییەک ئاسۆی زانینی توانستی هەموو سیستەمەکان وەرنەگرێت، ئەوا ناتەواوە و لەناو ئاسۆی تیۆرییە دژەکاندا دەتوێتەوە"**

**عەبدوڵڵا ئۆجەلان**

شتێک کە کۆمەڵناسی لەبیری کردووە و یان باسی نەکردووە و زۆر بەبچووکی بینیوە کۆمەڵگای سرووشتییە، ئەم کۆمەڵگایەش ناوەناوە و هەتا ئێستاش خۆی نیشان دەدات، یەکێک لەخەسڵەتە هەرە گرنگەکانی ئەم کۆمەڵگایەش، هەماهەنگی نێوان کات و هەست و توورەیی و تام و چێژە، لەکۆمەڵگا و سرووشتدا ئەو هاماهەنگییە پرەنسیپێکی ژیانە، لە سروشت و بیرکردنەوە و کار و کردەوەی مرۆڤدا رەنگ دەداتەوە.

بۆ ئەوەی مرۆڤی ئێستا بگات بەو هەماهەنگیە، پێویستی بەقووڵبوونەوە و کاتێکی گونجاو هەیە، ئەو گرێبەستانەی نێوان مرۆڤەکانیش کە لەرۆژگاری ئەمرۆماندا گەیشتۆتە لووتکە،

هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەگەیشتنی بەو هەماهەنگییە. مرۆڤ پارچەیەکی سرووشتە، وەکو هەر گیانلەبەرێک دارێک، بەردێک، ئاو و هەوا.. دانەبڕاوە، هەر کاتێکیش خۆی لەوە جیاکردەوە، ئەوا شێواندنی ئەو هاماهەنگییەیە و دەبێتە هۆی تووڕەبوونی سرووشت.

شەهید "ڤیان" لەنامەکەیدا باس لەدڵی خۆی دەکات و دەڵێ "دڵم وەک بورکان دەکوڵێ و لەهەلێک دەگەڕێ بۆ تەقاندن، داری میوەش هەتا پێنەگات و کاتی نەیەت خۆی لەلقی دارەکانی جیاناکاتەوە، ئەوەندە بەدارەکەوە دەمێنێ کە پێویستە، بورکانیش بەهەمان شێوەیە، دار میوە، چۆن نەرم و نیانی و جوانی خۆی دەبەخشێ خۆی دەکاتە سێوێ یان دەنکە هەنارێ و پاداشتی چاکەی مرۆڤەکان دەداتەوە، ئەوا بورکانیش کە وەختی هات دەزانێ چۆن و لەکوێ تووڕەیی خۆی نیشان بدات و سزای مرۆڤە بێ وەفا و ئەهریمەن ئاساکان بداتەوە."

سوڕی ژیانی شەهید "ڤیان" بریتیە لەو هەماهەنگییە و لەکەسایەتی خۆیدا هەر یەک، بەپێی پێویستی خۆی واتە "کات و هەست و تووڕەیی و تام و چێژ" بەشی خۆی وەردەگرێت و دەبێتە واتای ژیانێکی سروشتی. ژیانی راستەقینەش تەنها بەڕێوەچوون نییە، بەڵکو بەڕێوەچوونێکی واتاداری خێرایە، هیچ هێزێک ناتوانێت لەواتاکەی کەم بکاتەوە. چونکە واتاکان لەکاتی خۆیدا دەبێت. لە کەسایەتی شەهید "ڤیان"دا کاتی چالاکییەکە پێش ١٥ ی شوباتە، ئەو رۆژەش دەستگیرکردنی گەورەترین بیرمەندی سەدەی بیست و یەکەمە، کەگرتنەکەی پێ دەنێتە هەشتەمینساڵی خۆیەوە، ئیتر کەمیوە پێدەگات و تام و چێژی خۆی دەدات، لەم نموونەیەدا "کات و تام و چێژ" کە بەخۆی



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

دەرکی پێکردووە و لەوپەڕی ئاستی وشیاری دایە، ئیدی دەبێتە بەرهەم هەر وەکو خۆی دەڵێت؛ "ببمە بەرهەمێک و هیوایەک بدەمە گەلە ستەمدیدەکەم و خەیاڵە خنکێنراوەکانی منداڵان و کەمێکیش بێت ببمە وزەیەک بۆ پێشخستنی خولیای ئازادی ژنە ئازارچەشتووەکان، لەهەمووشی گرنگتر ببمە مۆمێک لەنێو مۆمە گەشەکانی دەوروبەری دورگەی ئیمرالی."

بورکانیش یەکێکە لەدیاردەکانی سرووشت، پێش تەقینەوەکەی کات و هۆکار هەن، هەماهەنگی پێوانەکانی سرووشت، کە دەگەنە قۆناخی تێکچوون، ئیتر هیچ شتێک ناتوانێت ڕێگە لەتەقینەوەکەی بگرێت و شیمانەی ئەنجامەکانی بکات، شەهید "ڤیان" دەڵێت: " کاتی ئەوەش هاتووە سزای دەوڵەت و دەسەڵاتە گەندەڵەکان و پیاوە زۆردار و درۆزانەکانیش بدەمەوە، بورکان ئاسا کین و نەفرینی نێو دڵی خۆم دەتەقێنم، لەدڵی مندا دوایین هەڵقەی ئاگرینی ئازادی بڵێسە لێ دەدات، ئاگری سەما و سەردار ئاسا لەلاشەی منیشدا گەشتر دەبێ و نایەڵم ئۆجاخی وارگەی ئاپۆکەمان سارد بێتەوە، لە ناوەڕاستی سەختی زستاندا بەتینی ئاگری لەشم دەمەوێ پەیامی ئازادی بدەم بانگی منیش بانگی پاراستنی سەرۆک ئاپۆ و بڵنکردنی چالاکی و تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن. کۆمەڵناس یان سۆسیۆلۆگ ناتوانێت دەرک بەو راستییە بکات و ئەو پێوانە ببینێت و لێکۆڵینەوەی راست بۆ کۆمەڵگا بکات.

گەلی کوردیش، پارچەیەکی هەرە دێرینی کۆمەڵگای سرووشتییە، بەچالاکییەکانی خۆی هێندەیتر سرووشتی جوانکردووە نموونەکانی خۆی بەتابلۆی هەرە قەشەنگ پێشکەش دەکات، کەسایەتی و نامەکەی هەڤاڵ "ڤیان" هەڵوێستی

گەوهەری ژنی کوردە، کە میراسەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای سرووشتی، وەکو چۆن بوڕکان دەرئەنجامی کاریگەرییەکی سرووشتیە، هەڵوێستەکەی شەهید "ڤیان"یش دەرئەنجامی سرووشتی کۆمەڵگای سرووشتییە بەگشتی و ژنی کوردە بەتایبەتی، لەبەرامبەر ئەو ناهاوسەنگییەی ژیان و چەوسانەوەی ژن و خەیاڵە ناسکەکانی منداڵان.

ئاستی چالاکی و هەستیاری ژیانی بەرپرسیارێتی پێشەنگی شەهید "ڤیان" وەڵامی چەوسانەوەی سەر ژنان و خەیاڵە ناسکەکانی منداڵانە، زەنگێکە بەردەوام لەگوێمان دەزرینگێتەوە ئاگادارمان دەکاتەوە و داوەتی هەستیاریمان دەکات، بۆ ژیانێکی سەربەرزی.

*کۆمەڵگای سروشتی = کۆمەڵگا بەراییەکانی مرۆڤە، لەئەدەبیاتی گەلاندا بەکۆمۆنی سەرەتایی ناو دەبرێت. کە مرۆڤ و سرووشت بەشێوەیەکی کارا یەکیدیان تەواو کردووە.

**سەرچاوە/ نامەی یەکەمی شەهید "ڤیان"

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

# ئایا ببین یان نەبین؟

"من هەم یان ؟ ئەمەیە کێشەکە"

**شکسپیر**

**ستار محەمەد قادر**

بۆ ئەو کچەی کە:

لەچەمکی ئازادی و چییەتی ژیان گەیشت؛ بۆیە بڕیاریدا لەنیوە شەوێکی تاریکی زستاندا، لەنێو چیا سەرکەشەکانی کوردستان، بەجەستەی گڕگرتووی خۆی، تاریکی شەو بدڕێ و ببێت بەپەیامێک بۆ جیهان بەگشتی و سەرجەم مرۆڤایەتی بەتایبەتی!

بۆ ئەو جیهانەی کە لە نێو تاریکایی سەرمایەگوزاریدا ڕووناکیەکانی خەفە کراوە! جیهانێک کە تەنانەت خودی "مرۆڤ"یشی تیایدا کراوە بە کاڵا و گاڵتە بەچارەنووسی میللەتانیشەوە دەکرێت. بەڵێ مرۆڤێک لەهەزارەی سێهەمدا بەجەستەی خۆی گوزارشت لەئازادی دەکات و دەبێت بەهێمایەک بۆ هەموو گەلانی چەوساوە و ئازادیخواز.

ئاشکرایە چەمکی بوون بەمانای بوونێکی بێ ناوەڕۆک و نا ئەکتیڤ و پاسیڤ نییە، بەڵکو نەبوونێکی ئاکتیڤانە مانا زیاتر بە ژیان "بوون" دەبەخشێت.

گومانیشی تێدا نییە، لەدایک بوون و مردن، سرووشتی ژیانە؛ بۆیە نە هەموو مرۆڤێک دەبێت و نە هەموو مرۆڤێکیش دەمرێت!

ئەو کەسانەیش کە بەشوێن ژیانێکی سەربەستانە و ئازادانەدا دەگەڕێن و دەیانەوێت کۆتی دیلێتی و دووفاقی بشکێنن؛ ئامادەن رووبەڕووی مەرگیش ببنەوە.

تێگەیشتن و پێگەیشتنی مرۆڤیش لەمانا و مەدلولی چەمکی ژیان و چییەتی ئازادی، کارێکی سانایە، بەمەرجێ هەریەکێ لەئێمە بتوانێت دەستبەرداری نەخۆشیە کوشندەکەی "الانا" بێت!

ئەگەریش سەرجەم مرۆڤایەتی، بەسەرجەم ئایدیا و ئایدیۆلۆژیاکانەوە بەچاوی مرۆڤایەتییەوە لەدەرەوەی بازنەی خۆیانیان بڕوانیایە! ئەوکاتە بواریان نەدەدا بەهیچ بیروباوەڕێک یان ئایدیۆلۆژیایەکی کە لە مرۆڤایەتیان بخات!

مەرگیش بەتەنها چەمکی مردن نابەخشێت، بەڵکو دیلێتی و قەبووڵکردنی سیستەمی چەوساندنەوە لەمردن زیاتر دەمانسڕێتەوە؛ چونکە بوار نادات هەست بەبوونی خۆمان بکەین.

هەرچەندە مرۆڤ لەسەرەتای ئافەریدە بووینەوە پیرۆزی پێ بەخشرا، لێ لەبەرایی دروستبوونی حەز و چەمکی دەسەڵاتەوە، بەبەردەوامی لەهەوڵی لەباربردنی ئەو پیرۆزییەدا بووە!

بەڵێ خانمە شۆڕشگێڕەکەم:

لەنێو ئێمەدا وا باوە کە نامە ئاراستەی کەسی زیندوو بکەین، هەرچەندە تۆ "نەمریت"، بەهەڵوێستت ئەو راستیەت سەلماند، تۆ ئەو هاوکێشەت گۆڕی، بەنامەکانت زۆرێک لەئێمەت هێنایە ئاخافتن. راستە ئەوڕۆ بەجەستە نووستویت، بەڵام بەڕۆحی بەرزەفڕت، لەگەڵ هەر یەکێکی لەئێمە، بۆیە پێویستە ئەو رۆحە بڕوێنین!

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

بەڵێ لەپاش بیستنی هەواڵی سەفەری ئەبەدی تۆی خۆنەویست، لەزاری هەڤاڵێکتەوە، بینیم چەند بەحەسرەتەوە باسی ئەو رۆژانەی دەکرد کەتۆی قارەمانی ناسیبوو. چەند بەزەحمەت دەیتوانی گوزارشت لەهەڵوێست و ئاکار و رەفتارت بکات، لەنێو دنیایەک حوزن و ماتەمدا، نامەکانی تۆی ئاراستەم کرد و هاتە ئاخاوتن کە: ناتوانێت بییان خوێنێتەوە، ئەوکاتە بۆم روون بووەوە کەچی پانتاییەکت لەنێو دڵی هەڤاڵەکانتدا داگیرکردووە و چەند کاریگەریت هەبووە لەسەر هاوسەنگەرانت. کە نامەکانتیان بەئەمانەتەوە پێبەخشیم، پاش خوێندنەوەیان زیاتر راستییەکانم بۆ ئاشکرا بوو کە: پەیامی چی مرۆڤێکی مەزن و ئافرەتێکی قارەمان بە من بەخشراوە. مرۆڤێک کە خۆنەویستی بۆ خۆی هەڵبژاردبێ و خۆشەویستیش بۆ گەل و خاکەکەی. لەراستیدا سەیرە! لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا وا باوە کە بەتەنها ساوا لەپاش ئافرەتان بەجێ دەمێنن، بەڵام تۆ لەسەفەری ئەبەدیتدا کۆرپەڵنامەت وەکو پەیامێک بۆ نەتەوەیەک بەجێهێشت؛ کۆرپەڵنامەیەک کەگوزارشت لەخۆشەویستییەکی ئەبەدی و ئەشقێکی خاوێن دەکات. بەڵێ تۆیش هەروەکو بۆچوونەکانی سوقرات ئەو رێگایەت هەڵبژارد کە: ببیتە قوربانی! ئەوەیش لەلاوازیەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لەبەهێزیەوە و هەروەکو لەنامەکەیشتدا ئاماژە بەو نهێنییە دەکەیت و داوا دەکەیت کە "زویر مەبن و زەماوەند بگێڕن، چونکە دەزانن منیش حەزم لە زەماوەندە کاتێ هەڵدەپەڕم وادەزانم لەوکاتەدا باڵدەگرم و دەفرم. دەڵێم منیش وەک رۆڵەیەکی دایکە سروشت و پارچەیەکی بچووکی گەردوون دەبێ یاسای ژیانێکی شەرەفمەندانە پەیڕەو بکەم و واتایەک بدەمە سووڕی ژیانم.

ئیدی دڵنیام منیش وەکو داری میوەیەک کاتی ئەوە هاتووە بەرهەمێک بدەمە گەلە ستەمدیدەکەم و ببمە هیوایەک بۆ خەیاڵە خنکێنراو و دەستڕێژکراوەکانی منداڵان" بەڵێ هەروەکو شاعیری گەورەی ئینگلیزی "شیلی" دەڵێت:" گەورەترین نهێنییەکانی ئەخلاق لەخۆشەویستیدا خۆی حەشار داوە".

بەڵێ خۆشەویستی تۆیش بۆ گەل و خاکەکەت، لەرەوشت و هەڵوێست و بیرکردنەوەکانتدا ئاشکرا دەکەن و تا لەکۆتاییشدا ئەو راستیە دەسەلمێنیت.

باوەڕبوون بەئازادی و مسۆگەرکردنی لەکاتێکدا کە دەنووسیت: "لەنێو شۆڕشدا گەورەترین چالاکی خودی "سۆزە"(گوتنە) بەڵام کاتێ گوتنیش واتای خۆی ون کرد، بزانن غەفڵەت هەیە، بێ ویژدانی هەیە و داڕووخانێکی مەعنەوی هەیە". ئاشکرایە چەمکی خیانەت بە مانای وشە، بابەتێکە هەمیشە لەنێو خودی بزووتنەوەکاندا بوونی هەیە، بۆیە ئەم لایەنەیشی فەرامۆش نەکردووە و بەداڕووخانی مەعنەوی ناوی دەبات و باوەڕبوونیشی بەبردنەوەی ئەم شەڕە لەلایەن ئاهورامەزەدا و سەرکەوتنی بەسەر ئەهریمەندا، لایەنی بەهێزی تێڕوانینەکانی دەردەخات لەهەمبەر کێشەی گەلەکەیدا. هەروەکو چۆن زۆر بەجوانی گوزارشت لەویستی دەکات و گرێبەندی هەڵوێستی گەلانیشی دەکات. سەرکەوتن و چارەنووس کوردان و چارەسەرییەکی دەکات بەئامانج و مەرجی ئەو سەرکەوتنەیش دیاریدەکات کە بریتیە لەویستی خۆمان، هەریەکەمان لەلایەن خۆیەوە بەکار و ئەرکی نەتەوایەتی خۆی هەڵبستێ و لەشەڕی پاراستنی خۆی و گەلەکەیدا جێگیربێت. چونکە ئاشکرایە ئازادی لە ئاسمانەوە دانابەزێت و پێویستە ئێمە خۆمان لەهەوڵی



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

بەدەست هێنانیدا بین. هەروەکو چۆن شاعیری گەورەی "تونس" ئەبو قاسم ئەلشابی" لەشیعری "قەدەردا دەڵێت: ئەگەر گەلێک رۆژێک لەرۆژان ویستی بژێت، دەبێت قەدەر مل کەچ بێت، دەبێت تاریکایی برەوێتەوە، دەبێت کۆتیش بشکێت."

هەروەکو ئاوڕدانەوەیشی لەرۆڵی ژن و ژنە چەوساوەکانی میللەتەکەی و گرێبەستی دەستەبەرکردنی مافەکانیان لەنێو ئەم کۆمەڵگایەدا و پێکەوە لکاندنی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و مافی ئافرەتان ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەو راستییە ئاشکرا دەکات کە: ئافرەت سەرچاوە و ئافرێنەری ژیانە؛ بۆیە دەبێت لەنێو خودی ئەو ژیانەدا جێگای رێز و ستایش ببێت و مافەکانیان دەستەبەر بکرێت. چونکە گەر بمانەوێت پێشکەوتن بەرجەستە بکەین، دەبێت کۆمەڵگا بەدووربێت لەهەموو باوکسالارییەک، هەروەکو لەنامەکەیدا ئاماژە بەو لایەنە راستینەی "شێر شێرە چ ژنە چ مێرە" ئاوا بووە. چونکە دان پیانان و بوونی ژن، واتای بەمرۆڤبوونی گەل و کۆمەڵگایە ئاماژە کردنیشی بەسەرکەوتن بۆ شاخ و شاخ وەکو لانکەی شۆڕشگێڕی و پەروەردەکەری مرۆڤی ئازاد، ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە لەنێو خودی شاردا زۆرێک لەستەمکاری بوونی هەیە. هەروەکو ئەفلاتون دەربارەی ستەمکاری دەڵێت:"بەرجەستەبووی بەدترین نەخۆشیەکانی شارە". ئەمانە و زۆر راڤەکردنی بابەتی لەنێو نووسین و زهنیەتی ئەم کچە تێکۆشەرەدا دەردەکەون، هەروەکو چۆن یەکێک لەئاواتەکانی دەخاتە پێش چاوی خوێنەر و دەنووسێت:" هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکم بۆ ئازادی گەلی کورد و ژنی کورد و هەموو هەوڵ و هیوا و ئاواتێکم ئازادی گەلی کوردی هەرچوارپارچە و دیموکراتیزەبوون و ئازادی زهنیەتە لە

باشووری کوردستاندا ". ئینسانیبوون ڕەنگدانەوەیەکی بابەتیانە و واقعیانەی هەیە لەدید و تێڕوانینەکانی بۆ ژیان و چەمکی ئازادی. هەروەکو ئاماژەیش بەگرنگی کات دەکات و لایەنی هەرە گرنگ بەچەمکی خۆشەویستی و ئەشق و کۆنەکردنەوەی لەکەسێکدا، بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی و کردنی مرۆڤ بەچەقی گرنگیدان لەژیاندا، ئەمەیش ئەو قسەی "مارکس" دەسەلمێنێت کە دەڵێت:" ئەگەر بارودۆخ مرۆڤ دروست دەکات، ئەوا دەبێت ئێمە بارودۆخێکی ئینسانی دروست بکەین" هەروەکو "ئەنگلیز"یش ئاماژە بەو ڕاستیە دەکات و دانی پیادا دەنێت کە:" گەرچی ئەخلاق، ئەخلاقی چینایەتییە، بەڵام گەر ئەخلاق توانی بەسەر هەموو ئەخلاقێکی چینایەتیدا سەر بکەوێ، ئەوە پێشکەوتنێکی ڕاستەقینە بەدەست دەهێنێت". ئەمانە و زۆر ڕاستی تر لەم کۆرپەڵنامەیەدا گوزارشت لەدید و خەون و تێڕوانینەکانی ئەم کچە قارەمانەدا خۆیان وێنا دەکەن و ڕاستگۆیانە و ئاشقانە لەگەڵ بیرکردنەوەکانیدا مامەڵە دەکات و لایەنی ئەقڵ و زاڵبوونی بەسەر سۆزدا لەنووسینەکانی بەدەردەکەون. لەڕاستیدا هەرچەندە بنووسین دەڵێم: ئاخ! ڕۆژهەڵاتی نووستوو؛ لەکاتی گڕگرتن و سووتانی خودی جەستەی مرۆڤەکانیشدا، تۆ ڕانابی و نووستوویت و هەر دەنوویت!

*سەرچاوە: ڕۆژی وڵات

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

# شەهید ڤیان بانگمان دەکا لەئازادی بفکرین!

**قادر محەمەد**

شەهید "ڤیان" نموونەی کەسایەتییەکی تێکۆشەری شاری هەڵمەت و قوربانی بوو، ئازادیخوازێکی باشووری کوردستان بوو کە چەندەها ساڵە دوژمنان و دەسەڵاتخوازان دەیانەوێ بەدابڕاوی بیهێڵنەوە لەپارچەکانیتری نیشتمانی کوردان، بۆ ئەوەی لەبێچارەییدا بمێنینەوە بەهاوکاری بەکرێگیراوێتی خۆماڵییەکانی لای خۆشمان، دڵنیا بن ئەم ژنە قارەمانە بەئاگری جەستەی وەڵامی دانەوە، لەنامەکەیدا سەرکردە "ڤیان" بۆ بنەماڵەکەی دەنووسێ و ئەوەمان پێ دەڵێ کە لە باشووردا دابونەریتی دواکەوتووی خێڵەکی کاریگەری دژوار رێ دەکا پێویستی بەگیانفیدایی و خۆبەختکردنی بەردەوامی ئەو تەمە بڕەوێنرێتەوە هەیە. شەهید دەڵێ:"من ئاشقم لەپێناو سەرۆک ئاپۆ و ئەو فکرەیەدا گیانی خۆم بەختکرد بۆ ئەوەی ئێوە و تەواوی گەل بەویژدانەوە تێبگەن". ئەوەی لەمێژە بیرۆکەی باوکسالاری سەریهەڵداوە ئیتر ئەمڕۆ جێی نابێتەوە بەژن بوترێ زەعیفە یا نامووس. فەلسەفەی تێکۆشانمان لەسەر راستینەی "شێر شێرە چ ژنە چ مێرە" ئاوا بووە. ئیتر رۆژی ئەوە تێپەڕیوە کە ژن تێکۆشانی لەدیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەیدا وەک

مرۆڤ بە عەیب و لەکەدارکردنی نامووس ناوزەد بکرێ، داننان بەئیرادەی ژن داننانە بەگەل و کۆمەڵگا. پێچەوانەکەی بێواتاییە.

شەهید "ڤیان جاف" لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا پەیوەندی کردووە بەڕیزەکانی شۆڕشی گەلەکەمانەوە کە بەتەمەنی ٢٤ ساڵی گەیشت گیانی پیرۆزی بەو چالاکییە گیانفیدایە گەیشتە ریزی شەهیدە نەمرەکانمان، تەمەنی کورتی ٩ ساڵ تێکۆشانی بەردەوام بۆتە سەرکردەیەکی "PKK"راستە "ڤیان" بەتوانابوو واتە دەبەخشێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو راستییەش دەسەلمێ کە ژیان لەنێو"PKK" دا ژیانێکی دیموکراسی واتادارە و جێگرە نوێ بوونەوەی بەردەوام مەزنە و دەستاودەستکردنی سەرکردایەتی زۆر ئاساییە جیاواز لەژیانکردن لەنێو پارتە کوردستانییەکانی باشوور هەتا دەمرین دەبێ سەرۆکی پارتی کاکی پاشا بێ و وەک خوا هەر خۆیان تاک و تەنها بن بۆ کەس و هیچ مرۆڤێکی ناو پارتەکەش نییە بتوانی بۆ جارێکیش بێتە سەرکردە و سەرۆکی پارت، ئەگینا تووشی وەی دەبێت و "بڤەیە" ئەو تەمەنە کورتە و ئەو پلە سەرکردەییە ئەوە دەگەیەنێ کە "PKK" خاوەن فکرە و تێکۆشانێکی راستەقینەی لەخودا بەرجەستە کردووە. بۆیە دەڵێم شەهید "ڤیان" بانگمان دەکا لەئازادی بفکرین لە باشوور بەگشتی و بەتایبەت رۆشنبیران بەجورئەت بن هەڵسەنگاندن هەبێ، شەهید "ڤیان" ناچارمان دەکا بەسیاسەتکردنی خۆماندا بچینەوە ئەو سیاسەتکردنە لە باشوور

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

لەرۆژەڤ دایە و هەیە لێکۆڵینەوە بکەین کەمێ ئاورِ لە "فکر" و ڕەوشی سیاسی بدەینەوە، گەرِیدە بین چەق بەستوو نەبین. برِوا بکەن هەموو بەرپرسیارین، پەتی بێ دەنگی با بقرتێ ئەگەر خاوەن ویژدان بین، شەهید "ڤیان" ڕاست دەکا دەڵێ "لەماوەی ٩ ساڵی خەبات رۆژێ لەرۆژان فکری خیانەت و پەشیمانیم ژیان نەکرد و زۆر شت لە"PKK" وە فێر بووم. یەکێ لەو شتە گرنگانە کە فێر بووم خۆشەویستی ڕاستەقینە بۆ دایک و باوک و خوشک و برا و مرۆڤە بەگشتی. من پێم وایە ئێمە بێ بەشین لەو خۆشەویستییە، نابینین زۆرینە خەریکی فریودان و گیرفان پرِکردن و کۆیلە کردنین، شەهید دەڵێ: "دایە، بابە لێرە لەوە تێگەیشتم کە تەنها ئێوە نین بەهەڵە لەمن گەیشتبوون بەڵکو هەڵوێستی ئێوە و ئەو ئەقڵیەتە کۆنە و کێشە سیاسیانە و داب و نەریتی سەدان ساڵە بوو بۆ گۆرِانکاری ئەو دابونەریتە پێویستە بفکرن تێکۆشانی بێ وچانی دەوێ بەتایبەت ژنان، بۆیە دەبێ ڕێبازەکەی "ڤیان" بگرینە بەر کەخۆری سەرکەوتنی لێوە هەڵدێ. شەهید "ڤیان" رەخنەی خۆشی دەکا کە دەرفەتی نەئافراندووە بۆ وتووێژ لەگەڵ کەسوکاریدا. من دەڵێم ژنە قارەمانەکە خەتای تۆ نەبووە، بۆیە دەبێ کەسوکارەکەی شانازی پێوە بکەن کەخاوەنی قارەمانێک بوون، ئەوە نییە پاداشتی بەوە داونەتەوە کە خیانەتی بەخوێنی شەهیدان و گەلەکەی نەکردووە، کە سەربەرزییە بۆ بنەماڵەکەی تا لەژیاندا بن دەبێ شانازی پێوە

بکەن. شەهید "ڤیان" دەڵێ ئەم چالاکییەی من ئەنجامی دەدەم لەپێناو بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی قڕکردنی گەلی کورد و گۆشەگیرکردنی سەرۆک ئاپۆیە" ئەوەمان پێ دەڵێ لەفکری سەرۆک باش گەیشتووە کەمرۆڤایەتی ژێردەستەیی و کۆیلایەتی گەل و ڕەگەزی ژندا چارەسەری راستەقینەی تێدا بەدەستهێناوە، لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا بەکردار ئەنجام دراوە، بۆیە ئەڵێ لەگیانم بە بەهاتر شتێ هەبووایە دەمدا، کەچی لە باشوور پارتیبوون بۆتە بازرگانیکردن. ئەگەر نزیکی پارتێ نەبین نابێ بژین، بۆیە دەڵێم "ڤیان" نەمردووە، ئێمە مردووین ئەو ستەمەی لەم کوردستانەدا دەکرێ هەر قبوڵمانە.

شاعیر دەڵێ:" میللەتی کورد لەخەو هەستن درەنگە خەو زەرەرتانە" ئێمە لەخەوێکی خۆشداین دەڵێن ئەقڵمان لەچاومان دایە، ببینن ئەو چالاکییە مەزنە بەهۆشمان بهێنێتەوە بەدوای فکری مەزندا بگەڕێین و بۆ ئەوەی ببینە کوردێکی بەئیرادە و کۆت و بەندی کۆیلایەتی بپسێنین وەدوی ئازادی بفکرین.

*سەرچاوە: ڕۆژی وڵات

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

## ڤیانی ژن و گەریلا و فەرماندە

### نۆژین کەرکوکی

لەمێژووی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورددا، لەسەدەکانی رابردوو تاوەکو ئێستا، هیچ بزوتنەوە و پارت و حەرەکەتێک نەیتوانیوە (ژن) شانبەشانی پیاوان والێبکات و بجولێنێ بەوەی هەست بەکەسایەتی خۆی بکات و وەکو مرۆڤێک لەبوونی خۆی و گەل و کاریگەری نێو کۆمەڵگا بڕوانێت.. باس لەوە ناکەم تاکە تاکە و لێرە و لەوێ ژنانێک هەبووبن شوێن دەستیان دیاربێت لەنێو کێشەی ژن و گەلەکەیاندا.. شۆڕشەکانی جیهانیش ئەوەیان سەلماندووە لەخەبات و بەرخودانەدا ژنان هاوشانی پیاوان تێکۆشاون و کاریگەریان هەبووە لەسەرکەوتن و درێژەکێشانی.. لەناو گەلی کوردیشدا تاکە بزوتنەوە توانیبێتی ژن پەروەردە بکات و وایڕابێنێت بەدوای ئازادی خۆی و میللەتەکەیدا بگەڕێت و خەباتی بۆ بکات، تەنها (پارتی کرێکارانی کوردستان) بووە، کە بووەتە قوتابخانە و فێرگەی تێکۆشان و خەباتی ژنان و کچان، کە تا هەنووکەش بەردەوامە و درێژەی هەیە و دڵنیاشم ناسرەون تاسەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەستدەهێنن.. زۆر گرنگ و جێگەی سەرسوڕمانی زۆرێکە، لەهەلومەرجی ئێستای کوردستاندا بەتایبەتی و بەبەراورد لەگەڵ ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی ئەمڕۆی گۆڕەپانی باشووری کوردستان و جیهان بەگشتی، کەسێک هەبێت ئەوەندە بڕوای تۆکمە و پتەوبێت بەبیروباوەڕ و پارت و سەرکردە و مافەڕەواکانی گەلەکەی،

خۆی بەدەستی خۆی، خۆی بکاتە قوربانی و شەوەزەنگی داگیرکاری بەئاگری جەستەی رووناک بکاتەوە و کارێک بکات تا هەتایە لەویژدانی تێکۆشەراندا بەزیندوویی بمێنێتەوە و باسبکرێت.

هەڤاڵ "ڤیان" ئەو تێکۆشەرەی بەیادەوەریە تاڵەکانی گووت (نا) بۆ ئەوەی جارێکی دی ئازار بخەنە نێو دڵ و دەروونمانەوە، ئەو کچەی بەسەر بڵندی چەکی شەرەفی کردە شان و دڵسۆزانەش بۆ ژیان خۆی کردە قوربانی، کە دەبێ گەلی کورد لەهەر جێیەکی جیهاندان شانازی پێوە بکەن و دەبێت ئەو بڕوایەیان لا دروستبێت کە ئێمەی کورد تا خاوەنی ڤیان و ڤیان ئاساکان و بیروباوەڕیان بین قەت مومکین نییە سەرنەکەوین و سەربەرز و شەرەفمەند نەژین، بێگومان ئازادی یەکجارەکی و سەربەخۆیی کوردستانیش لەبیروباوەڕ و لولەی چەکی هەڤاڵەکانییەوە دەستەبەردەبێت، مەشخەڵی جەستەی "ڤیان" دوژمنان و ناحەزانی ئەم گەلەی هێنایە لەرزین، دەبێ نەیارانی کورد باش بزانن هەر هاوڕێ و هاوسەنگەرێکی هەڤاڵ "ڤیان" ڤیانێکە و بورکانێکە بۆ گیانی ئەوان..

شەرمەزاری بۆ دوژمنان و ئەوانەی دوژمن ئاسا لەخەباتی رەوای گەلەکەیان دەڕوانن و رێگری دەکەن..

سڵاو و درووود بۆ گیان و روحیانەتی فەرماندە و کادیری ژن، هەڤاڵ "ڤیان".. سەرکەوتوو بێت خەباتی رەوای گەلەکەمان.

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

## کچە فریادڕەس

## - ١ -

## پەیامێک بۆ ١٥ ی شوبات

**ئامانج گەرمیانی**

چەندین جار نامە مێژوویی و کەم وێنەکەی هەڤاڵ "ڤیان"م خوێندەوە، بێگومان شتی زۆر جددی تێدایە و مرۆڤ لەتوانایدا نییە، زووبەزوو پەیان پێ بەرێت، وەکو تێگەیشتن لەو دوو نموونەیەی کە لەپێشەکی نامەکەدا باسیان لێوە دەکات، یان کاتێک واتای وشە نامێنێت، ئەوا سەرەی چالاکی دێت یاخود کە دەڵێت: دەمەوێت وشەکانم قازانج بکەمەوە! هەروها زۆر شتیتر. بەڵام لەو جێگەیەی کە دەڵێت "ناتوانم پێبنێمە نێو هەشتەمین ساڵیادی پیلانگێڕی ١٥ی شوباتەوە"، زۆر سەرنجڕاکێشە و لەم چەند رۆژەی دواییەدا مرۆڤ دەتوانێت واتای خۆی بداتێ، دیارە ئەم کچە گەریلایە خاوەنی هەستێکی زۆر بەهێزە، لەبەرئەوەی مانگێک پێش ١٥ی شوبات دەڵێت:" هەشتەمین ساڵیادی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی لەسەر سەرۆک ئاپۆ پێم هەزم ناکرێت و لە ئێستاوە بورکانێک لەناخم دایە و دەیەوێت بتەقێتەوە"، ئەمەش پرسیارێک دەوروژێنێ، ئەویش ئەوەیە بۆ ئەم ١٥ی شوباتە هێندە نارەحەتی دەکات هەتاکو ئاستی بەبورکانیبوونی و ئامادەبوونیش بۆ سزادانی پیلانگێڕانی دەبات.

لێرەدا هێزی شیکردنەوە و پێشینی بۆ ئاراستەی دوا پێشهاتەکان نەک هەر بەهێزە و بابەتیانە بووە، بەڵکو ئەمرۆکە

دەرک بەراستینەی پێشبینیەکانی ئەم هەڤاڵە دەکرێت، چونکە ماوەیەکە تەجرید لەسەر بەڕێز "ئۆج ئالان" توندتر دەکرێت و باری تەندروستیشی خراپتر بووە، دیارە شیکردنەوە سیاسیەکانی "ڤیان"ی فەرماندە زۆر بابەتیانە و لەجێی خۆیدا بووە، شتی هەرە گرنگیش بۆ کەسێکی سیاسی یان سەربازی بتوانێت ئاراستەی رووداو و گۆڕانکارییەکان بخوێنێتەوە.

دوای پەیبردن بەرەهەندی گۆڕانکاری و رووداوەکان، دەبێت مرۆڤ خۆی ئامادە بکات و هەڵوێستێک بنوێنێ و لەئاستێکدا بێت کە بتوانێت ببێتە وەڵام بۆ ئەو قۆناخەی کەتێیدا بزاوتن دەکات، لێرەشدا "ڤیان"ی سەرکردە وانەیەکی مێژوویی لەم بارەیەوە داینێ و مۆرکی خۆی لەم قۆناخەدا و هەموو کەسیشی ئاگادار کردەوە لەبارەی حەساسیەتی قۆناخی ئەمرۆکە. بۆیە پێویستی بەبرەودان بەچالاکی و خاوەنداریێتیکردن لەبەڕێز "عەبدوڵڵا ئۆجەلان" و بەشداربوون لەریفراندۆمی پەسندکردنی بەئیرادەی سیاسی و برەودان بەتێکۆشان و چالاکی لەپێناوی ئازادکردنیدا، بەئەرکێکی هەنووکەیی و هەمیشەیی هەموو کوردێک دەبینێت، هەربۆیەش بانگەوازی هەڤاڵانی دەکات کە بکەونە خۆ و کەموکورتییەکانیان دەرباز بکەن و ئەرکی پێشەنگایەتیکردنی گەل بەباشی جێبەجێ بکەن.

شتی هەرە گرنگ لێرەدا تێگەیشتنە لەبانگەوازی و پەیامەکانی کە لەنامەکەی ئەم کچە سەرکردەیەدا هاتووە، بەتایبەتی ئەو پەیامەی کە سەبارەت بە ١٥ی شوباتە، بەتایبەتی کاتێک دەڵێت:" سەرۆک ئاپۆ ئەمانەتی مرۆڤایەتی و مێژووە، ئازادکردنی و پاراستیشی زۆر زەحمەتە"، ئەمەش خۆی لەخۆیدا



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

بانگەوازییەکە بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی کوردستان زێدەتر ڕابکێشێتە سەر ئەو تەجریدەی کە بەسەر بەڕێز ئۆجەلاندا سەپێنراوە و داواشمان لێدەکات وەکو کورد پێویستە بەئەرکی سەرشانمان لەم قۆناخەدا بەباشی ڕاپەڕێنین، بەتایبەتی پێویستە هەشتەمین ساڵیادی ١٥ی شوبات بەتوندی مەحکوم و شەرمەزار بکەین و جۆرەها چالاکیش لەم ڕووەوە ئەنجام بدەیەن لەئاستێکی بەرزدا خاوەنداریێتی لەسەرۆک ئاپۆ بکەین و تەکان بەحەملەی ئیمزا کۆکردنەوە بدەین و تا ئازادکردنی سەرۆک ئاپۆش پێویستە هەموو ڕۆژێکمان بەرۆح و گەرمبوونی ١٥ی شوباتەوە بەڕێکەین، ئەمەش جێبەجێکردنی یەکێک لەئەرکە هەنووکەییە نەتەەییەکانمانە و پەیامێکی وا بەنەیارانمان بدەین کە سەرۆک ئیرادەی ئازادیخوازی گەلە و گەلیش ژیانێکی بێ سەرۆک پەسەند ناکات و مەحاڵە لەیەک جودا بکرێنەوە.

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## کچە فریادڕەس

## ـ ٢ ـ

## (١٥) ی شوبات ئەهریمەنەکان سزا دەدەم

**ئامانج گەرمیانی**

کچە فەرماندە "هەڤاڵ ڤیان" لەدەروازەی نامەکەیدا دەڵێت "(١٥)ی شوباتی ئەمساڵ دەکەمە رۆژی سزادانی دەوڵەت و دەسەڵاتی گەندەڵ و پیاوە زۆردار و درۆزنەکان" بۆیە بەپێویستی دەبینم، هەندێ لەو هۆکارانە بدوێم و پەی بەو ناعەدالەتی و زوڵم و زۆرییە بەم کە سیستەم پەیڕەوی دەکات و "ڤیان"ی سەرکردەش خۆی بەیەکێک لەشەهیدەکانی مێژوو لەم رووەوە دادەنێت.

یەکەم: ڤیانی گەریلا وەکو مرۆڤێک گەیشتۆتە ئاستێک کە دەتوانێت دەرک بەو راستییە بکات کە زیهنییەتی دەسەڵاتگەرایی و دەوڵەت کە بەرهەمی کۆمەڵگای چینایەتین، بەدرێژایی مێژوو چ تاوانێکیان دەرهەق بەمرۆڤایەتی و کۆمەڵگا ئەنجامداوە و ئەمڕۆکە هەستی بەوەکردووە، کە سیستەم مرۆڤی لەبەها پیرۆزەکان داماڵیوە و کۆمەڵگاشی خستۆتە چ دۆخێکی نالەبارەوە، تەنانەت لەنامەکەدا دەڵێت چیتر هەموو شتێک، مێژوو، پیرۆزی، بەهاکان . . . هتد بەخراپترین شێوە هەڕاج دەکرێن، ئەمەش بەرەوشێکی ترسناک دادەنێت و لەکەسێتی خۆیدا ئێش و ئازارەکانی دەکێشێ و هەوڵدەدات چارەسەرێکی بۆ بببینێتەوە.

دووەم: وەکو کوردێک، هەست بەئێش و ئازارەکانی گەلەکەی دەکات و دیارە لەناخیدا زۆر ناڕەحەتە، بەتایبەتی کاتێک دەڵێت :" لەپێش چاومان مێشک و دڵ و لەشی گەلەکەم دەخۆن". بێگومان لێرەشدا مەبەستی ئەو زوڵم و زۆرییەیە کە سیستەمی باڵادەست دژ بەگەلەکەی بەڕێوەی دەبات، ئەمە لەکاتێکدا گەلی کورد زۆر خزمەتی بەرچاوی مرۆڤایەتی کردووە و خاوەنی رۆڵی جددیش بووە لەپێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، کەچی سیستەمی باڵادەست، گەلی کوردی خستۆتە دۆخێکی ناشایستە و دەرفەتی خۆ گوزارشتکردنیشی نادات، ئەمە بۆ کوردێک جێی پرسیار و نەفرەتکردن و تەنانەت بوونە بورکانیش نییە؟!.

سێیەم: وەکو ژنێک، کەوتبووە قووڵایی ئەو زوڵم و زۆرییەی کە سیستەمی پیاوسالاری لەبەرامبەر رەگەزەکەیدا بەڕێوەی دەبات، لەناوهێنانی ژناندا وەکو مافخوراو و ئازارچەشتوو و چەوسێنراو، ئەم راستییە بەزەقی دەبینرێ، لەمەش گرنگتر دەرکی بەو رەوشە نالەبارەی ژنان کردووە، کە چۆن لەژێر ناوی ئازادی و تاکەکەسیدا کراونەتە کاڵا و بەناشیاوترین شێوەش هەڕاج دەکرێن و بوونەتە هۆیەک بۆ قازانجی زیاتر، هەر بۆ ئەمەیە دەڵێت "بەو حەسرەتەوە بووم کە ئەم چالاکییەم لەیەکێک لەو شوێنانە بووایە کە ژن تێیدا دەخرێت و دەکرێتە مژاری بازرگانی.

چوارەم: لەهەمووشی گرنگتر رەوشی نالەباری رێبەرەکەیەتی "رێبەر ئاپۆ" چونکە لەنامەکەیدا و چەندین جار باس لەو رەوشە دەکات، جارێک دەڵێت: (١٥)ی شوباتی ئەمساڵم پێ هەزم ناکرێت، ناتوانم پێبنێمە هەشتەمینساڵی لەخاچدانی



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

ژنانەوە، یان ئەڵێت مانگێک بۆ (١٥)ی شوبات ماوە، لەناخمدا بورکانێک خۆی مەڵاس داوە و دەیەوێت بتەقێتەوە، لەمانەش خۆی بەقەرزاری ڕێبەرەکەی دەزانێت و دەڵێت: " لەو ڕۆژەوە تۆم ناسیوە هەست بەژیان دەکەم و خۆم ناسیوە و فێربووم کەچۆن بژیم و هەروەها ئاماژە بەئەمەکی ڕێبەرەکەی دەکات و دەڵێت زۆر شیکردنەوە و لێدوان سەبارەت بەژنانی باشووردا، منیش دەمەوێت ببمە وەڵامی ئەو ئەمەک و ماندووبوونەت لەباشووردا، بەتایبەتی کاتێک شۆڕشی باشوورت بەشۆڕشی ژن دانا، ئەگەر هەندێ لەم ڕستە و پەیڤانە ورد ببینەوە، ئەوکاتە دەتوانین بەشێوەیەکی ڕاست لەچالاکییەکەی "ڤیان"ی فەرماندە تێبگەین و واتای خۆی بدەینێ.

بەڕێوەبردنی ئەم هەموو ناکۆکییانە لەیەککاتدا و ئاراستەکردنیان بەجۆرێک کە ورە و مۆڕاڵ بەخشبێت بۆ هاوڕێ و هەڤاڵ و گەلەکەت، تەنیا و تەنیا کەسێتی مەزن و بەتوانای وای دەوێت کە لەکۆمەڵگاکانی ئێمەدا نموونەیان زۆر کەمە، لێرەشدا گەورەیی و لێهاتوویی ئەم کچە گەریلا تێکۆشەرە بەدەردەخات و شایستەی ئەوەشی دەکات وەکو ڕێبەر و وەڵامدەرەوەی ئەم قۆناخە و بزوێنەری گەلێک بۆ ڕابوون و سەرهەڵدان بەناو بکرێت.

سەرچاوە:

*هەفتەنامەی ڕۆژی وڵات

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

# چەپکێک

# لە هۆنراوە بۆ گیانبازێکی ئازادیی

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## سڵاو

**جەلال حوسێن**
**"مامی شەهید ڤیان"**

سڵاو ئەی پێشمەرگە
سڵاو ئەی کچە پێشمەرگە
ئەی مۆم
ئەی مۆمی داگیرساو
سڵاو ئەی گڕ.. گڕێکی جوان
سڵاو ئەی بورکان
ئەی ئازا.. ئەی ژیر
ئەی پاک ئەی چاک ئەی سەرباز
ئەی رۆشنبیر.. نووسەر
سڵاو رۆژنامەنووس
یاخییەکی زۆر بەناموس
سڵاو سەرکەش
خۆ تۆ دەمێکە ئەسووتێی
سەردەمێکە وەک پەروانە لەدەردی ئاگری
سەربەخۆیی خۆت دەگێڕی
چەند ساڵێکە یاخود نیوەی تەمەنی خۆت
وەک ئاسکێکی تینو بەدوای قومێ ئاوی ئازادی رائەکەی
سەردەمێکە وەک پڵنگێکی بریندار
دێیت و دەچی

تۆ دەتەوێ وەکو ئینسان
ئینسانی جوان
بوونی خۆت و نەتەوەکەت بسەلمێنی
گیانی خۆت بۆی دەربهێنی
ئەی بەجەرگ، خۆنەویست
ئەی تەوارە چاوگەشەکە
تۆ ئەی گوڵە رەشپۆشەکە
ئەی قارەمان.
خەونی کچانی کوردستان
پێشرەو.. تیژرەوی شاخەکان
یەکەم هەنگاو.. تۆ قوتابیەکی زیرەک بووی
دووەم هەنگاو.. گوێی ژیر، ژیرانە بەهەست بووی
سێیەم هەنگاو.. تۆی ئازاد و تۆی مافخوراو
تۆی سەرکێش و تۆی ئاگرێکی هەڵگیرساو
ئاگری شۆڕشی ئافرەت لەدژی داو
تۆ وەک سەرکردەیەکی چاک ئەو راستییەت لای من سەلماند.
"کەسێک چاکە خۆی بسووتێ
بەڵام چواردەوری رووناک کات"
دیسان سڵاو
هەزار سڵاو.

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## دوو گوزارەی بچووک
## بۆ گیانبازێکی مەزن

**حەسەن جودی**

ـ ١ـ

گڕستانەو
تۆپەڵ تۆپەڵ
جەستە دەسووتێ
نەفەس نەفەس
چرکە چرکە
گیان دەکڕوزێ
گڕستانەو
لەم وڵاتە خێر لەخۆنەدیوەدا
تەوارێکی بوێر
بەرز دەفڕێ
گڕستانەو
ئەمڕۆ ئاشقانی خۆر و رووناکی
دەستنوێژی ئەشقیان
بەگڕ و کڵپەی ئازادی
دەشۆن.
گڕستانەو ئەمڕۆ
لەحزوری کۆتەڵی سەرکردەیەکی ژن
ژنێکی گیانباز و قارەمان

سەری بەرزی شانازی دادەنوێنین.

ـ٢ـ

ئەی پیرەمێردی شاعیر و دانا
بەبیرت دێ
بەر لەسەدەیەک
بەئەسپایی بەگوێی ئێمەتدا
چرپاند:
"تائێستا رووی نەداوە لەتەئریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە لەسنگی کچان بێ لەهەڵمەتا"؟
دە هەستەو لەنێو گڵکۆ پیرۆزەکەتدا سەربەرز بکەوە
وا لەشارە بێ ئۆقرەکەتدا
لەبەردەم کۆتەڵی کچە گیانبازێکی ئەم شارەدا
لەنێو کەژاوەی سەرکردەیەکی ژندا
سەربەرزانە لەئاسۆ دەڕوانین
سەرفرازانە لەئاڵا شکۆدارەکە دەڕوانین.
دەڕابەو لەکچ و کوڕانی وڵات بڕوانە،
بەبیرت دێ کەپێت گووتین:
"پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لەدڵی میللەتا ئەژین"؟
ئێستا لەبەردەم کۆتەڵێکی ئاگرین داین و سەرکردەیەکی ژن
پەیامی مژدەبەخشی ئازادیمان پێ رادەگەیەنێ.
دەی هەستە ئەی پیرەمێردی سیماسپی
هەستەو گەنج ببۆوە و راپەڕە
وا شار خرۆشاوە و
ژانی لەدایکبوونێکی نوێ دەچێژێ.
چی بێ لەتۆ نهێنی بێ، ئەی پیرەمێردی دنیادیدە



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

وا لەئێلی جاف شەمێکی دیکە
بۆ دێوانەیەکی دیکەی ئازادی
بۆ گەلێکی دێوانە
بۆ خاکێکی بەگڕپۆشراو
بۆ ئاسۆیەکی پڕشنداری ئەبەدی
پەیامی سپێیدەیەکی شەرەفمەند
داهاتوویەکی پڕ لەئازادیمان پێدەبەخشێ.
وانەی ئەڤینێکی نوێ
ئەشقێکی خوداییمان پێدەڵێتەوە.
دە هەستە و باچیدی خەم داتنەگرێ
ئەوە ئێستا
"ڤیان" تەمی خەمەکانی
ئەم وڵاتەی رەواندەوە
"ڤیان" بەرۆح و گیان
لەسەر پێیە و
پێمان دەڵێ:
دەی کوڕگەلینە
دەی کچە تەوارەکانی وڵات
راپەڕن، راپەڕن
وا خەریکە "رەنگی شەبەق شەوق دەداتەوە"
هاکا نەورۆزە و لەپێشوازی
خۆری ئازادی
دایە
لەپێشوازی خۆری ئازادی
دایە.....

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## بیرەوەری

**حەسەن جودی**

ئەی سۆمای نیشتمان
بەبیرت دێ:
کە زارۆ بوویت
بەفر کلوکلو
سینەی پڕ لەماتەمی سلێمانی
دادەپۆشی....؟
تۆی ژیکەڵەش
لە حەوشەی خوێندنگای سەرەتاییدا
پاساری ئاسا
هەڵدەبەزی و دادەبەزی
روو لەئاسمانی شار
کلوو کلووت
دەنۆشی........
کێ دەیزانی ئەو کلووانەش
گڕستانی دڵە بچکۆلەکەت
دانامرکێنن؟
کێ دەیزانی ئەو کلووانەش
داستانی ئەڤینێکی ئاپۆیی
دەنەخشێنن؟
بەبیردێ هەر ئەو رۆژە

بەدەم بزەی پڕلە بەرائەتەوە
هاوڕێ وردیلانەکەت
تۆپەڵ باران دەکرد
ئەویش بەدەم خەندەی بەفرینەوە
تۆی لەبەفر دەسوا
هەر ئەو رۆژە
کە پێڵاوی هاوڕێکەت پسا
جووتە پێڵاوی خۆت
پێبەخشی و بەدەم قاقا و بزەی زیوینەوە
بەپێ خاوسی و بەسەر بەفردا
بەرەو ماڵ کۆڵانە و کۆڵان
شۆڕدەبوونەوە.......
ئەی سۆمای نیشتیمان
کە گەورەبوویت
لەگەڵ تۆشدا
ئەڤین گەورە دەبوو
گڕ گەورە دەبوو
لەگەڵ تۆشدا
هەڤاڵێتی پڕ لە ئەشقت
هەموو نیشتمانی ئەتەنییەوە
ئەمجارەیان
هەر لەسەر زەمینی بەفریندا
لەبری جوتێ پێڵاو
دڵ و رۆح و هەناسەی پڕ لەحەسرەتت
بەخشیە نیشتیمان.



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

# کەڕنەڤاڵی لەیلا والی حوسێن

**حەسەن جودی**

لە شەوێکی کپ کپ، نوتەک نوتەکی
شوباتی شوومدا؛
بێدەنگی هەموو گەردوونی
گەمارۆدا
تاریکی هەموو کائینەکانی
نغرۆ کرد...
زەمەن سەودای سکون بوو
کەس بێدار نەبوو،
چاوی پڕ لەگزنگی لەیلا نەبێ
کەس چاوەڕێ نەبوو،
دڵی پڕ لەگڕی لەیلا نەبێ
ئەوەی دەبیسترا، دەنگی بێدەنگی بوو
ئەوەی دەبینرا، ڕەنگی تاریکی بوو...
بێدەنگی تاریکی لول دەدا و
تاریکی بێدەنگی قوت دەدا...
کێ سەهۆڵبەندانی نێو ئەم تاریکییە
گڕ تێبەردەدا؟
کێ بەستەڵەکی نێو ئەم بێدەنگییە
دادەگیرسێنێ؟

* * *

له شەوێکی کپ کپ، نوتەک نوتەکی
شوباتی شوومدا؛
خشپەی پێی "لەیلا"یەک،
بەسەر سینەی بەفرینی نیشتماندا
سەدا دەدا و
بێدەنگی قاو دەدا...
خەرمانەی نووری "لەیلا"یەک،
بەسەر سیمای ڕەشپۆشی نیشتماندا
گلۆر دەبێ و
دڕ بەتاریکی دەدا
لەیلایەک...گڕکان ئاسا
گڕ لەگڕ بەردەدا
کڵپە لەکڵپە دەسێنێ...
دەبڕوانن؛ لەم کەنیشکە نوورانییە
چۆن عەرشی عەرشداران
دەهەژێنێ؟
چ ئاسمانێک بۆ مەینەتداران
هەڵدەفڕێنێ؟
دەبڕوانن؛ لەم پاکیزە یاخییە
چۆن دەمامکی پیاوانی درۆ
دەسووتێنێ؟
چ نەغمەیێ بۆ ژنانی ئازار چەشتوو
دەخوێنێ؟
* * *
لەشەوێکی کپ کپ، نوتەک نوتەکی



www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

شوباتی شوومدا؛
تەوارێکی زیوین
ئەسمەرێکی خوێن شیرین
لەئاسمانی "حەفتانین"دا
باڵ لێکدەدا و
پڕ بەحەسرەتەوە
هەر لە ئیمرالی
دەڕوانێ...
تەوارە تەوار...
تەوارە و لەمێژساڵە
هەواری ئێلی جافانی جێهێشتووە و
پەڕاگەندەی هۆرەیەکی
مژدەبەخشە و
هەر لەلوتکە
دەڕوانێ...
چ تەوارێکی پڕ لەحەسرەتە، خەڵکینە!!
بۆ ساتێکیش ئۆقرە ناگرێ و
شەم ئاسا
بەدوای سیمای ونبووی
قەومێکی دێوانەدا دەگەڕێ...
ئۆقرە ناگرێ...
تا شوباتی شووم گڕ نەگرێ
ئۆقرە ناگرێ...
تا کپی و نوتەکی زەمەنی بەستەڵەک
دانەگیرسێ...

هەرگیزا و هەرگیز
ئۆقرە ناگرێ...
* * *
لە شەوێکی کپ کپ، نوتەک نوتەکی
شوباتی شوومدا؛
ڕابن، وەرن...
لە لەیلای نیشتمانم بڕوانن
ڕابن، هەستنە سەرپێ و
بەشکۆوە
بەبلێسەی دڵی لەیلای پڕ لەحەسرەتم
دەستنوێژی عەشقێکی زەردەشتی
بگرن...
لەیلایە، لەیلا
لەیلایە و
لەسەر بەرماڵێکی بەفرین
پێشنوێژی مەجنونانی نیشتمان
دەکا و
روو لە ئاتەشگای
ئاهورا
نوێژێکی گڕکانی
تا ئەبەد دەبەستێ...
ئایەتەکانی گڕن
پەیڤەکانی کڵپەن
حەرفەکانی چەخماخەی
شۆڕشێکی ژنن...



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

لەبری نزا،
مارشێک بۆ ئازادی دەچڕێ
لەبری کڕنوش
سەرچۆپی عەشقێکی ئەبەدی
دەگرێ...
لەبری سڵاو و
دوا سڵاو
نیشتمان پڕدەکا
لەنووری زیوین
لە خەندەی شیرین
لە "ڤیان"ی دڵ پڕلە ئەڤین
تا ئەبەدی ئابدین.!!...

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## جەستەیەک لە گڕ

**م/ ماردین**

پێشکەشە بەگیانی هەمیشە زیندووی "ڤیان جاف"

چڵە نێرگزێ
بەگژ ڕەشەبای مەرگا دەچێ و
جیهانی بێ دەنگی دەهەژێنێ
هەناسەیەک پڕ لەخۆزگە و
نیگایەک پڕ لەهیوا
بۆ ئایندەیەکی پرشنگدار
بەرەو ئاسمان تەکانیاندا
دڵێک پڕ لەعەشق و
عەشقێک لەگڕکان
پەروانە ئاسا
کۆتی دیلی شکان
پێنووسێک لەتیشک و
جیهانێک لەورە
لەچاوتروکانێکا
لەئاسۆدا
بوون بەپەلکە زێڕینە
بۆ شەوانی زیندانیان
بۆ ڕزگاری نەتەوەیی
بوو بەگڕ و بوو بە گڕکان.

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

# بۆ ئاشقانی تیشکی خۆر

**کوردۆ شوانی**

ئەی ئاشقانی تیشکی خۆر
هەستنە سەرپێ..
بەئاگابن.
ئەو گێژەڵۆکەی تاوانە
بەرەو وارگەی
مرۆڤایەتی لەرێیە..
بۆ مەنزڵی گزنگی خۆر
هەنگاو ئەنێ..
شەمشەمەکوێرەکانی
شەوەزەنگ..
وا بەنیازن
دڵی خۆر لەلێدان بخەن!
دەیانەوێ
وڵات بکەن بەتاریکستانی بێسنوور
بەخەزانێکی لەناکاو
هەشتا ملیۆن چاو هەڵوەرێ..
گەر دەخوازن
لەشەوی تار دوورکەونەوە و
وڵات هەردەم چراخان بێ..
ئەهریمەنی خواوەندی شەڕ

بۆ ئەبەدی
لەزبڵدانی مێژوودا
لەچاڵ نرێ..
ئەگەر ئێوە ئەتانەوێ
ئەم نیشتمانە هەوارگەی
فریشتەی ئاسوودەیی بێ..
کوردستانی پارچە پارچەو
سوتماک کراو.
زامەکانی هەتوان کرێ..
پەپوولەکان
بەبۆنی گوڵ ئاشنا بن و
بزە و خەندە لەسەر لێوی
منداڵان بێ..
جارێکی دی
بسکی سپی دایکانی کورد
لەقوڕدا دەسکەنە نەکرێ..
رابن گەلۆ
هەموو رابن..
وەک چیاکانی زاگرۆس
دەست لەناودەست
بەگژ هەوری رەشا بچن
نەعرەتەی ئازادی لێدەن
ئەم گەردوونە بلەرزێنن.
ناخی مافپەروەرانی نابینا!
وەکو بورکان بهەژێنن.

www.hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:

باچیدی ستەمکارەکان
غەرقی لیتەی غەفڵەت نەبن.
بابزانن هەڵۆکانی ئەم دەڤەرە
تەوارەکانی ئەم خاکە
ئەشقی رووناکی و ژیانن..
هەناسەیان.
لەگەڵ هەناسەی تیشکی خۆر ئاوێتەیە
کە خۆر ون بێ
لەئاسمانی ئەوانیشدا مەرگبارانە..
زەمەنێکە ئەم نیشتمانە زامدارە
وارگەی گڕ و تۆڵە و مەرگە
مەملەکەتی بەرخۆدانە و سەرهەڵدانە..

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## بۆ شەهید ڤیان جاف

**ئاسۆ تەنیا**

ئەمڕۆ خەیاڵی شیعرەکانم
دەمگرێنن
ئەمڕۆ ئاگر جەستەی
پەپولەی ئاشتی و ئازادی دەسوتێنێت.
ئەمڕۆ ئاسمان قسرە و
هەڵەبجەی فرمێسکم بۆ سازدەکات
ئەمڕۆ گریان دایگرتووم و
فرمێسک دەڕێژێت.
ئەو کچەی
خۆشەویستی ئاشتی و ئازادی بوو
ئەو دارگێلاسەی
لەسەر خاک میوان بوو
ئەو پەپوولەی
لەسەر پەلی گووڵە وەنەوشەیەکدا
سەمای دەکرد
ماڵئاوایی لێکردین
ئاڵای ئاشتی و ئازادی
پێ سپاردین.....

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

# تۆ بورکانێک بووی

**ئیسماعیل کەرکوکی**

وەک خۆت نووسیبووت
تۆ بورکانێک بوویت
دڵت دەکوڵا و قوڵپی دەدا
هەڵوێستت بوو بەجەفا و ئازار بۆ دوژمنانت
بەرووناکی ئاگری جەستەت ڕێبازمانت رووناککردەوە
بەتینی ئاگری جەستەت پیلانی دوژمنانت پووچەڵکردەوە
بەگڕی ئاگری جەستەت مێشکە بەستاوەکانت توانەوە
تۆ بووی بەرەمزێک بۆ کوردستان
تۆ بووی بەهێزێک بۆ ژنی بێ هێز
تۆ بووی بەشادی بۆ منالآن
تۆ بووی بەتیشکێک لەپەنجەرەی مێژوو
تۆ ئازاد بووی ئێمەشت ئازادکرد
تۆ هیوا بووی هیوات بۆ ئێمەش دروستکرد
تۆ ئاوازێک بووی ئێمەتان بەخەبەرکرد
ژیانی تۆ گرنگ بوو بەڵام شەهید بوونت گرنگتر
تۆ بووی بەویژدان بۆ ئێمەی پیاوان
دەزانین تۆ نەمردویتە و قەت نامری
چونکە ئێوە رۆح دەدەن بەژیان
چونکە ئێوە هەست دەبەخشن بەئینسان
تۆ بورکانی وەک خۆت دەڵێی
تۆ ژیانی تۆ ڤیانی تۆ جوانی ئەی هەڤاڵ.

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## تۆ عاشق بووی

## پێشکەشە بەفەرماندە و ژن و مرۆڤ هەڤاڵ(ڤیان)

**نوژین کەرکوکی**

تۆ دڵداری پیاوێک نەبوویت
تا لەرێگەی عەشقتاندا
رۆحی پاکت بەئاگری خۆشەویستی
بسووتێنی.
تۆ عاشقی وڵاتێک بووی
خەونت دەدی
ئاڵای هەبێ
سەرکردەی وەکو ئاپۆ و
سوپای وەکو گەریلا و
سنووری هەبێ.
خۆشەویستی خاک و ئاو و
شاخ و هەرد و
پێشمەرگە بووی
تۆ دڵداری تێکۆشان و
بیر و چەک و
سەرکەوتنی یەکجارەکی
هەر چوار پارچەی
کوردستان بووی.

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

## سووتانی ئەفسانەیەک

پێشکەش بەیادی ڤیانی ئەویندار
کەبیستنی هەواڵی سووتانی کوڵی گریانی هەستانم

**باران**

یەکەم دیدار:
قەرەداخ و وێنەیەکی هەڵپڕووزاو
باران
پێبەپێ
پانایی لێرەواری ئەم دۆزەخەی خووساند.
دوایین دیدار:
هیچ جێیەک و دیمەنێکی پڕ لەئەفسووس
ئاگر
بست بەبستی
جەستەی ئەفسانەیەکی سووتاند.

* * *

ئەشێ ئەمشەو یەخەی کێ بگرم؟!

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:  www.hewalname.com/ku

## تیشـــــکی ژیـــــان

**بۆ هەڤاڵی تێکۆشەر ڤیان سۆران.**
**شنە بێریتان/ نۆروێژ...**

لەوڵاتی بەفر
لەزستانێکی سارد و
لەرۆژێکی بێدەنگ و ئارام،
لەپایزێکی پڕ خەیاڵدا
خەوتبووم.
بێ ئاگابووم
و
خەونم
بە...
ئازادی،
ژیان،
چیا،
گەریلا
و
بەرخودانەوە دەبینی
❊ ❊ ❊
هەر لەم خەوەدابووم و
لەم شەوە تاریکەدا بوو
نوورێک هات و

دونیای شەوی
کردم بەڕۆژ
هەر لەگەڵ ئەم نوورە
بەهاری ژین دەستپێکرد و
لەوڵاتی رۆژ بوو بەئاهەنگ
ئەم جارەشیان پەپوولەیەک
بەرەو ئاسۆ ماڵئاوای لێ کردین
کە ڕابووم
بەم تیشکە و
بەدەنگی سازی دڵ
کەوتمە سەما
بەو پەیامە کە هەڤاڵ پێیدام
بەرەو بەرزی هەڵگورد و زاگرۆس
دەفرم و باڵ لێدەدەم
ئیتر دڵنیام
کە سەردەکەوم
چونکە تیشکی ڤیان
پەیام بوو
بۆ سەرکەوتن
بۆ وڵات و گەل
بۆ ژن و ژیان
دڵ و رۆحیشی
دیاری بوو
بۆ ڕێبەر و
خاک...



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

# چەپکێک لە وێنەکانی

# شەهید ڤیان

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku


PÇDK




ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku










ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku









ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku









ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku









ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku













ئەم كتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی كتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku









ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku





ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku









ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku






PKK
SNAMEYA




ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku










ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku







ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە:  www.hewalname.com/ku